شێبلی ئێلێری

(*Shelby Ellery*)

# سەد ژنی کاریگەر لە مێژوودا

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

یووسف فەقیهی

100 IMPORTANT WOMEN IN HISTORY

Shelby Ellery

لەئەنتەرنێتەوە وەرگیراوە

لە وێبسایتی

100 Most Important Women

of All Time

***حکومەتی هەرێمی کوردستان***

***وەزارەتی ڕۆشنبیری***

***بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان***

- **ناوی کتێب: سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا**
- **نووسەر: شێبلی ئێلێری**
- **وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: یووسف فەقیهی**
- **پیتچنین: چنوور قادری**
- **دیزاینی ناوەڕۆك و بەرگ: زانا کەمال**
- **تیراژ: ١٠٠٠**
- **زنجیرە: ١٦٢**
- **ژمارەی سپاردن (١٨٦) ساڵی (٢٠٠٧)**
- **چاپ:**
- **چاپی یەکەم**

# پێشەکی وەرگێڕ

مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی خاوەن فیکرو تێگەیشتن هەر لە سەرەتاوە بەردەوام لە هەوڵدا بووە بۆ گۆرانکاریو بەرەوپێش هەنگاونان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، رامیاری، زانستی، رۆشنبیری، هونەری، وەرزشیو هتد. بێگومان جیهانی ئەمڕۆ بەو هەموو پێشکەوتنەوە ئاکامی کارو چالاکییەکانی دوێنێیە. گەشەکردن لە هەموو بوارەکاندا پێویستی بە ماندووبوونو وزەیەکی زۆرە کە لە کۆنەوە هەتا ئێستا کەسانێکی زۆر ئەو ئەرکەیان بەجێ گەیاندووە. ئەوان دڵسۆزانە بۆ پێشکەوتنو دابینکردنی ژیانێکی خۆشتر، یان سڕینەوەی ئازارو مەینەتەکان تێکۆشاون. شکی تێدا نییە ئەگەر هەوڵەکانی ئەوان نەبوایە، جیهان هەتا ئەو ئاستە گەشەی نەدەکرد. ئەو کەسانە بەو پەری لە خۆبردوویيو هەست بە بەرپرسایەتییەوە لە بەرانبەر کێشەو گرفتەکاندا راوەستاونو لەو رێگەیەدا تووشی تەنگو چەڵەمەی زۆر بوون، بەڵام دڵسارد نەبوونەتەوە. کەسانێکی زۆریش هەن تەنانەت گیانی خۆیشیان فیدای ئامانجە ئینسانییەکانیان کردووە. باسو لێکۆڵینەوە لە سەر ژیانی ئەو کەسانەو پێداچوونەوە بە هەوڵو تێکۆشانی ئەواندا و تێڕوانین لە کێشەو گرفتەکانی سەردەمی ژیانیان دەتوانێ بۆ





ئێمە ببێتە ئەزموونێکی بەنرخ.

رەنگە زۆربەی ئێمە کەمو زۆر ژیاننامەو بەسەرهاتی ناودارانو ئەو کەسانەی کاریگەرییان لە سەر جیهان یان لە ئاستێکی بەرزدا بە سەر کۆمەڵگاو ولاتەکەی خۆیاندا هەبووە، بزانینو گوێبیستی بوو بێتین، بەڵام ناسینی هەموویان یا خود بەشێکی زۆر لەوان کارێکی ئەستەمە. هەر چەند شتێکی ئاساییە کە هێندێك لەوان شوێنەواریان ئەوەندە بەهێز بووە کە بە گشتی خەڵك دەیان ناسن. لە بەرانبەردا بەشێکیان کاریگەرییان کەمتر دەرکەوتووە، کەواتە سرۆشتییە کەمتر بناسرێن. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی باسە، رەگەزی ئەوانە. بە دڵنیاییەوە زۆربەمان، بەشێکی زۆر لەو ناڤدارانەی جیهان کە دەیان ناسین، پیاون. لەوانەیە بە هۆی پۆزیشنێك کە پیاو لە ڕابردووەوە هەتا ئێستا بوویەتی، لەم بوارەیشدا واتە خزمەت بە کۆمەڵگاو هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵ توانیبێتی رۆڵێکی ئەکتیڤتر بگێڕێت، بەڵام لە بەرچاو نەگرتنی چالاکی ژنان لە سەرجەم ئەو بوارانەدا کە پیاو هەوڵی بۆ داون، چاوپۆشیکردن لە راستییەکانو هەنگاونان بەرەو جیاوازی دانانو نایەکسانییە. لێرەشدا من هەموو پیاوان بە تاوانبار نازانمو لەو باوەڕەدام دەسەڵاتی پیاوانە بە سەر راگەیاندنو میدیاکاندا هۆکاری سەرەکی ئەو کێشەیەن.

خاتوو "شێلبی ئێلێری" (Shelby Ellery) داهێنانێکی بەسوودی کردووە. ئەو بە کۆ کردنەوەی ناوی سەد ژن لە

ماڵپەرێکدا هەوڵی داوە لەو بوارەدا کەلێنێك پڕ بکاتەوە. ناوی ماڵپەرەکەی خاتوو شێلبی، **"سەد ژنی کاریگەر لە مێژوودا یە"**. هەوڵی ئەو بۆ ناساندنی ئەو ژنانەیە کە لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی جیهان لە هەموو بوارەکاندا شوێندانەر بوون. ڕەنگە لە ڕوانگەی ئێمەوە هێندێك لەو ژنانە کە لەم پەرتووکەدا ناویان هاتووە، کاریگەری ئەوتۆیان نەبووبێت، بەڵام ئەوە بۆچوونی دانەری ماڵپەرەکە بەرانبەر بەوانە کە منیش وەك وەرگێڕی ئەو بابەتە بە ئەمانەتەوە پاراستوومەو لە هەموو جۆرە دەستکارییەك لە ژمارەی ناوەکانو نێوەرۆکی باسەکە خۆم پاراستووە. بە باوەری من جگە لە چەند کەسێك کە کاریگەرییەکەیان زۆر جێگای سەرنج نییە. زۆربەی ئەو خانمانە لە ئاستێکی بەرزدا بەرانبەر بە گرفتەکانی سەردەمی ژیانیان هەڵوێستیان گرتووە یان لە داهێنانەکانو گەشەکردنی کۆمەڵگا لە زۆربەی بوارەکاندا ڕۆڵیانگێراوە.

خوێندنەوەی ئەم کتێبە نەك تەنیا بۆ ژنان وەك پێویستییەك بەڵکوو بۆ پیاوانیش بە گرینگ دەزانم. بۆ ئەوەی ئاستی تواناکانی ئەوانیان بۆ دەرکەوێو بێتە سەر ئەو باوەرەی کە یارمەتی ژنان لە گەشەپێدانو بەرەوپێشبردنی جیهاندا نەك هەر کاریگەری هەیە، تەنانەت دەبێ وەك پێویستییەك لە بەرچاو بگیرێت. من بە خوێندنەوەی بەسەرهاتی ئەو ژنانە گەیشتمە ئەو باوەرەی کە هێزی ژنان لە هەموو بوارێکدا نەك کەمتر لە پیاوان





نییە، بەڵکو زۆر جار زیاتر لەوانیشە. ڕەنگە هەر کەسێك ژیاننامەی "هێلێن کلێر"ی خوێندبێتەوە، لە توانای لە ڕادەبەدەری ئەو ژنە سەرسام بووبێت کە هەتا ئێستا وێنەی نە لە نێو ژنانو نە لە نێو پیاواندا نەبووە. دەتوانم ئەو وەك چیایەك لە خۆراگریو کۆڵنەدانو دەریایەك لە سەبرو پشووو درێژی ناو بەرم. کاتێك سەرنج دەدەینە هەوڵو وتەکانی "سۆزان ئانتۆنی" باوەر بە خۆ بوونو هیوا بە سەرکەوتنمان لا درووست دەبێتو هەنگاوەکانمان بۆ بەرەوپێشچوون بە گورتر دەبن. کەم کەس هەیە ناوی "سوقرات"و "پێریلکس" دوو زانانی بواری فەلسەفەی یۆنانی کۆنی نەبیستبێ، بەڵام ناوی "ئسپاسیا" چی؟ ئەو ژنە بیرمەندەی کە "سوقرات" وەك مامۆستای خۆی ناوی بردەوە.

هیوادارم ژنانیش بە خوێندنەوەی ژیاننامەی ئەم ژنانەو تێگەیشتن لە هەوڵو تێکۆشانیانو بەرەنگاری ئەوان بەرانبەر بە کێشەو گرفتەکانی سەردەمی ژیانیانو ململانێیان لەگەڵ دابو نەریتە کۆنو دواکەوتووەکان، بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیانو رزگاری لە هەموو ئەو کەندو کۆسپانەی کە ئازادییەکانیان لێ زەوت دەکەن، زیاتر خۆیان ماندوو کەنو بەگژ هەموو ئەو بیرو باوەرانەدا بچنەوە کە لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا کۆت و بەندیان کردوونو بەربەستن لە گەیشتنیان بە یەکسانیو بەرانبەری لەگەڵ پیاوان. بێگومان ئەرکی ئەوان قورسە، چونکە پێویستە لە

**دوو بەرەدا ململانێ بکەن. لە یەکێکیاندا شان بە شانی پیاوان بۆ گەیشتن بە هەموو مافە ئینسانییەکانیانو دابین کردنی ژیانێکی باشتر بۆ خۆیانو منداڵەکانیانو لەوەی دیکەدا بەرانبەر بە پیاوانو بۆ گەیشتن بە یەکسانیو ئازادیو مافە تایبەتییەکانیان. ژنان دەبێ هەوڵ بدەن لە هەموو بوارەکاندا بەشدار بن بۆ ئەوەی شوێن دەستیان زیاتر دەرکەوێو بە کردەوە لێهاتوویی خۆیان دەر بخەن. دەبێ لە پێشکەوتنی کۆمەڵگادا ڕۆڵ بگێڕن، چونکە هەتا وڵات گەشە نەسێنێ کێشەکانی ئەوان بەرجەستە نابێت.**

**بەو هیوایەی هەم ژنانو هەم پیاوان بە ئاواتو ئامانجەکانیان بگەنو لە سایەی ئازادیو سەربەستیدا بە بیرو ئەندێشەی کراوەوە لە پێناوی سەرخستنی نیشتمان لە هەموو بوارەکاندا تێبکۆشنو لە ئەزموونی گەورە ژنانو گەورە پیاوانی مێژوو کەڵك وەربگرنو دوارۆژێکی گەشاوە دەستەبەر بکەن.**

**یووسف فەقیهی**

**٢٤ /٢٠٠٦/٤**



سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا

# Jane Addams
## جەن ئادامس



جەن ئادامس رۆژی ٦/٩/١٨٦٠ لە شارۆچکەیەکی بچووکی "ئیلینیویس" بەناوی "سیدراڤیل" لە دایك بوو. بنەماڵەکەی بەوەوە خاوەنی هەشت منداڵ بوون. کاتێك تەمەنی تەنیا سێ ساڵ بوو، دایکی کۆچی دوایی کرد. هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە جەن خولیای کاری پزیشکی بێت. بەڵام ئەو نەیتوانی ببێتە پزیشكو خەونەکانی بێنێتە دی، چونکە بەردەوام بەدەم ئازاری پشتو نەخۆشییەوە دەیناڵاندو زۆربەی کاتەکان نەخۆش بوو.

جەن لەساڵی ١٨٧٧ لە خوێندنگایئاییینی ژنانی "روکڤیل" بەشداری کردو ئەوە بووە هۆی ئەوەی توانای خوێندو نووسینو تایبەتمەندیەکانی دواتری ژیانی وەدەست بێنێ. ساڵی ١٨٨١ کاتێك خوێندنی لە خوێندنگا تەواو کرد. لە حاڵێك دا کە تەمەنی تەنیا ٢١ ساڵ بوو هەستی بە نەخۆشیو خەمۆکی کرد مەرگی





باوکیشی خەمو ئازارەکانی زیاتر کرد.

بەدوای مەرگی باوکیدا جەنو پاشماوەی بنەماڵەکەی چوونە "فیلادلفیا" لەوێ جەن چووە کولێژی پزیشکی ژنان، هەتا جارێکی دیکە بۆ وەدیهێنانی خەونەکانی سەردەمی منداڵی هەوڵ بدات. بەڵام دیسان نەخۆش کەوتەوەو بەهۆی تووشبوونی "وێبر"ی برای بە نەخۆشی دەروونییەوە هەستی بە تەواوی بریندار بوو.

جەن هەرگیز نەیتوانی خوێندن تەواو بکات، هەربۆیە لە ساڵی ١٨٨٣ تا ١٨٨٥ لەگەڵ زڕدایکی سەفەری بۆ ئەورووپا کرد. لەساڵی ١٨٨٦ تا ١٨٨٧ لە "بالیتمور" ژیانی بەسەر برد. بەڵام ساڵی ١٨٨٧ بە تەواوی تێنەپەڕی بوو کە لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێکانی چووە ئوروپا، ئەو سەفەرە بووە هۆی گۆڕانی ڕەوتی ژیانی. لە سەفەریدا بۆ شاری لەندەن پایتەختی بریتانیا جەن بوونی ئەو هەموو هەژارییە لەژێر کاریگەری سەنعەتییکردنی بریتانیا تووشی سەرسوڕمان هات. لەوێ چاوی بە شوێنێك کەوت کە بە "هۆڵی تۆنبی" ناویان دەبرد. لەو شوێنە بۆ خوێندنو فێرکردنی کرێکاران کەڵك وەردەگیرا. ئەو شوێنە سەرنجی جەنی بۆ ریفورمی کۆمەڵایەتی راکێشا.

لە گەڕانەوەیدا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، جەن چووە شیکاگۆو هەرلەوێ ماڵێکی بۆ چاودێری کردن لە منداڵانو پێشکەش کردنی یارمەتی پزیشکیو خاوێن کردنەوەی زبڵی سەر شەقامەکان کە دەبوونە هۆی دروست بوونی نەخۆشی دروست

كرد. ئەو شوێنەى كرد بوويەوە بە "خانووى كەپرى" ناوى دەركرد. ئەو كاتەى لە "شيكاگۆ" بوو ئەركى پەروەردەكردن و خوێندن بۆ هەژارانى دەستەبەر كردو بە زۆرى لە كۆڕەكانى كەنيسە، كليپەكانى ژنان و لەنێو خوێندكارانى كولێژدا وتارى دەخوێندەوە .

جەن سالًى ١٨٩٨ بەهۆى وتەكانييەوە لەنێو خەڵكدا ناوبانگى دەكردو لە لايەن هاوڕێيەكى نزيكييەوە بەناوى "چارلز كرەين" كە ئەويش گوێبيستى قسەكانى ببوو پێشنيارى پێكرا لەگەڵ سەرۆك "ويلسيون" (سەرۆك كۆمارى ئەو كات) چاوپێكەوتن بكات. هەرچەند سەرهەڵدانى شەڕى يەكەمى جيهانى گومانى تێدا نەمابوو. بەلاّم ئەو هەولێكى زۆريدا ئەو شەڕە رابگرێ. جەن لە بوارى فيكريشەوە هەولًى ئەداو بووە ئەندامى رەسمى حيزبى پێشكەوتنخواز و يەكيەتى نێونەتەوەيى ژنان بۆ ئاشتى و ئازادى كە لەم دوايانەدا لەسالًى ١٩١٥ بووە سەرۆكى ئەو رێكخراوە لەلايەن خاچى سووريشەوە كارى پێكرا، بەلاّم بەهۆى ئەوەى ئەرتەش بەرێوەبەرى ئەو كارەى لە ئەستۆدا بوو ئەويش پشتگيرى لەشەڕ دەكرد، لە وەرگرتنى ئەو كارە خۆى بوارد.

بۆ كوێ ئەو كارانە وەك يارمەتى بۆ كۆكردنەوەى چەك دواى شەڕى جيهانى يەكەم. دامەزرانى خانووى كەپرى و هەموو ئەو هەولاّنەى ديكەى، لەسالًى ١٩٣١ خەلاّتى ئاشتى نۆبێلى پێبەخشرا. جەن ئادامس لە ٢١ى مانگى ٥ى سالًى ١٩٣٥





كۆچى دوايى كرد. كە رێژەيەكى بەرچاو كتێبى لەسەر، لەش فرۆشى، مافى ژنان، تاوانى تازە پێگەيشتوان و ميلتاريسم نووسى و بۆ وەديهێنانى خەونەكەى كە دڵخۆش كردنى منداڵان بوو زۆرى هەوڵدا.

# Susan B. Anthony
# سۆزان براونلی ئانتونی



SUSAN B. ANTHONY.

سۆزان دەڵێت:" **ژنان نابێ چاوەڕوانی پشتگیری پیاوان بن، بەڵکو دەبێ خۆیان پشتگیری لە خۆیان بکەن.**"

سۆزان براونلی ئانتونی ڕۆژی ١٨٢٠/٢/١٥ لە شارێکی بچووك بەناوی "ئەدەس" لە ئەیالەتی "ماساچوست" لەدایك بوو. سۆزان لەنێو هەشت براو خوشك دا دووهەمین منداڵی خێزانەکەی بوو. ساڵی ١٨٢٧ ماڵیان چووە "باتینڤیل" نیویۆرك‌و جارێکی دیکە لە ساڵی ١٨٤٥ بۆ "ڕوچێستر" کۆچیان کردو لەوێ سەقامگیر بوون. ئانتۆنی لە تەمەنی ١٥ هەتا ٣٠ ساڵی لە خوێندنگای شەوو ڕۆژی بەشداری دەکرد. هەر لەو کاتەدا لێهاتوویی خۆی دەرخست‌و ڕێبەری هەڵوێستە ڕەخنەگرەکانی بەدەستەوە گرت. ئەو لەساڵی ١٨٤٩ دا بووە سەرۆکی لقی "ڕۆچێستر"ی کچانی دژە مەی. ئەرکی ئەو





گرووپە هەوڵدان بوو بۆ بەربەست کردنی خواردنەوە ئەلکولییەکان. ئەمە یەکەمین چالاکی‌و بەشداری ئەو بوو لەنێوان ئەو هەموو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە کە بە درێژایی ژیانی تێیاندا بەشدار بوو.

ئانتۆنی لەساڵی ١٨٥٣دا کۆمەڵەی دژ بە مەی ژیانی هەرێمی پێك هێنا. لەساڵی ١٨٥٩ هەتا ١٨٦١ بووە ئەندامی کۆمەڵەی دژی کۆیلەیی ئەمریکایەکان. ئەو یەکێتی ژنانی خۆبەخشی لە ساڵی ١٨٦٣ دامەزراند کە هەوڵیان ئەدا بۆ ڕزگاری خزمەتکارەکان. سۆزان بە هاوکاری هاوڕێیەکی بەناوی "ئەلیزابت کەدی ستانتون" ئەنجوومەنی دەنگدان بۆ ژیانی نەتەوەییان لەساڵی ١٨٩٦ پێك هێنا. ئانتۆنی روستانتو ڕۆژنامەیەکیان بەناوی "شۆڕش" چاپ‌و بڵاو دەکردەوە کە بەو ڕەستەیە داکۆکی لە مافی ژنان دەکرد "**ماف بۆ پیاوان بێ هیچ شتێکی زیاتر، ماف بۆ ژنان بێ هیچ شتێکی کەمتر.**" ئەو لە ساڵی ١٨٧٠دا ئەنجوومەنی ناوەندی ژنانی کرێکاری دامەزراندو خۆی بووە سەرۆکیان.

سۆزان لەساڵی ١٨٧٨دا گەڵاڵەی چاکسازی نووسی کە چەند ساڵ دوای مەرگی خۆی، واتە: لە هەژدەی هەشتی ١٩٢٠ بووە نۆزدەهەمین گەڵاڵەی پێشنیاری‌و مافی دەنگدانی بۆ ژنان مسۆگەر کرد. چالاکییەکانی دیکەی ئانتۆنی بریتین لە: دامەزراندنی شووڕای نێونەتەوەیی لە ساڵی ١٨٨٨ کە لە ٤٨

ولآت پێك هاتبوو. دانانی ئەنجوومەنی داخوازی مافی دەنگدانی ژنانی نێونەتەوەیی لە ساڵی ١٨٨٩ کە هەتا ساڵی ١٩٠٠ خۆی سەرۆکایەتی دەکرد. ڕێکخستنی شوورای داخوازی مافی دەنگدانی ژنانی نێونەتەوەیی لەساڵی ١٩٠٤. یەکێکی دیکە لە کارە سەرکەوتووەکانی ڕێخۆشکەری بۆ ڕێگەپێدانی خوێندکارانی کچ لە زانکۆی "ڕۆچێستێر" کە لە ساڵی ١٩٠٠دا بۆ یەکەم جار بە ئاکام گەیشت.








ئانتونی ڕۆژی ١٩٠٦/٣/١٣ بەهۆی ئازاری دڵو سینگەوە لە ماڵەکەی خۆی هەڵکەوتوو لە شەقامی مادیسۆنی ڕۆچێستێر کۆچی دوایی کرد. ئەو تەنیا ڕێبەری شۆڕشی بێتوندو تیژی لە ولآتە یەکگرتووەکان دا بوو کە بۆ مافی ژن خەباتی دەکرد. دواین وشەی ئەو لەنێو کۆڕەکان دا، واتە: "**ئەگەری دۆڕانمان نیە**" بووە. دروشمی بزووتنەوەی داخوازی مافی دەنگدان. لە ١٩٧٩/٧/٢ دا بۆ ڕێزگرتن لەو دۆلاری ئاسنی سۆزان ئانتۆنی دروست کرا.

# Marie Antoinette
## ماریا ئانتونیت



ماریا دەڵێت: "من تاوانبار کراوم نەك بە مەرگێکی شەرمەزارانە وەك ئەوەی بۆ تاوانباران دادەنرێ، بەڵام لە جێگای براکەت دەڵێم من دەمەوێ داوای لێبوردن لە هەمووتان کە بێئاگایانە ئازارم داون بکەم، ئادیۆ، خوشکە خۆشەویستەکەم من لە قوڵایی دڵمەوە هەرچەند زۆر بێهێزە لە باوەشت دەگرم، ئازیزەکەم."

"ماریا ئانتونیا جوهانا" رۆژی ١٧٥٥/١١/٢ لە "ڤیێننا"ی پایتەختی "نەمسا" لەدایك بووە. ئەو کچی "ماریا ترێزا"ی بەدەسەڵات بوو. لە سەرەتادا ئانتونیت بە رادەیەکی زۆر خولیای هونەرو مۆسیقا بوو. تەنانەت زۆربەی کاتەکانی بە لێدانی ئامێرە مۆسیقاییەکانەوە بە سەردەبرد دەکرد. ئەوکاتەی تەمەنی تەنیا ١٤ ساڵ بوو لەلایەن "لویس شا"ی شانزدەهەم بۆ کوڕەکەی "داوفین لویس ئاگوست" خوازبێنی کرا. ماریا رەزامەندی





دەربڕی و رۆژی ١٧٧٠/٤/٢٠ زەماوەندی کردو رۆژی ٧ی مەی چووە ستراسبۆرگ. ماریا لەلایەن خەڵکەوە تانەو تەشەری زۆری لێدرا. یەکەم بەهۆی ئەوەوە کە دوای تێپەڕ کردنی حەوت ساڵ بەسەر ژیانی هاوبەشیدا منداڵی نەبوو. خەڵکێکی کەم دەیزانی کە هێشتا "داوفین" بەتەواوی لە گەڵیدا ژیانی هاوبەشی پێك نەهێناوە. لەو کاتەدا ئانتونیت گەراوە بۆ شانۆو یاری کونکارد.

لە ساڵی ١٧٧٤ "لویس شا" کۆچی دوایی کرد. بە مەرگی ئەو ماریا و هاوسەرەکەی بوونە شاو شاژن. بەدوای ئاگاداربوونەوەی دایکی ئانتونیت "ماریا ترێزا" بە خێرایی نامەیەکی پڕ لە رێنمایی بۆ نارد، بەڵام ئەو بایەخی پێ نەداو گەرانەوە بۆ فاشیۆنی پێباشتر بوو کە ئەوەیش هۆکارێکی دیکەی بۆچوونە رەخنەگرەکانی خەڵك لەو بوو. لە پێوەندی لەگەڵ بەرزە فڕیە شایانەکەی ئەو زێدەوێژی زۆر دەکرێ. یەکێکی دیکە لە کارەکانی کە رەخنەی خەڵکی رووبەڕووی ئەو کردەوە. کەم کردنەوەی ژمارەی ستافی شا بوو کە بووە هۆی دڵڕەنجاندنی پیاوماقوڵان. کاتێك بەندیە برسیەکان باسیان لەو دەکرد دەیان ووت: ئەو هەرگیز نایەوێ "خواردنمان بدەنێ".

پێدەچێت نازناوی "خۆڕانەری ملوانکەی ئەڵماس" هەڵگری گەورەترین رەخنە لەو بێت. بە کورتی ئانتونیت ملوانکەیەکی پێشکەش کرابوو کاتێك زانی ئەو ملوانکەیە ئەڵماس نیەو دەستکردە لەهەردوو هونەرمەندی ساختەچی "جیان دێ لا

موت"و "کاردینال دێ روهان" زۆر تووڕە بوو. لە کۆتایدا "جیان دێ لا موت" دانی بە هەڵەکەیدا هێنا، بەڵام بەداخەوە "کاردنیاڵ" خۆی لێ بێبەری کرد.

لە ساڵی ١٧٨٩دا شۆڕشی فەرەنسە سەری هەڵداو وڵات تووشی تێکشکان هات. ئانتونیت و پاشماوەی بنەماڵە شاهانەکەی لە مانگی ١٠ی ئەو ساڵەدا لە "ڤێرسایلس"ەوە بردیاننە پاریس، لەوێ وەك بەندکراوەکان لەژێر چاودێریدا بوون. رۆژی ١٧٩١/٨/٢٠ ویستیان هەڵێن، بەڵام سەرکەتوو نەبوون و نزیك بە ساڵێك دواتر واتە رۆژی ١٧٩٢/٨/١٠ ئانتونیت و هاوسەرەکەی بە تاوانی خەیانەت لە ماڵەکەی خۆیان دا دەستگیر کران.

رۆژ ی ١٧٩٣/١/٢١ هاوسەرەکەی لەدار دراو ماریاش هەستیپێکرد کە لە ماوەیەکی کورت دا ژیانی لێدەستێنن.

رۆژی ١٧٩٣/١٠/١٤ ماریا چووە بەردەمی دادگایەك کە بۆ تاوانبارکردنی ئەو پێك هاتبوو. هەرچەند دەیزانی ئاکامی بڕیارەکە بە سزای مەرگ بۆ ئەو دەشکێتەوەو لێوارە تیژەکانی "گیوتین" سەری لە لەشی جیادەکەنەوە، بەڵام بەو حاڵەش زۆر بە باشی هەڵوێستی گرت لە بەرەنگاری‌یەکی دەروونی گەورەی پێشان دا. لە کاتژمێر چوارو نیوی بەیانی رۆژی ١٧٩٣/١٠/١٦ تەنیا چەند سەعاتێك پێش لە سێدارەدانی نامەیەکی بۆ خوشکی هاوسەرەکەی نووسی. لەو نامەیەدا وێڕای داوای لێبووردن باسی





لەوە کردبوو کە بەرانبەر بە مەرگی چ هەڵوێستێکی هەیە. کاتژمێر ١٠ی بەیانی بە خێرایی و بوێرانە کە تەنیا وتەی داوای لێبوردن لە بکوژەکەی بوو بەو هۆیەی پێی لەسەر لاقی دانابوو، بەرەو سێدارە رۆیشت و ئەو لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا بێ هیچ بەڵگەیەك تاوانبار کراو سزای مەرگی لەسەر بەڕێوە چوو.

هەرچەند ماریا کاریگەریەکی گەورەی لەسەر هونەری سەردەمی خۆی هەبوو، بەڵام لە راستیدا کارێکی نەکردوە کە وەك یەکێك لە ١٠٠ ژنی زۆر گرینگ لە مێژوودا حیسابی بۆ بکرێت. مەبەستم لە دانانی نێوی ئەو لەناو ئەم ریزەدا ئەو بەرەنگارییە دەروونییە بوو کە لەکاتی دادگایی کردن لە بەرانبەر دوژمنەکانیدا دەریخست و لەسەر هەڵوێستی پێداگربوو.

منداڵەکەیان لێدوورخستەوەو باشترین هاوڕێی "پرنسیس دێ لامبڵ"یان کوشت و سەریان کرد بە نێزەکەیەوەو پێشانی ماریایان دا، بەڵام ئەو هەر بە چۆك دا نەهات. ئەو لەکاتی بەرەو پیری چوونی مەرگیدا دواین وشەکانی ژیانی داوای لێبووردن لەو کەسە بوو کە گیانی لێدەسەند. لە راستیدا ئەمانە هۆکاری هێنانی ناوی ئەو بۆ ئەم لیستە بوون.

# Aspasia of Miletus
# ئاسپاسیای میلێتۆس



هەرچەند زانیارییەکی ڕاست بە نیسبەت کاتی لە دایك بوونی "ئاسپاسیا" لەبەردەست دا نییە. بەڵام وا بەراورد دەکرێت کە لە ٤٦٠ هەتا ٤٥٥ ساڵ پێش زایین (لەدایك بوونی مەسیح) لە "میلێتوس"ی یۆنان چاوی بە دونیا هەڵێنا بێ. نزیك بە ٤٥٥ ساڵ پێش زایین چووەتە ئاتێنو لەوێ بووەتە "هیتاریا" واتە ئەو ئەویندارانەی کە لەش فرۆشیان دەکرد. بەڵام لە ئاستێکی بەرزتر لە لەشفرۆشە ئاساییەکان دا بوون. لەوێ لەگەڵ زۆر لە پیاوە بەناوبانگو دەسەڵاتدارەکان چاوپێکەوتنی کرد. بۆ وێنە "پەریکلیس" کە بووە یەکێك لە ئەویندارانی. هەرچەند ئاسپاسیا نەبووە هاوسەری پەریکلیس، بەڵام وا پێدەچێ کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەری بووبێت. ئەوە بوو کە پریکلیسی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە بچێتە شەڕ لەگەڵ



سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا

"ساموس" لە دەرەوەی سنوو و ڕۆڵی بەرچاوی ببینێ لە یۆنانی کۆن دا. ئاسپاسیا لە پریکلیس کوڕێکی بوو کە ئەویشیان ناو نا پریکلیس. ئەم کوڕە دواتر بووە ژنراڵو ماوەیەك دوای مەرگی ئاسپاسیا لە سێدارەیان دا.

کاتێك لە ئاتێن بوو وتاری زۆری دەنووسی، بۆیە ئەو بیرۆکەیە هەیە کە ئەو ڕێبەری زانستی وێژەیی لە چاخی کۆن دا بێت. ئەو هەروەها لەگەڵ "سوقرات" باسی فەلسەفەی دەکرد کە ئەو "واتە سوقرات" ئاسپاسیای بە مامۆستای خۆی ناو دەبرد. یەکێك لە دەرسەکانی کێشەی ژنو مێرد بوو. ئەو پێی وابوو تا کاتێك جووتێکی هاوتەراز نەدۆزنەوە دڵخۆشییان نابێت. هەر لەبەر ئەو لێهاتوویانە بوو کە پریکلیس و ئاسپاسیا خاوەن دوژمن بوون. جارێك لە ئاسپاسیا بە بێئیمانی تاوانبار کرا. پرکلیس ئەوەندە بە باشی پشتگیری لێکرد هەتا گومانەکە لە سەری ڕەویەوە.

٤٢٩ ساڵ پێش زایین پریکلیس بەهۆی نەخۆشی تاعوون کۆچی دوایی کردو ساڵێك دوای ئەوە ئاسپاسیا لەگەڵ مەڕ فرۆشێك بەناوی "لیسسکلس" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. ئاسپاسیا ئەوی فێری هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و قسەکردن لە نێو خەڵك دا کرد کارەکەی بەرادەیەك سەرکەوتوو بوو کە "لیسیکلس" بووە یەکێك لە ڕێبەرە سیاسییە بەردەوامەکانی "ئاتێن".

لە پاش ئەمانە هیچ شتێکی زیاتر بە نیسبەت ئاسپاسیاوە نەزانراوە هەتا کاتی مردنەکەی کە لە دەوری ٤١٠ ساڵ پێش زایین بووە. ئەو هەتا ئێستاش یەکێکە لەو ژنانەی یۆنان کە هەروا لە بیرەوەرییەکان دا ماوەتەوە. ناوی ئەو بە زۆری لە لایەن نووسەرانو مێژووناسانەوە بۆ فەلسەفە، زانستی وێژەییو سیاسەتی یۆنانی کۆن هەر وەك "سوقرات" و "پرسیکلس" بە کار دەهێنرێ. هەروەها ئەو یەکێك لەو کەسانەیە کە خۆی ناوی بۆ خۆی دیاریکردووە. ئاسپاسیا واتە "خێراتێکی گەورە" ئەو لە کۆتایی تەمەنیدا لە چەند بواردا دەرسی دەوتەوەو فەلسەفەی بە بلاتۆو سوقرات دەوت کە دوو فەیلەسوفی ناسراوی یۆنانن‌و جێگای شانازی پێکردنن.





# Nancy Wicher Langhorne Astor

# نانسی ویچێر لانگۆرن ئاستور



نانسی دەڵێت" ئێمە داوای گەورەیی ناکەین، چونکە هەموو کات خاوەنی گەورەیی بووین، ئەوەی ئێمە داوای دەکەین بەرانبەرییە."

واپێ دەچێ کە زانیارییەکی زۆر بە نیسبەت نانسی ویچێر لانگۆرن ئاستور لە بەر دەستدا نەبێت. ئەو لە ساڵی ١٨٧٩ لە "دانڤیلی ڤیرجینیا" لەدایك بوو، پاشان چووە ریچموندی "ڤیرجینیا"و لە وێ گەورە بوو. تەمەنی ژیانی هاوبەشی یەکەم تەنیا ١٠ ساڵ درێژەی کێشا. بەڵام ئەوەی کە زۆرتر جێگای بایەخە جاری دووهەمە.

لە سەردانی بۆ بەریتانیا ساڵی ١٩٠٦ چاوی کەوت بە پیاوێکی دەوڵەمەندو خاوەن دەسەڵات بەناوی "واڵدورف ئاستور" کە دوای ماوەیەکی کورت ژیانی هاوبەشیان پێك هێنا. لە ساڵی ١٩١٠دا "واڵدورف" بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردراو نانسی

گیرۆدەی کاروباری حکوومەت بوو.

لە ساڵی ١٩١٩ واڵدورف و نانسی بوونە "ڤۆکانت" (ناوبانگێکە بۆ کەسانی ناسراو یان خاوەن دەسەڵاتەکان بەکار دێت.) پاشان نانسی بەوەدەست هێنانی دەنگێکی زۆر توانی یەکێك لە کورسییە چۆڵەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی پڕ بکاتەوە، کە بووە یەکەمین ئەندامی ژنی پارڵەمانی بریتانیا.

نانسی بووە ئەندامی پارتی پارێزگارانی ئینگلیز کە لەگەڵ حیزبی ویگ (حزبێکی کۆن لە بریتانیا) ململانێی دەکرد. ئەو لە کارەکانی زیاتر تیشکی خستە سەر کێشەی ژنان و منداڵان. نانسی یەکەمین ژن بوو کە گەڵاڵەیەکی یاسایی پێشکەش بە پەرڵەمان کرد. گەڵاڵەی پێشنیارکراو داوای ڕێگرتنی دەکرد لە فرۆشتنی خواردنەوە ئەلکولییەکان بەو کەسانەی تەمەنیان کەمتر لە ١٨ ساڵە.

نانسی لەساڵی ١٩٤٥ دەستی لە کاری پەرڵەمان کێشایەوە و ساڵێك دواتر لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.





# Saint Joan of Arc
## سەنیت جوانی ئەرک



"ڕۆژێك کە مەبەستیان بوو بیسووتێنن، پێش ئەوەی وتەکان دواییان پێبێت یان بڕیارەکە بخوێنرێتەوە، دارەکان بۆ سووتاندنی حازر کرابوون. بڕیارەکە لەلایەن قەشەوە بە هێوری و بێ دواکەوتن خوێندرایەوە. پاشان خرانە ناو ئاورەکە، بێ ئەوەی هیچ وتەیەك لە لایەن دادوەرێکی ئەهلییەوە ببیستم. بەڵام پاش ئەوەی خرا ناو ئاگرەکە، زیاتر لە ٦ جار هاواری کرد "عیسی"و لە دواین هەناسەکانیشیدا بە دەنگێکی بەرز ئەو هاوارەی دووپات کردەوە، هەموو ئەو کەسانەی لەوێبوون گوێیان لێبوو. فرمێسکی دڵسۆزیان بۆ هەڵڕشت. دواتر پێیان وتم کە خۆڵی لەشە سووتاوەکەیان کۆ کردۆتەوە و بردوویانەتەوە بۆ سین." ئەمانە وتەی "موگێر لێپارمنیتێر"ن لە سەر جۆان

مییەن لا پوسیل کە بە جوان ناوبانگی دەرکرد لە وڵاتانی

فەرەنسەو نزیك سنووری "بورگاندی " رۆژی ١٤١٢/١/٦ چاوی بە دونیا هەڵێنا. لە سەرەتادا جوان وەك منداڵێكی ئاسایی وابوو. بەڵام لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا بۆ ئەو دەنگانەی كە لە شەقامەكانی "میشلی ئارچانچیل" و "مارگاریتی ئانتیوج" بڵاو دەبوونەوە، گوێی رادەگرت كە خەڵكیان بۆ پاراستنی فەرەنسە هان ئەداو ئەو كارەیان بە ئەرك دەزانی. لە سەر ئەو داواكارییانە جوان چووە قەڵای داوڤین. چارلز لە چینانتی فەرەنسەو ئەوەی دەنگەكان پێیان وتبوو باسیكرد.

بەخێرایی لەگەڵ سوپایەك‌دا بەرەو ئورلین بەڕێ كراو رۆژی ١٤٢٩/٥/٨ توانی پلە بەرزەكانی سوپا بەدەست بێنێ. بەدوای ئەوەدا جۆن زۆر جار لە بەرانبەر ئینگلیزەكان‌دا سەركەوتوو دەبوو كە جار بە دوای جار شانازی بۆ فەرەنسە دەخوڵقاند. شەڕی پاریس نموونەیەك لەوان بوو. بەڵام جۆن‌و سوپاكەی بەهۆی پێ‌رانەگەیشتن بە كەل‌وپەلی تەواو شكستیان هێنا. جوان لە ١٧ی ژولای ١٤٢٩ ئەركی پاراستن (ئیسكورت)ی داوڤینی بۆ وەرگرتنی تاجی شایی وەك چالسی شای حەوتەم لە رایمس كاچدرال بە ئەستۆ گرت. بێشك لە نەبوونی ئەودا ئەم كارە بەرێوە نەدەچوو.

جوان لە مانگی ٥ی ساڵی ١٤٣٠ لە ماوەی رووداني شەرێك دا گیراو بە نرخی ١٠٠٠ كرۆن بە كابرایەكی ئینگلیزی بە ناوی جان لوگزامبورك فرۆشرا. پاشان وەك ئەفسونگەرو بێئیمان





نێردرایە دادگا. هەر چەند ئینگلیزەكان داوای بەرتیلیان كرد. بەڵام داوڤین هیچ هەوڵێكی بۆ رزگاری ئەو نەدا. پاشان ئەو دادگایی كراو لە رۆژی ١٤٣١/٥/٣٠ لە حەوشەی كەنیسەی شەقامی رۆیون، لە حاڵێك دا تەمەنی كەمتر لە بیست ساڵ بوو بەدار ئاوری تێبەر درا. جەن ماسیوو یەكێك لە شایەد حاڵانی مەرگی جوان دەڵێ: ئەو ژنە هەژارە بەو هۆیەی من لە دوایین ساتەكانی تەمەنیدا لێی نزیك بووم، هاوارو داواو تكای لێكردم كە بچمە نزیكی كەنیسەكەو خاچەكە بێنم‌و لە سەرە مەرگیدا لەبەرچاوی رایبگرم، چونكە بەردەوام لە درێژایی تەمەنیدا خاچ‌و خودا لەبەرچاوانیدا راوەستابوون. لە ساڵی ١٤٥٩ چارلسی حەوتەم كاریگەری جوانی بێ‌نرخ كردو وتی كە بۆ گەیشتن بە تەختی شایی قەرزاربارى هیچكام لە رفێندراوانی دیڤیل نییە. جوان لە ساڵی ١٩٠٤ دا وەك رێزدار ناوبراو لە ١٩٠٨ قودسیەتی پێدراو سەرئەنجام لە مانگی مەی ١٩٣٠ دا لە لایەن پاپەوە چووە ریزی چاكانەوەو بووە "سەنیت" واتە ئیماندار. تەنانەت ئێستا لە فەرەنسا رۆژێكی پشوویان وەك پشووە نەتەوەییەكانی فەرەنسە لە شەممەیەكی تایبەت دا بۆ دیاریكراوە.

# Daw Aung San Suukyi
# داو ئانگ سەن سووکی



مارتین سمیت سەبارەت بە داو ئانگ دەڵێت: "ئەو ئیلهام دەری چینێك بوو کە بۆ پێك هێنانی گۆڕان گیان بەخشن بوون."

ئان سەن سووکی لە ساڵی ١٩٤٥ لە یانگونی میانمار هاتە دنیاوە. لە وڵاتانی هێندو ئینگلیز کۆتایی بە خوێندن هێنا. شوێنی خوێندنی لە بریتانیا، زانکۆی ئاکسفۆرد بوو. هەر لەوێش لەگەڵ پیاوێك بە ناوی "میخائیل ئاریس" چاوپێکەوتنی کردو دوای ماوەیەك ژیانی هاوبەشیان پێك هێنا.

لە ساڵی ١٩٨٨ ئانگ گەراوە بۆ میانمارو شۆڕشی بۆ دیمۆکراسی کە لە مارتین لوتر کینگو مهاتما گاندی ئیلهامی وەرگرتبوو دەستپێکرد. هەر لەو ساڵەدا یەکیەتیی نەتەوەیی بۆ دیمۆکراسی دامەزراند. لە ساڵی ١٩٨٩ بەهۆی داخوازیو کۆکردنەوەی خەڵك بۆ دیمۆکراسی لە لایەن حکومەتی نیزامی میانمارەوە لە ماڵەوە دەست بەسەر کرا. کێشەکە ئەوە بوو لەو وڵاتەدا کۆکردنەوەی خەڵك وەك کردەوەیەکی نایاسایی سەیر





دەکرا. لە مانگی مەی ١٩٩٠ ئەو کاتەی ئانگ هەروا لە بەندی ماڵەوەدا بوو. یەکیەتی نەتەوەیی بۆ دیمۆکراسی توانی ٨٠ لە سەدی کورسیەکانی پەرلەمان لە هەڵبژاردندا وەدەست بێنێ. هەرچەند حکوومەت ڕێگەی نەدا کە ئەو کارە بە ئەنجام بگات. ڕۆژی ١٩٩٥/٧/١٠ ئانگ لە دەست بەسەری ڕزگاری بوو، بەڵام ڕێگەی پێ نەئەدرا لە وڵات بچێتە دەرێ، چونکە گومانی ئەوەی لێدەکرا کە نەگەرێتەوە، داو ئانگ لە درێژەپێدانو بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی دیمۆکراسی بەردەوام بوو، چونکە پێیوابوو میانمار بۆ مانەوە پێویستی بە دێموکراسیە. بەردەوام میانمار لە ریزی خراپترین وڵاتانی پێشێلکەری مافی مرۆڤدا بوو.

لە ساڵی ١٩٩٠ ئانگ خەڵاتی ساخاروف بۆ ئازادی بیروڕا و ساڵی ١٩٩١ خەڵاتی ئاشتی نۆبیلی پێ بەخشرا. لە ساڵی ١٩٩٦دا جارێکی دیکە لە ماڵدا بەندکراوە، سەرەرای ئەوانە ئانگ پلەی دوکتورای لە یاسادا لە زانکۆی ئەمریکی واشنگتون لە ساڵی ١٩٩٧دا وەرگرتو کتێبێکی لە سەر باوکیو میانمار نووسی کە لە ژێر ناوی "ئازادی لە ترسو نووسینەکانی دیکە" بڵاو بۆوە.

# Jane Austen
# جەن ئوساێن



"دڵـە خێرخوازەکـەی، ڕەفتـارە دڵفڕێنەکەی، تواناییە بەهێزەکانی بیری، جێگای ڕێز بوون بۆ هەموو ئـەو کەسـانەی دەیـان ناسـی و گـەرمترین خۆشەویستییان بوو بۆ پێوەندییە گەرم و گوڕەکانی. خەمەکانیان لەگەڵ دڵسۆزییەکەیان هاوتەرازە، ئەوان دەزانن. ئـەم زیانـە قـەرەبوو ناکرێتـەوە، بـەڵام لـە قوڵایی ئـەو خەمانـەدا هیواداربـوون کـە خێرخوازی‌یەکـەی، فیداکاری‌یەکـەی، پـاکی و ئیمـان‌دارییەکـەی دەبنـە یارمەتیـدەری بـۆ وەرگرتنـی ڕۆحـی لای مسیح." ئەمانە نووسراوەی سەر کێلی گڵکۆکەین.

جـەن ئوسـتێن ڕۆژی ١٧٧٥/١٢/١٦ لـە سـتێڤێنتونی بریتانیـا چاوی بە دونیا هەڵێنا. ئەو یەکێك لە حەوت منداڵی بنەماڵەکەی بـوو. لـە سـاڵی ١٧٨٣ نێردرایـە ئاکـسفۆرد و سـۆزهامپتۆن بـۆ خوێنـدن. سـاڵی ١٧٨٧ هـەتا ١٧٩٣ بەرهەمـە شـێعریەکانی سـەردەمی لاوی نووسـی. لـە سـاڵی ١٨٠٠دا بنەماڵەکـەی لـە سـەر





ویـستی بـاوکی چـوون بـۆ بـات، لـە وێ پیـاوێکی ناسـی و بـووە خۆشەویستی، بـەڵام دوای ماوەیـەکی کـورت ئاگـادار بوونـەوە کـە ئـەو پیـاوە مـردووە. لـە ڕۆژی ٢ی دیـسامبردا لـە لایـەن لاوێکـەوە بەناوی هاریس بیگ خـوازبێنی لـێکرا، هەرچـەند جـەن زانـی هـیچ خۆشەویستیەك بەرانبەر بە ئەو لە دڵیدا نیە ڕەزامەنـدی دەربڕی. پاشان ڕۆژێك دواتر ڕاستییەکەی پێ ووت و ئاگاداری کردەوە کە ناتوانێ ژیانی هاوبەشی لەگەڵدا پێکبێنێ.

لـە سـاڵی ١٨٠٣دا کتێبـی خانقـای نـورس ئـانگیری نووسـی، بەڵام چاپ نـەکرا. لە ساڵی ١٨٠٥دا باوکی کۆچی دوایـی کـرد و بنەماڵەکـەی دەسـتیان بـەکۆچ کـردن کـرد. سـاڵی ١٨٠٥ بـۆ کلیفتون، ١٨٠٦ بۆ سـۆزهامپتۆن و سـەرئەنجام لەساڵی ١٨٠٩ دا چـوونە چـاوتۆن کـە لـەوێ دەسـتیکرد بـە چـاپ کردنـی کـارە ئەدەبییەکانی. لە مـانگی ١٠ی ١٨١١دا "هەسـت و تێگەیشتن"ی بە نازناوەوە چاپ کرد. "دەمـارگرژی و ڕقەبـەری" لـە مـانگی ١١ی ١٨١٣ بڵاو کرایـەوە. پاشـان "بـاخی مانفیلـد" و "ئێمـا"ی مـانگی ٥ی ١٨١٤ و ١٢ی ١٨١٥ چـاپ کـرد. بەداخـەوە ئوسـتێن ڕۆژی ١٨١٧/٥/٢٤ بە نەخۆشی گیرۆدە بووو بۆ نەشتەرگەری ناردیانـە وینجـستێر. کـە لـە ڕۆژی ١٨ی حـەوتی هـەمان سـاڵدا کۆچـی دوایـی کـرد. مـەرگی ئـەو هـەر وەك مردنـی ئەدیـسۆن وابـوو. لەڕاستیدا جۆری نەخۆشییەکەی نەزانرا.

# Ella Baker
## ئێلا بایکر



ئێلا بایکر رۆژی ١٩٠٣/١٢/١٣ لە نۆرفوکی ڤێرجینیا لە دایك بوو. سەردەمی گەروەبوونی هاوکات بوو لەگەڵ داخوازی بۆ یەکسانی لە نێوان رەش پێستو سپیپێستەکان دا. ئەو گوێی لە بەسەرهاتەکانی داپیرەی دەگرت. کە لە کاتی کۆیلەییەکەی بەسەر هاتبوو. داپیری بۆی دەگێڕاوە کە چۆن لە لایەن خاوەنەکەیەوە بە تاوانی ئەوەی نەیویستبوو لەگەڵ پیاوێکدا کە ئەو پێشنیاری پێکردبوو ژیانی هاوبەش پێك بێنێ دارکاری کرابوو.

ئێلا بە کالۆریۆسی وەك خوێندکاری پلە یەك لە ساڵی ١٩٢٧ لە زانکۆی رالیای کارولینای باکوور وەرگرت. پاشان چووە شاری نیویورك. لە ساڵی ١٩٣٠ ئێلا بووە ئەندامی یەکیەتی هاوکاری لاوانی رەش پێست، کە بە کەڵك وەرگرتن لە پلانە گشتییەکان لە هەوڵی بەهێزکردنی ئابووری رەشەکاندا بوون.





ئەو لە ساڵی ١٩٤٠دا بووە ئەندامی (MNAACA) کە بە ئەنجومەنی نەتەوەیی بۆ بەرەوپێش چوونی خەڵکانی خاوەن رەنگی جیاواز، دوترا بووە سکرتێرو بەڕێوەبەری لقەکان. هەرچەند لە ساڵی ١٩٤٦ دەستی لەکار کێشاوە، بەڵام هەروا رۆڵی ئەکتێڤی بوو و خەباتی بە دژی جیاوازی دانان لە قوتابخانە گشتییەکانی نیویۆرك درێژە دا.

لە ساڵی ١٩٥٧ چوو بۆ ئاتلانتا، لەوێ کۆنفرانسی رێبەری مەسیحییەکانی باشووری رێکخست کە رێکخراوێکی نوێی ماتیر لوتر کینگ بوو. لە ساڵی ١٩٥٧ پاش ئەوەی کە گروپێك لە خوێندکارە رەش پێستەکانی زانکۆی کارولینا لە کافتریای زانکۆ وڵامی داخوازییەکانیان نەدرابۆوە (شتیان پێنەدرابوو) ئامادەنەبوون لەو شوێنە بێنە دەرێ. ئێلا کۆمیتەی هاوئاهەنگی دژ بە توندوتیژی خوێندکارانی هەر لەو ساڵەدا دامەزراند.

ئێلا بایکر ١٨٩٦/١٢/١٣ کە هاوکات بوو لەگەڵ رۆژی لەدایك بوونی لە ١٩٠٣دا، پاش ٨٣ ساڵ تەمەن لە نیۆیۆرك کۆچی دوایی کرد.

# Sirimavo Ratwatte Dias Bandaranaike
## سیریماڤۆ راتوات دایس باندارانیک



ئەمە کورتەیەك لە ژیانی سیریماڤۆ راتوت دایس باندارانیکە کە من لێی ئاگادارم. ساڵی ١٩٤٠ لە گەڵ S.W.R.D.B ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. ئەو کەسەی کە سەرۆك وەزیری سیلون "سریلانکای ئێستا" بوو. هاوسەرەکەی ساڵی ١٩٥٦ تیرۆر کرا کە لە لایەن پارتەکەیانەوە (پارتی ئازادی سریلانکا)، سیریماڤۆ وەك رێبەر هەڵبژێرا.

ساڵی ١٩٦٠پارتی ئازادی سریلانکا لە هەڵبژاردندا سەرکەوتنی وەدەست هێنا و سیریماڤۆ بووە سەرۆك وەزیر. بەرنامەی کاری ئەو هەموو ئەو بەرنامانە بوون کە هاوسەرەکەی پێرەوی دەکرد. ئەو پشتیوانی لە زمان و کەلتووری "سینهالیز"و ئایینی "بودایی" دەکردو سیاسەتی ئابووری ئەو سوسیالیستی بوو. لە مامەڵە کردن لەگەڵ پێوەندییەکانی دەرەوە هەلوێستی بێ لایەنانەی هەبوو. کاتێك سەرۆك وەزیر بوو، زمانی سینهالیزی کردە تاکە زمانی رەسمی وڵات.

لە ساڵی ١٩٦٥ جەماوەری لێی دوور کەوتەوەو لە





هەڵبژاردندا سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا. بەو حاڵەش لە ساڵی ١٩٧٠ جارێکی دیکە بووە سەرۆك وەزیران. ئەمجارە سیریماڤۆ هێندێك لە کردەوە ترسناکە ئازادیخوازەکانی بەربەست کردو درێژەی دا بە ریفۆرم، نەتەوەیی کردنی سەنعەت، دانانی دەستووری نوێ کە شوورایەکی سەرۆکایەتی بۆ دانابوو و گەرانەوەی سیلون بۆ کۆماری سریلانکا.

ساڵی ١٩٧٧ جارێکی دیکە جەماوەرو هەڵبژاردنی لەدەست دا. پارتی ئازادی سریلانکا لە ١٦٧ کورسی ئەنجوومەنی نیشتمانی تەنیا توانی ببێتە خاوەنی ٨ کورسی. ساڵی ١٩٨٠ ئەرکی سیاسی لێ‌بەربەست کراو کەوتە پەراوێزەوە. لە ساڵی ١٩٨٦ سەرۆك کۆمار "جایواردن" مافەکانی بۆ گەراندەوە. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٨ جارێکی دیکە شکستی هێنا. ساڵی ١٩٨٩ پێوەندی بە پارتی دژ بەخۆیەوە گرت و بووە رێبەر لەو پارتەدا. مانگی ٨ی ١٩٩٤ کچەکەی چاندریکا لە هەڵبژاردندا سەرکەوتوو بوو کە سیریماڤۆی وەك سەرۆك وەزیران دیاریکردوە. ئەوان حکوومەتیان لە بەرانبەر جودایی خوازانی تامیل دامەزراند.

لەم دواییانەدا ئاگادار کرامەوە کە سیریماڤۆ کۆچی دوایی کردووە.

# Clara Barton
# کلارا بارتون



رۆژنامەی سەربەخۆی دیترویت سەبارەت بە کلارا دەڵێت:" لەوانەیە ئەو وەك تەواوترین دیمەنی لێبوٚردن لە جیهاندا بناسرێ."

کلارا بارتون رۆژی ١٨٢١/١٢/٢٥ لە ماساچوست لەدایك بوو. بەو هۆیەوە باوکی بیرەوەرییەکانی سەردەمی سەربازی بۆ دەگێڕایەوە، هەر لە منداڵییەوە خولیایەکی زۆری بۆ کاری نیزامی لا دروست بوو. لە تەمەنی ١٥ ساڵی تا ٣٢ ساڵی واتە ١٨٥٤ خەریکی فێربوونو راهێنان بوو. پاشان چووە واشنتون دی سی، لە مانگی چواری ١٨٦١ شەشەمین سوپای ماساچوست گەیشتە واشنتون. کلاریا خەریکی ئامادەکردنی پێویستییەکانیان بوو.

لە کێشەی "بال ران" وەك شەڕی مەدەنی، کەلوپەلو پێداویستییەکان کۆتایەیان پێهات. هەربۆیە کلارا داواکارییەکی لە رۆژنامەدا چاپ کردو داوای یارمەتی کرد. ئەو داوایە وڵامی



سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا

باشی دراوەو کلارا رێژەیەکی زۆر لە کەلوپەلە پێویستییەکانی بەدەست گەیشت کە زۆر زیاتر لەوانەی پێشوو بوون. لە ساڵی ١٨٦٢دا ئەرکی کلارا سەفەرکردن بۆ ئەو شوێنانە بوو کە سەربازە زامدارەکانی لێداگیرا بوو. کاری ئەو چاودێری کردن بوو، لەوان وەك دواین ئەرکی ئەو لە شەڕدا بوو.

چوار ساڵ پاش کۆتایی هاتن بەشەڕ، کلارا لە چەندین گرووپدا بەشداری کرد. سەرەتا چاودێری گەڕان بە دوای سەربازانی وون بوودا دەکرد. بۆ ماوەیەك یارمەتی سۆزان ئانتۆنی دەکرد لە جووڵانەوەی مافی دەنگدانو هەروەها بووە چالاکێکی مافی رەشەکان. لەساڵی ١٨٦٩ کلارا بۆ پشوودان چووە ئەورووپا، بەڵام لە جێگەی حەسانەوە یارمەتی خاچی سووری نێودەوڵەتی ئەدا، کاتێك کە لە ساڵی ١٨٧٣ بۆ ماڵەوە گەڕاوە خاچی رێزلێنانی ئاسنین کە لە لایەن شای ئەڵمانیاوە پێبەخشرابوو، لەگەڵ خۆی هێناوە.

لەو کاتەدا لە وڵاتە یەکگرتووەکان خاچی سوور بەو شێوازەی کە ئەو لە ئەورووپا تێیدا ئەندام بوو، چالاکی نەدەکرد. هەربۆیە کلارا بڕیاری دا ئەو ئەرکە راپەڕێنێ. کۆمەڵەی نەتەوەیی خاچی سوور لە ساڵی ١٨٨١ دامەزراو بارتۆن توانی بازنەیەکی ناوەندی لە کۆشکی سپی، واشنتۆن بکاتەوە کە پارەکەی لە لایەن "جان روکفلیر"ەوە بۆ تەرخان کرا. لە کاتی دامەزرانیدا بۆ یەکەم جار بووە سەرۆکیو بۆ ماوەی ٢٣ ساڵ بەڕێوەبەری چالاکییەکانی

خاچی سوور بوو.

لە ساڵی ١٨٩٨ بە پێداویستییەوە سەفەری بۆ کووبا کردو شەش حەوتووی لە گاڵڤیستون‌و تێگزاز بۆ یارمەتیدان بە سیلاو لێدراوان تێپەڕ کرد. ساڵی ١٩٠٤ کلارا لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا دەستی لە کار کێشایەوە. ئەو ساڵی ١٩١٣ لە گلێن ئێکوی مریلەند کۆچی دوایی کرد. تەرمەکەیان هێناوە بۆ ئاکسفۆردی ماساچوست لەوێ ناشتیان. ئێستا ئەو وەك "فریشتەی بەرەکان" دەناسرێ.





# Flerence Bascom

## فلورێنس باسکۆم



"سەرنج راکێشە هەر لێکۆڵینەوەیەك بەدوای گەیشتن بە راستییەك دەردەکەوێ کە زۆر سانایە، بەڵام لە کاتی بەدواداچوون‌دا پێویستی بەهەموو تواناکانی فیکرو ئەندێشەو بەکارهێنانی ئەو تایبەتمەندیانەیە کە لەو کارەدا سەرف دەکرێ. هەر کەسێك لە ناخیدا وا هەست دەکات ئەوکارەی پێوەی خەریکە بێ کۆتایی‌یە، لە وانە کەسێك بە گاڵتە بڵێت، زانست کۆتایی پێ‌نایەت‌و هەرچەند نهێنیتر بێت بیرکردنەوەی زیاتری دەوێ."

فلورانس باسکوم ساڵی ١٨٦٢ لە ویلیامستونی ماساچوست چاوی بە دونیا هەڵێنا. ئەو بچووکترین منداڵی بنەماڵەکەی بوو. فلۆرێنس لەساڵی ١٨٧٧ چووە کۆلێژی ویسکونسین کە باوکی لەوێ مامۆستا بوو. ئەو توانی بۆ ساڵی ١٨٨٢ بڕوانامەی بەکەلۆریۆس لە ئاداب دا وەرگرێ‌و ساڵی ١٨٨٤یش بڕوانامەی

بەکەلۆریۆسی لە زانست دا وەدەست هێنا. کاتێك لە زانکۆی ویسکونسین بوو، درێژەی بە کارەکەی باوکیداو بەهۆی هۆگری زۆری بە زەویناسی لە سەر فێربوونی ئەو بەشە کاری دەکرد.

لە ساڵی ١٨٨٩ دوای ئەوەی فلۆرینس خوێندنی کۆتایی پێهێنا، بڕیاریدا لە زانکۆی جان هوپکینس بۆ وەدەست هێنانی بڕوانامەی دوکتوراکەی لە زەویناسی بەشداری بکات. کە لە ساڵی ١٨٩٣ توانی بەو ئامانجە بگات. هەرچەند ناچار بوو لە پشت دەلاقەوە دانیشێ (ئەو کات بەو شێوەیە ڕێگایان ئەدا بە ژنان) بۆ ئەوەی نەتوانێ خوێندکارە کوڕەکان ئازار بدات. ئەو هەتا ئەو کاتە دووهەمین ژن بوو کە لە زەویناسیدا دوکتورای وەرگرت. ئەو کاتەی کە فلورێنس لە کۆلێژدا بەشداری دەکردو خوێندنی قوتابخانەی تەواو کرد. چەندین بابەتی جۆراوجۆری وەك زەویناسی دەوتەوە. ئەو لە ساڵی ١٨٨٤ هەتا ١٨٨٥ لە زانکۆی هامپتۆن کە بە ئەنیستیتۆی هامپتون بۆ ڕەش پێستەکانو هیندی ئەمریکایەکان ناوبانگی دەرچوو بوو، هەروەها لە ساڵی ١٨٨٧ هەتا ١٨٨٩ لە کۆلێژی روکفورد و ١٨٩٣ هەتا ١٨٩٥ لە زانکۆی هەرێمی ئۆمایو دەرسی دەوتەوە. پاشان ساڵی ١٨٩٥ لە کۆلێژی "برین ماور" بەشی زەویناسی دامەزراندو خۆیشی بووە مامۆستا لەو بەشەدا.

ئەو بۆچوونە هەیە کە فلورێنس یەکەم ژنی زەویناسە لەو وڵاتە. هەروەها ئەو یەکەمین ژنە کە لە ساڵی ١٨٩٦ بووە





ئەندامی لێکۆڵینەوەی زەویناسی. یەکەمین ژنە کە ڕۆژنامەکەی بردە بەردەمی کۆمەڵەی زەویناسی واشنتون، یەکەمین ژنە کە بووە ئەندامی شوورای کۆمەڵەی زەویناسی ئەمریکاو هەروەها یەکەمین ژن بوو کە بووە جێگری سەرۆکی لێکۆڵینەوەی زەویناسی ئەمریکا. فلورانس یەکێك لە پسپۆرەکانی کەویرناسی، بلوورناسیو کانزاناسی بوو. ئەو سەرنووسەری ڕۆژنامەیەك بوو کە لە ١٨٩٦ تا ١٩٠٥ بە ناوی زەویناسی ئەمریکا دەرچووە. باسکوم شایانی ئەوەیە کە بۆ سەرجەم ئەو کارانەی ئەنجامی داون ڕێزی بگیرێ.

# Simone de Beauvoir
## سیمون دێ دبیوڤۆیر



سیمون لویس ئێرنیستاین ماری بارتراند دێ بیوڤۆیر ڕۆژی ١٩٠٨/١/٩ لە پاریس لەدایك بوو. خوێندنی فەلسەفەی لە ساڵی ١٩٢٩ لە سۆربون تەواو کرد. ساڵی ١٩٣١ تا ١٩٤٣ بووە بە مامۆستا، بەڵام لەساڵی ١٩٤٣ دەستی بەکارە سەرەکیەکەی خۆی واتە نووسین کرد. زۆربەی کارەکانی تایبەت بوون بە بۆچوونەکانی لە سەر "ئێگزیستێنیالیزم" واتە باوەڕ بەبوون، تاکە کەس و ئازادییە تاکە کەسییەکان و هەروەها باوەڕە فیمینیستییەکان. لە ساڵی ١٩٤٣ کتێبی "ئەوهات هەتا بمێنێتەوە"ی نووسی. لەو کێشەدا چۆنیەتی مامەڵەکردنی ویژدانی مردنی لەگەڵ ویژدانەکانی دیکە وەك دوژمنەکان و ئامانجەکانی کۆمەڵی هێنابووە بەرچاوی خوێنەر. لە ساڵی ١٩٤٤دا (خوێنی ئەوانی دیکە)ی نووسی. کتێبی (ماندارینەکان) کە بە توێژێك لە چینییەکان دەوترێ، لە ساڵی ١٩٥٤ چاپ کراو خەڵاتی پریکس گانکورتی وەرگرت. لەم





کتێبەدا گۆڕینی حاڵەتی کەسایەتی بۆ ئاڵوگۆڕی چالاکی سیاسی هاتبووە ئاراوە. لەساڵی ١٩٦٤ کتێبی (مەرگێکی زۆر ئاسان)کەوتە بازار کە لەودا مامەڵە کردن لەگەڵ کێشە کۆنەکان و هەڵسوکەوتی کۆمەڵ بۆ بەرەوپێش چوون باسی لێوە کرابوو.

سیمۆن دوو کتێبی بیوگرافی (ژیاننامە)ی نووسی کە یەکێکیان لەساڵی ١٩٥٨ لە ژێر ناوی (بیرەوەرییەکانی کچێکی ئەرك ناس) ئەوەی دیکەش "هەموو وتیان و ئەنجامیان دا" کە ساڵی ١٩٧٢ چاپ کرا. لە کارە بیوگرافییەکانیدا سیمۆن دیمەنێکی لە ژیانی خۆی و چۆنیەتی بەرەوپێش بردنی کارەکان پیشان داوە. ڕەنگە بەناوبانگترین کاری سیمون ئەو وتارە بێت کە لە ژێر ناوی "دووهەمین سێکس"دا نووسیویەتی، کە تێیدا هەڵوەشانەوەی مەرجەکانی هاوسەری هەمیشەیی، یەکسانی لە کردەوە سێکسییەکان بۆ پیاوو ژن و ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگادا دێنێتە بەر باس. کە ئەمە بووە وتارێکی فیمینیستی لەو سەردەمەدا.

جگە لە کاری نووسین، سیمۆن بووە یەکێك لە پێشڕەوانی بزووتنەوەی فیمینیستی و پشتگیری لە مافی بوون، هەروەها وتووێژێکی مانگانەی پێك هێنا کە لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانی دیداری دەکرد. سیمون ڕۆژی ١٩٨٦/٤/١٤ لە تەمەنی ٧٦ ساڵی و لە پاریس کۆچی دوایی کرد.

# Aphra Behn

## ئافرا بێن



ئافرا بین جوهانسون ساڵی ١٦٤٠ لە بریتانیا لەدایك بوو. زۆربەی ئەو شتانەی لە سەر ئەو دەزانرێ لە ساڵو کاتی رووداني هەر کارێك گوماني تێدایە. کاتێك تەمەنی گەیشتە دەوری ٢٣ ساڵ، بۆ ماوەی ساڵێك دەبوو کە لە "سۆرینەیم" ژیانی بەسەردەبرد. لە ساڵی ١٦٦٤ لەگەڵ دۆکێك (بە پیاو ماقوڵانی ئینگلیز دەڵێن)دا ژیانی هاوبەشی پێك هێنا، کە نازناوی بێن بەرهەمی ئەو کارە بوو. وا پێدەچێ کە هاوسەرەکەی ساڵێك دواتر مردبێت.

لە ساڵی ١٦٦٧ ئافرا بووە نوێنەری ١٦٠ای چارلسی دووهەم لە ئانتورپ، بەڵام لە ساڵی ١٦٦٨ گیرا. ئافرا لە ساڵی ١٦٧٠ دەستی کرد بە نووسینی نۆتو کتێب. یەکەمین کاری داناني نۆتێك بوو بەناوی (مارەیی زۆرەملێ) کە لە سەیرانگای لینکوڵن پێشکەش کرا. بەدوای ئەوەدا لانیکەم هەموو ساڵێك ئاهەنگێك یان کتێبێکی دەنووسی. لە ساڵی ١٩٧١ کتێبی "شازادەی ئەویندار"و لە ساڵی ١٩٧٢ "گاڵتەی باغچەی کاڤینت"ی بە چاپ





گەیاند. ساڵی ١٦٧٣ نۆتی "دۆکی ئەویندار"ی داناو لە ساڵی١٩٧٥دا "تۆڵە یان پێوەندی لە رێگەیەکی نوێوە"و "ژنەکە یاغی بوو"ی تەواو کرد. لە هاوینی ساڵی ١٦٧٦ ئارفرا نۆتی "ئابدیلازیر" و "گێلی شارەکەی" دانا. لە ساڵی ١٩٧٧دا زۆر پڕکار بوو. "ئاوارە" بەرهەمی ئەو ساڵەیەتیو هەروەها "بڵح" و "زاوای دەستکرد" بەرهەمەکانی دیکەی بوون. ساڵی ١٦٧٨ "بەرێز پاشنیت فانسی" ساڵی ١٦٧٩ "ژنە خراپەی خۆڕانەر" ، "شای لاو"، ساڵی ١٦٨٢ "میراتگری شار" ، " وەك باوك، وەك کوڕ" بەشێك لە بەرهەمەکانی ئافران. بە پێچەوانەی زۆربەی بەرهەمەکانی "وەك باوك، وەك برا" بەرهەمێکی سەرکەوتوو نەبوو. بەهۆی ئەم شکستەوە ئافرا بۆ ماوەیەکی کورت وازی لە نووسینی نۆت هێنا. لە ساڵی ١٦٨٣ یەکەمین رۆمانی نامەیی لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا بە ناوی "نامەکانی خۆشەویستی نێوان نەجیب زادەیەكو خوشکەکەی" چاپ کرد. لە ساڵەکانی ١٨٦٤، ١٨٦٥ دوو کتێبی شێعری بە ناوەکانی "شێعر لە چەند دەلاقەیەکەوە" و "هەمەڕەنگ" نووسی. لەساڵی ١٦٨٨ رۆمانی خەیاڵی بە ناوەکانی "بێوەفای جوان"، "ئاگنێس دێ کاسترو" و "ئورونۆك"ی نووسی. ئافرا بین رۆژی ١٦٨٩/٤/١٦ کۆچی دوایی کردو لە وێستمینتر بە خاك سپێرا. ئەو یەکەمین ژن بوو کە ئەرکی سەرەکی نووسەری بوو، هەروەها لە پێشرەوانی ئەدەبیاتی ئینگلیزیو یەکێك لە گرینگترین داهێنەرانی نوێکاری لە رۆماندا بوو.

# Ruth Fulton Benedict
## رۆت فولتون  بێنێدیکت




رۆت فۆڵتۆن ساڵی ١٨٨٧ لە شاری نیویۆرک لەدایك بوو. ئەو کات کە تەمەنی ١٨ مانگ بوو باوکی کۆچی دوایی کردو دایکی بنەماڵەکەیانی بۆ زۆر شوێن گوێزتەوە. پێش ئەوەی لە ساڵی ١٨٩٨ بچنە ماڵەکەی خۆیان لە "بۆفالو"ی نیوێورك چووبوونە "میسوری"و "مینێسوتا". رۆت خوێندنی فەلسەفەی "بێتاکاپا"ی لە کۆلێژی "ڤاسار" تەواو کرد. پاشان لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێکانی کۆلێژی بۆ ماوەیەك سەردانی ئەورووپای کرد. ساڵی ١٩١٠ رۆت لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتییەکاندا کاری دەکرد. پاشان لە ساڵی ١٩١١ هەتا ١٩١٤ بووە مامۆستا.

رۆت ساڵی ١٩١٤ لەگەڵ مامۆستایەکی زیندەوەرناسی لە "خوێندنگای پزیشکی کورنیل" بە ناوی "ستێنلی بێنێدیکت" ژیانی هاوسەریەتی پێك هێنا. ٥ ساڵ دوای زەماوەندەکەی رۆت



سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا

بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی چەند دەورەیەکی دەست پێکرد. کە یەکەمیان لە زانکۆی "کولۆمبیا"و ئەوەی دیکەیش لە "نیوسکۆل" بوو. ئەم دەورانە بوونە هۆی دروست بوونی هۆگری ئەو بۆ "ئاتروپۆلوجی" واتە مرۆڤناسی کە بەدواداچوونێکە لەسەر بنەما، هەڵسوکەوت‌و گەشەسەندنی مرۆڤ. ئەو لە ساڵی ١٩٢٥ تا ١٩٤٠ وەك سەرنووسەری رۆژنامەی بیروباوەڕی ئەمریکایەکان کاری دەکرد.

لە ساڵی ١٩٤٨ رۆت وەك یەکەمین ژن توانی ببێتە مامۆستای تەواو وەخت لە ریزی مامۆستایانی زانستی سیاسیدا. پاشان بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر "هێندی" ، "سیرانۆ" ، "کۆچیتی"و "پیما"کان سەردانی کالیفرنیای کردو چووە "ئاریزۆنا" بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر "ئاپاچی مسکالیرۆ" وە. هەروەها بۆ شارەزابوون لە سەر "بلاك فووت" (پێ‌رەش)ەکان سەفەری بۆ ناوچەکانی باکووری رۆژئاوا کرد. بەرهەمی ئەو لێکۆڵینەوانە نووسینی سێ کتێب بوو بە ناوەکانی "چیرۆکی کوچیتی هێندییەکان" لە ساڵی ١٩٣١، "گەلاڵەکانی کەلتووری" لەساڵی ١٩٣٤ و "زۆیاتولوجی" ساڵی ١٩٣٥. کتێبی "گەلاڵەکانی کەلتووری" باشترین کڕیاری هەبوو، چونکە "کەلتووری" بەشێوەیەکی راستەقینە لەناو خەڵکدا شیکردبۆوە. ئەو هەروەها وتارێکی بەناوی "مەری وڵستونکرافت"ی نووسی کە بە چاپ نەکراوی مایەوە.

رۆت لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا چووە ژاپۆن‌و یارمەتی بازنەی زانیارییەکانی شەڕی دەکرد. وەدەست هێنانی ئەو ئەزموونە بوو کە توانای لە ساڵی ١٩٤٦دا کتێبی "گوڵە بەیبوونەکان‌و شمشێر: شێوازی کەلتووری ژاپۆنییەکان" بنووسێ کە ڕێژەیەکی زۆری لێفرۆشرا. ئەو کتێبە ئێستاش وەك سەرچاوەیەکی گرینگ لە سەر کەلتووری ژاپۆنی‌یەکان بەکار دەهێنرێت. رۆت رۆژی ١٩٤٨/١١/١٧ لە شوێنی لەدایك بوونی، واتە: نیۆیۆرك کۆچی دوایی کرد.



سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا

# Shirly Temple Black

## شێرلی تیمپل بلاک



شێرڵی سەبارەت بە ژیانی خۆی دەڵێت:" ئەگەر ناچار بوایەتم هەموو ئەو شتانەم دووبارە ئەنجام بدایەتەوە هیچ شتێکم نەدەگۆڕی."

شێرلی تیمپڵ رۆژی ١٩٢٨/٤/٢٣ لە سانت مونیکای کالیفۆرنیا چاوی بە دونیا هەڵێنا. لە تەمەنی دوو ساڵییەوە خەریکی فێربوونی گۆرانی ووتن‌و سەماکردن دەبوو، لە تەمەنی سێ ساڵ‌و نیوەیشی‌دا بووە ئەکتەر. شێرلی بۆ ماوەی پێنج ساڵ خاوەنی زۆرترین لایەنگر بوو کە لە فیلمەکانی "خاتوونی بچووکی بازاڕی پارە" ،"بچووکە هەژارەکەو کچە دەوڵەمەندەکە"، "شازادەی بچووك"، "ڕێبێکای کانیاوە بەردینەکە"، "کەپرەکەی مامە تۆم"............هتد رۆڵی گێڕا.

شێرلی لە ساڵی ١٩٣٤ لە لایەن ئاکادیمی هونەرو زانستی وێنە زیندووەکانی ئەمریکا وەك کەسایەتی ناوداری ساڵ هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٣٥ شێرلی گەنجترین ئەکتەر بوو کە

خەڵاتێکی ئاکادیمی بردەوە. وێڕای ئەوەی کە شێرلی گەورە دەبوو، لایەنگرانیشی وردە وردە کەمتر دەبوونەوە. لە ساڵەکانی ٤٠دا زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی بە ناوی "شێرلی تیمپڵ" بڵاو بۆوە کە ئەوەندە لاواز بوو ناچار بوون رایگرن. لە ساڵی ١٩٤٥ شێرلی لەگەڵ پیاوێك بە ناوی "جان ئاگەر" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا کە کچێکی لێی بوو، بەڵام چوار ساڵ دوای بوونی کچەکەیان لێك جیا بوونەوە. دواتر لەگەڵ پیاوێك بە ناوی "چارلز بلاك" زەماوەندی کرد کە دوو منداڵیان بوو.

لە ساڵی ١٩٧٤ شێرلی بۆ ماوەی دوو ساڵ بووە سەفیری ئەمریکا لە وڵاتی غێنیا و یەکەم ژن بوو کە وەك سەرۆك لەو بەشەدا کاری کرد. ئەو ژیاننامەی خۆیشی بە ناوی "ئەستێرەی منداڵ" نووسی کە چەند خەڵاتی وەرگرت. دوو جۆرە بووکەڵەو مەی بەناوی ئەوەوە دروست کراون "دیرتی شیرلی" و "شیرلی تیمپل کوکتەیل". شێرلی لەم ساڵانەی دوایدا خانەنشین بوو.



سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا

# Elizabeth Blackwel

## ئێلزابێت بلاك وێل



ئێلزابێت بلاك وێل ساڵی ١٨٢١ لە نزیك بریستۆڵی ئینگلترا لەدایك بوو. کاتێك تەمەنی ١١ ساڵ بوو ماڵو دوکانەکەی باوکی ئاگری گرت. ماڵیان گوێزاوە بۆ نیۆیۆرك. بە دوای ئەو رووداوەدا زۆر شوێن گەڕان، ئەوان ساڵی ١٨٣٥ لە شاری "جێرسی" لە هەرێمی "نیوجێرسی"وە ساڵی ١٨٣٥ لە "سینسیناتی ئوهایو" نیشتەجێ بوون کە باوکی لەوێ کۆچی دوایی کرد. دوای مەرگی باوکیان ئێلزابێتو بنەماڵەکەی بۆ بەڕێوەبردنی ژیانیان قوتابخانەیەکی تایبەتییان کردەوە.

ئێلزابێت لە قوتابخانەکەیش لە "کێنتاچی" وانەی دەوتەوە، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت هەستی بە بێزاریو ماندوویی کرد. بڕیاریدا بچێتە نێو ئەرکی پزیشکییەوە و ببێتە نەشتەرگەر. ئەو لە لایەن پزیشکە پیاوەکانەوە بێحورمەتی پێکراو هەروەها داواکارییەکانی بۆ زانکۆکانی "یالە"، "هاروارد" و "بۆردین"

بەهۆی ژن بوونی رەت کرایەوە. ساڵی ١٨٤٨ لە لایەن کۆلێژی ژنیڤ لە هەرێمی نیۆیۆرک وەرگیرا. هاوینی ئەو ساڵە لە بەرنامەیەکی نەخۆشخانەی "فلادلفیا" لە پراکتیکە پزیشکییەکاندا بۆ یەکەم جار بەشداری کرد. ئەو لە ساڵی ١٨٤٩ وێڕای ئەوەی بووە هاوڵاتییەکی ئەمریکایی، یەکەمین ژنیش بوو کە توانی بڕوانامەیەکی پزیشکی بەدەست بێنێ.

ئێلیزابێت بە سەفەر گەڕاوە بۆ ئورووپا و کاتێک چووە پاریس، لە دەورەیەکی مامانی بەشداری کرد. لەهەمان ماڵدا تووشی نەخۆشی چاو ئێشە هات کە بووە هۆی کوێربوونی چاوێکی و هەرەس هێنانی خەونەکانی بۆ بوون بە نەشتەرگەر. بەو حاڵەش کۆتایی بە ویستەکانی واتە یارمەتی خەڵك نەهێنا. لە ساڵی ١٨٥١ گەڕاوە بۆ نیۆیۆرک هەتیوێکی بە ناوی "کاترین بەری" کە بە "کەتی" ناوی دەبرد وەك منداڵی خۆی وەرگرت. ئێلیزابێت ماوەیەکی زۆر لە کاتی بە نووسینی "گرینگی تەندروستی" تێپەڕ دەکرد و توانی سەرنجی رێکخراوێک رابکێشێ بۆ ئەوەی نەخۆش بنێرن بۆ لای . بەو هۆیەوە کە خەڵکێکی زۆر سەردانیان دەکرد، لە ساڵی ١٩٥٣ سەنتەرێکی لە نیۆیۆرک کردەوە. خوشکەکەی "ئێملی "و پزیشکێك بە ناوی "ماری زاکرزویسکا" یارمەتییان ئەدا. کە ئەو ناوەندە بووە باشترین تیمارگا بۆ چارەسەری نەخۆشی ژنان و منداڵان لە نیۆیۆرک.





لە ساڵی ١٨٥٨ ئەلیزابێت گەڕاوە بۆ بەریتانیا وەك یەکەمین ژن بووە ئەندامی پزیشکانی ئەو وڵاتە. لە ساڵی ١٨٦٨ کۆلێژی پزیشکی ژنانی لە تیمارگای نیۆیۆرک دامەزراند. ساڵی ١٨٧١ کۆمەڵەی تەندروستی نەتەوەیی رێکخست. لە ساڵی ١٨٧٥ بووە مامۆستای پسپۆڕ لە نەخۆشی ژنانی نەخۆشخانەی ئازادی (دواتر بە نەخۆشخانەی نوێ ناوی دەرکرد) لە خوێندنگای پزیشکی ژنانی لەندەن. ئێلیزابێت ساڵی ١٩١٠ لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

# Bonnie Kathleen Blair

## بۆنی کاتلین بلەیر



بۆنی رۆژی ١٩٦٤/٣/١٨ لە "کارانۆڵ"ی نیویۆرك لەدایك بوو. باس کردن لە سەر بۆنی بە لێهاتوویی ئەو لە خلیسکێنە دەست پێدەکات. ئەو کاتەی کە تەنیا ٤ ساڵ تەمەنی بوو، دەستی بە یاری خلیسکێنە کرد. ساڵی ١٩٨٦ نازناوی خێراترین یاریکەری لە خلیسکێنەی ماوە کورتی جیهانی، فەرەنسا وەدەستهێنا. ساڵی ١٩٨٧ تۆمارێکی نوێی لە خلیسکێنەی ٥٠٠ متردا خولْقاند. هەروەها ئەو ساڵە بۆ یەکەمین جار لە کێبەرکێی خێرایی لە جیهاندا سەرکەوتوو بوو. لەوکاتەدا برایەکی تووشی ئاوسانی مێشك بوو، هەربۆیە بۆنی دەستی کرد بە کۆکردنەوەی پارە بۆ یارمەتی بە ئەنجومەنی ئاوسانی مێشکی ئەمریکا.

رۆژی ١٩٨٨/٢/٢٢ بۆنی لە ئۆلەمپیکی کانەدا میدیاڵێکی زێڕی لە ٥٠٠ میترو میدیاڵێکی برونزی لە ١٠٠٠ میتردا وەرگرت. لە ئۆلەمپیکی ١٩٩٢ی فەرانسە لە ٥٠٠ میترو ١٠٠٠ میتریشدا میداڵیای زێری وەدەست هێنا. جارێکی دیکەش لە



سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا

ئۆلەمپیکی ساڵی ١٩٩٤ی نەرویج لەو دوو بوارەدا میدیاڵێکی زێڕی وەرگرتەوە. لەهەمان ساڵدا نازناوی خێراترین کەسی لە کێبەرکێکانی جامی جیهانی بۆ ٥٠٠و ١٠٠٠ میتر وەدەست هێنا. لە ساڵی ١٩٩٥ جارێکی دیکە توانی سەرکەوتن وەدەست بێنێ و نازناوی ساڵی پێشوو بۆ خۆی بپارێزێ. هەر لەو ساڵەدا بۆنی پێوانەیەکی نوێی لە ١٠٠٠ میتردا بۆ خۆی تۆمار کرد، کە لەگەڵ رۆژی لەدایك بوونەکەی ١٨ی مارس هاوکات بوو.

بۆنی تەنیا یاریکەرێکی خلیسکێنە نەبوو، چونکە ئەو زۆر کاری دیکەی کردووە کە یارمەتی خەڵکیان داوە. لە ساڵی ١٩٩٣ بۆ کۆکردنەوەی پێویستییەکان دوای ئەو سێلاوەی ناوچەکانی ناوەندی رۆژئاوای گرتبۆوە، هاوکاری دەکرد. ئەو لە خەڵاتەکەی ئۆلۆمپیکی خۆی ٥٠٠٠ دۆلاری وەك یارمەتی نارد بۆ "بۆسنی". هەروەها بە یارمەتی ئۆلەمپیکی ئاتلانتا هاوکاری کۆکردنەوەی پارەی دەکرد بۆ بریندارانی شەڕ لەهەموو جیهاندا. دواهەمین کێبەرکێی بۆنی لە ١٨ی مارسی ١٩٩٥دا بوو کە لەو کێبەرکێیەدا تۆمارەکەی لە ١٠٠٠ میتردا هێنا خوارێ.

# Rosa Bonheur
## ڕۆزا بۆنیور




ڕۆزالی کە بە ڕۆزا ناودەبرا لە ساڵی ١٨٢٢ لە بۆردیوکسی فەرەنسا لەدایك بوو. باوکی ڕۆزا قوتابخانەیکی هونەری بەڕێوە دەبرد، چونکە وێنەکێش بوو، لەهەمان حاڵدا ڕۆزای فێری وێنەکێشان دەکرد. ڕۆزا لە سەرەتای ڕاهێناندا لە گیانلەبەرانی دەروانیو لە زۆربەی وێنەکاندا لەوان ئیلهامی وەردەگرت. کاتێك بنەماڵەکەی ماڵیان بۆ دێهات گوێزتەوە، بۆ ڕۆزا جێگای دڵخۆشی بوو کە زیاتر دەیتوانی سەرنجی گا، مەڕ، بزنو ئەسپەکان بدات. تەنانەت دەچووە کوشتارگەکان. ئەو وای هەست دەکرد کە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ گیانلەبەران لەبەرکردنی جلوبەرگی پیاوان گونجاوترەو لە لایەن حکومەتەوە ڕێگای پێدرابوو ئەو کارە بکات. وەرزی زستان بەو هۆیەوە نەیدەتوانی بچێتە دەرێ. لە زۆربەی گیانلەبەرکانی وەك: مەڕ، بزن، سمۆرە، ژمارەیەك کەروێشك، مراوی، شەیتانۆکەو هەروەها سیاوێکی ئاوی لە





ماڵەوە ڕاگرتبوو. کاتێك ١٩ ساڵ تەمەنی بوو لە ژێر چاودێری "دیکس لاپینس" و "چێڤرێس ئەت مەتونس" پێشانگایەکی کردەوە. ئەو کارەی بە ڕادەیك سەرکەوتوو بوو کە وای لێکرد پێشانگایەکی جیهانی بکاتەوە.

لە ساڵی ١٩٤٨ یەکەمین تابلۆی گرینگی خۆی بە ناوی "جووت کردن لە نیڤێرنایس" کێشایەوە کە لە وێنەگای "لوگزامبورگ" لە پاریس لە لایەن حکومەتی فەرەنسەوە دانرا. ساڵێك دواتر بەهۆی مەرگی باوکی قوتابخانەی هونەرەکەی داخست. ئەمجارە بە گوڕی زیاترەوە چوە سەر وێنەکێشان لە ساڵی ١٨٥٣ "پێشانگای ئەسپ" و لە ساڵی ١٨٨٧ پێشانگای "لەشیر گرتنەوەی گوێلکەکان" کردەوە کە هەردووکیان زۆر سەرکەوتوو بوون. ئەو وێنانە لە مۆزەخانەی هونەری میتروپولیتەن لە شاری نیۆیۆرك ڕاگیرابوون. لە ساڵی ١٨٥٣ خەلاتی ڕێزلێنانی لە لایەن ناپلیۆن پێبەخشرا، بەلام هەتا چەند ساڵ دواتر بەدەستی نەگەیشت.

ساڵی ١٨٩٦ ڕێگە بە ژنان درا بچنە قوتابخانەکانی هونەر، بەلام ڕۆزا بۆ خۆی پێشتر ئەو ڕێگەیەی بڕیبوو. ئەو ڕۆژی ١٨٩٩/٥/٢٥ لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. بەلام پێش مەرگی هەموو قۆناغەکانی ژیانی تا کاتی مردن کێشابۆوە.

# Louise Arner Boyd
## لویس ئارنێر بوید



لویس ئارنیر بوید ساڵی ١٨٨٧ لە سان رافایلی کالیفرنیا نزیك سەفرانسیسکۆ چاوی بە دونیا هەڵێنا. کاتێك تەمەنی گەیشتە ١٣ ساڵ، هەموو داراییەکان بنەماڵەکەی بە میرات پێگەیشتو هەر ئەوکات سەفەری بۆ دەوری ئەورووپا دەست پێکرد. ساڵی ١٩٢٤ لە گەشتێکی دەریایی بۆ نۆرویێژ چاوی بە ناوچەکانی باکووری ئەورووپا کەوت کە بووە هۆی سەرنج راکێشانی بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر جەمسەری باکوور. ساڵی ١٩٢٦ بە مەبەستی دیتنی دیمەنە سەرنج راکێشەکانی ئۆقیانووسی بەستەڵەکی باکوور لەگەڵ هێندێك لە هاوڕێیانی بە کەشتیەکی نەرویجی بەرەو ئەوێ سەفەریان کرد.

ساڵی ١٩٢٨ لویس یەکەمین راسپاردەی خۆی بۆ باکوور دەست پێکرد. راسپاردەی ئەو دۆزینەوەی لێکۆلەرەوەیەکی نەرویجی بە ناوی "رۆالد ئاموندسێن" بوو کە ئەویش لە هەوڵی دۆزینەوەی لێکۆڵەرەوەیەکی ئیتالی بە ناوی "ئامبیرتۆنوبایل"





وون ببوو. ئەو تەنیا کاری لێکۆڵینەوەی نەدەکرد، بەڵکوو بە داراییەکەی لە سەر پرۆژە ئابووریەکانیش کاری دەکرد کە داهاتێکی زۆری بۆ بنەماڵەکەی دەستەبەرکرد دەکرد. بۆ دۆزینەوەی شوێنەواری "ئاموندسێن" بە درێژایی ١٠٠٠٠ مایل کە بەرانبەرە لەگەڵ ١٦١٠٠ کیلۆمیتر سەفەری کرد، بەڵام هیچ ئاکامێکی وەرنەگرت. لەهەمان حاڵدا بەهۆی ئەو هەموو هەوڵەوە لە لایەن حکوومەتی نەرویجەوە خەڵات کرا. لویس لە ساڵی (١٩٣١)ەوە هەموو ساڵێك سەفەری بۆ ناوچەکانی باکوور دەکرد. ئەو ساڵە گریلەندی باکووری خۆرهەڵاتی دۆزیەوەو لە سەر پێکهاتەی سەهۆڵەکان، ژیانی گیاو گیانلەبەران لە سەهۆڵبەندانی "دێگیر" دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد. سەبارەت بەو لێکۆڵینەوانەیە ئەو ناوچەیەی کە لە لایەن ئەوەوە دۆزراوەتەوە بە "لویس بوید لەند" دەناسرێت.

ساڵی ١٩٣٣ لویس یەکێکی دیکە لە لێکۆڵینەوەکانی کە لە لایەن "کۆمەڵەی جوغرافیای ئەمریکا"ەوە یارمەتی ئەدرا دەست پێکرد. جارێکی دیکە تاقیکردنەوەکانی لە سەر پێکهاتەی سەهۆڵەکان دەست پێکرد. ئەو قوڵایی ئۆقیانووسی لە کەنارەکاندا پێوانە کرد. هەروەها لە ساڵی ١٩٣٧ هەتا ١٩٣٨ لێکۆڵینەوەی لە قوڵایی ئۆقیانووسی بەستەڵەکی باکوور ئەنجام دا. بەم لێکۆڵینەوانە لە بوونی زنجیرەیەك شاخ لەژێر ئاودا دڵنیا بوو، کە دەکەوێتە نێوان دورگەی "ماین"و دوورگەی "بیەر".

لە ساڵی ١٩٣٩ و ١٩٤٠ بە هۆی روودانی شەڕی دووهەمی جیهانی هیچ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجام نەدا. بەڵام ساڵی ١٩٤١ بە هاوکاری وڵاتە یەکگرتووەکان لێکۆڵینەوەیەکی پێك هێنا کە تاقیکردنەوەی لە سەر کاریگەری پێکهاتەی موگناتیسی جەمسەرەکان لە سەر پێوەندیە رادیۆییەکان دەست پێکردو هەروەها وەك راوێژکاری ستراتیژی نیزامی خزمەتی دەکرد. ساڵی ١٩٤٥ بە هۆی پێشکەش کردنی ئەو خزمەتانەوە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە پێناسی ئەو وڵاتەی پێبەخشرا.

لویس، یەکەمین ژن بوو کە بە فڕۆکە بە سەر جەمسەری باکووردا تێپەڕی. ئەو پاشماوەی ژیانی لە "سان فرانسیسکۆ"ی کالیفۆرنیا بەسەر بردو هەر لەوێش ساڵی ١٩٧٢ کۆچی دوایی کرد.





# Pearl Sydenstriker Buck
## پیرڵ سیدینستریکر باک



پیرڵ لە کتێبی "پردێك بۆ پەڕینەوە:" کەسێك نیوەی ژیانی لە ئاسیا تێپەڕ کات، ناتوانێ نەگەڕێتەوە بۆ ئەوێ. ئەگەر نەچومایەتە ئەوێ شتی وام نەدەزانی، نەمدەزانی لەکوێیەو نە کاریگەری چییە. لە گۆڕانی جیهانی ئێمەدا هیچ شتێك بە رادەی جوگرافیا هەڵگی گۆڕان نییە. وڵاتی خۆشەویستی چین،ماڵی سەردەمی منداڵی و لاویم، بۆتە وڵاتی قەدەغەکراو. من لە بەکارهێنانی وشەی دوژمن بۆ ئەو وڵاتە خۆم دەبوێرم، لە یادەوەرییەکانمدا خەڵکی ئەو وڵاتە زۆر خۆشەویست و سروشتەکەی زۆر دڵرفێنە."

پێرڵ سیدینستریکر ساڵی ١٨٩٢ لە هیلسبرۆی ڤیرجینیای خۆرئاوا لەدایك بوو. ئەو بەشێکی زۆر لە سەردەمی تەمەنی منداڵی لە وڵاتی چین بەسەربرد زمانی چینی وەك یەکەمین زمان و

پاشان ئینگلیزی فێربوو. ئەو تا تەمەنی ١٥ ساڵی لە لایەن دایکی و مامۆستایەکی قوتابخانەی چینی فێری خوێندەواری دەبوو. کاتێك تەمەنی گەیشتە ١٥ ساڵی، چووە قوتابخانەیەکی شەوو رۆژی "شانگها"ی تا ١٨ ساڵی لەوێ ماوە پاشان گەراوە بۆ "ڤیرجینیا" لە کۆلێژی ژنانی "راندۆلف ماکون" زانستی دەروونناسی خوێند. ساڵی ١٩١٤ دوای کۆتایی هاتن بە خوێندنەکەی گەریەوە بۆ چین.

لە گەرانەوەی بۆ چین لەگەڵ دوکتور "جان لاسینگ باك" چاوپێکەوتنی کردو پاشان ژیانی هاوبەشیان پێك هێناو لە گوندێکی باکووری چین نیشتەجێ بوون. تا کاتێك کە چوونە "ناکینگ" خۆی ئەرکی مامۆستایی و هاوسەرەکەی وەرگێری دەکرد. لە "ناکینگ" بووە مامۆستای ئینگلیزیو ئەدەبیاتی ئەمریکا لە زانکۆدا. پیرل ساڵی ١٩٢٩ بڕوانامەی ماجستێری ئادابی لە زانکۆی "کۆرنیل" وەرگرت. ساڵێك دواتر گەراوە بۆ چین. پاش ماوەیەکی کورت لەگەڵ بنەماڵەکەی چوونە ژاپۆن. لەساڵی ١٩٣١دا یەکەمین رۆمانی خۆی بە ناوی "زەوی باش" نووسی کە زۆر ناوبانگی دەرکردو تەنانەت کرا بە فیلم کە هەر لە ساڵی یەکەمدا یەك ملیۆنو هەشت سەد هەزار کۆپی لێفرۆشراو خەلاتی "پۆلیتزێر"ی ساڵی ١٩٣٢ی بردەوە. ساڵی ١٩٣٢ "کورەکان"و ساڵی ١٩٣٥ "ماڵێکی دابەشکراو"ی وەك پاشکۆی ئەو کتێبە نووسی.





ساڵی ١٩٣٦ پیرل بووە ئەندامی ئەنستیتۆی نەتەوەیی ئاداب لە ساڵی ١٩٣٨ خەڵاتی ئەدەبی نۆبیلی وەرگرت. سالێك دواتر کتێبی "نیشتمانپەروەر"ی نووسی، ئەرکی بەخێوکردنی ٩ منداڵی وەئەستۆ گرت. لە ماوەی جەنگی دووهەمی جیهانیدا پیرل وتارێکی لە سەر دێموکراسیو هەستی ئەمریکایەکان بەرانبەر بە ئاسیا نووسی. ساڵی ١٩٤٩ کتێبی "ژنی تووڕە"ی نووسیو لە ساڵی ١٩٥١ بە ئەندامی ئاکادیمی هونەرو ئەدەبی ئەمریکا هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٥٢ پیرل کتێبی "گوڵە داپۆشراوەکان"ی نووسیو لەگەڵ هاوسەرەکەی بوونە ئەندامی ئەنجومەنی خۆرهەلاتو خۆرئاوا کە بۆ تێگەیشتنی دوو لایەنە لە نێوان ئەمریکاو ئاسیادا دامەزرابوو. "پیرل باك" رۆژی ٦ی مارسی ١٩٧٢ لە تەمەنی ٨٠ ساڵیداو لە "دانبی ڤێرمونت" کۆچی دوایی کرد. پیرل چالاکێکی مافی ژنان، مرۆڤ دۆست، نووسەرێکی تامەزرۆی ژیان لە چین بوو. پێش مەرگی لە سەر سێهەمین پاشکۆی "زەوی باش" بە ناوی "زەوی سوور" دەستی بەکار کرد، بەڵام نەیتوانی تەواوی کات.

# Marie Anne Camargo
## ماری ئان کامارگۆ



رەخنەگرێك سەبارەت بە ماری ئان کامارگۆ دەڵێت: ئەگەری ئەوە هەیە بەهۆی تێگەیشتنی لە مۆسیقا، پێکهاتەی لەشیو هێزی خۆڕاگرتنی ئەو ببێتە بەتواناترین سەماکەر.

ماری ساڵی ١٧١٠ لە بلژیكو لە نێو بنەماڵەیەکی ئیسپانیایی چاوی بە دونیا هەڵێنا. ئەو راهاتن لە سەما لای "مل فرانکویس پریڤوست" دەست پێکردو رۆژی ١٧٢٦/٥/٥ لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بۆ یەکەم جار دەرکەوت، ئەو سەماکانی لەگەڵ "ئۆپێرای بالێتی پاریس" دەست پێکرد.

لە سەرەتادا، ماری یەکەمین ژن بوو کە سەمای "ئینترچات کواری"پێشاندا، لەم جۆرە سەمایەدا، سەماکەر چوار جار لە کاتی هەڵخستنەوەدا لاقەکانی لێك دەگێراند. لە ساڵی ١٩٣٠ گەشەی بەو جۆرە سەمایەدا. دەوترێ کە ماری لە داهێنانەکانیدا لە سەدا نەوەد سەررکەوتوو بووە. کاریگەرییەکی دیکە کە لە



سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا

سەر سەما داینا گۆڕینی پێڵاوە ناڵچەدارەکان بوو بۆ پێڵاوی تەختو هەروها کورتکردنەوەی تەنوورە (دامن)ی سەما. ئەو دوو گۆڕانکاریيە دواتر لە سەما وەرزشیو هونەرییەکاندا رەنگیان داوە. ساڵی ١٧٣٤ ماری لە سەما دەستی هەڵگرتو بووە ئەوینداری "کومت دێ کلیمونت"، بەڵام هەرگیز ژیانی هاوبەشیان پێك نەهێنا. دە ساڵ دواتر لە ساڵی ١٧٤١دا ماری گەراوە سەر سەماکردنو ٧٨ جۆر سەمای بە سەرکەوتووییەوە ئەنجام دا. ئەو لە ساڵی ١٧٥١ بە هۆی خزمەتی شایانی بە سەما هونەرییو وەرزشییەکان بە مافی خانەنشینی حکوومەتی فەرەنسەوە دەستی لە کار کێشایەوەو لە ساڵی ١٧٧٠ کۆچی دوایی کرد.

ماری نەك هەر لە سەماکردندا، بەڵکو بەهۆی بوونی لایەنگرانی لە زۆربەی شێوازەکانی هونەردا شوێنی دیار بوو. لە سەر چەندین جۆر خواردن ناوی دانابوو. ژمارەیکی زۆر لە وێنەکێشو پەیکەرتاشەکان لە سەر ئەو کاریان دەکرد. یەکێك لەوان "لانکرێت" بوو کە تابلۆیەکی ناونابوو "کامارگۆ". ساڵی ١٩٢٨ سەمایەکی کمارگۆیش لە لایەن "ریتیپا"و "مانیکوس" لە سەر ژیانی ماریو خوشکەکەی کە بە دەست "کومت دی میتون" رفێندران دروست کرا. دوو ئۆپێرایش لە لایەن "ئینریکۆ دێ لیڤا" و "چارلز لێ کوك" نووسران. سەرئەنجام ساڵی ١٩٣٠ لە شاری لەندەن "کۆمەڵەی کامارگۆ" بەناوی ئەوەوە دامەزرا.

# Rachel Carson
## راچیل کارسۆن



"راچیل کارسون" ١٩٠٧/٥/٢٧ لە "سپرینگدال"ی پێنسیلڤانیا لەدایك بوو. تەمەنی منداڵی هەر لەوێ بەسەر برد. ساڵی ١٩٢٩ خوێندنی لە کۆلێژی "چاتهام" کە بە کۆلێژی پێنیسیلڤانیا بۆ ژنان دەناسرا، تەواو کرد. پاشان لە تاقیگەی زیندەوەرناسی "ودس هۆل مارین" دەرسی خوێندو ساڵی ١٩٣٢ بڕوانامەی ماجستێری لە ئاداب و گیانلەبەرناسی لە زانکۆی "جان هوپکینس" وەرگرت. لە کاتی قەیرانی ئابووریدا وتاری رادیۆیی بۆ ناوەندی ماسی گرتن دەناردو لە رۆژنامەی "بالتیورسان" وتاری لە سەر مێژووی سروشتی بۆ پاشەکەوتەکان دەنووسی.

ساڵی ١٩٣٦ راچیل بووە بیرمەندو ئەندامی خزمەتگوزاری ماسی و گیانلەبەرە کێوییەکان و دواتر بووە بەڕێوەبەری گشتی. ساڵی ١٩٣٧ وتارێکی لە مانگانەی ئاتلانتیكدا بە ناوی "ژێری دەریا"و لە ساڵی ١٩٤١یشدا کتێبی "بای ژێر دەریا"ی نووسی.





ساڵی ١٩٤٥ دەستی لە کاری خزمەتگوزاریەکە هەڵگرت و تواناکانی خۆی لە سەر نووسین وەگەڕ خست. ساڵی ١٩٥٢ "دەریاکان لە دەوری ئێمە"و ساڵی ١٩٥٥ "کەناری دەریاکان"ی نووسی. بڵاوبوونەوەی ئەو دوو کتێبە کاریگەری زۆری لە سەر ناوبانگ و ناسینی راچیل هەم وەك سروشت ناس و هەم وەك نووسەر هەبوو.

لە ماوەی شەڕی جیهانی دووهەمدا "راچیل" سەرنجی خۆی لە زیندەوەرناسی دەریایی و دەریاکانەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر مێشکوژەکان گۆڕی بەو باوەرەی کە بەکارهێنانی پێکهاتەی کیمیایی مێش کوژەکان لە شەڕدا هەڵەیە. لە ساڵی ١٩٦٢ باشترین کتێبی بەناوی "کانیاوی بێدەنگ" چاپ و بڵاو کردەوە. ئەم کتێبە ململانێ لەگەڵ حکوومەت و بیرمەندانی کشتوکاڵی و گۆڕینی هەڵوێستی مرۆڤ بەرانبەر جیهانی سروشتدا بوو. نووسینی ئەم کتێبە بووە هۆی ئەوەی "راچیل" بکەوێتە بەر هێرشی زارەکی حکوومەت و پیشەسازی کیمیا. ساڵی ١٩٦٣ لە پێش کۆنگرەدا سیاسەتی دژ بە مێش کوژەکان پەسەند کرد.

"راچیل" رۆژی ١٩٦٤/٤/١٤ دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ شێرپەنجەی مەمك لە مەریلەند کۆچی دوایی کرد. ئەو نووسەرو بیرمەندو ژینگەناسێکی کارامە بوو.

# Sophie Fredricke
# کاترینی گەورە (سوفیا فریدریک ئاگوست)



سوفیا فریدریك ئاگوست كە بە "كاترین" دەناسرا ساڵی ١٧٢٩ لە شارێكی پۆڵەند چاوی بە دونیا هەڵێنا. ئەو شازادەیەكی ئەڵمانی بوو. ساڵی ١٧٤٤ چووە رووسیەو ساڵی ١٧٤٥ لەگەڵ نەجیب زادەیەك بە ناوی پێتری هۆلستین ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. "سۆفیا" ئایینی خۆی گۆڕیو واتە لە "لۆترانیزم"ەوە كردیە "ئورتۆدوكس"ی روسی. "پێتر" ساڵی ١٧٦٣ بووە "پێتری سێهەمی روسییە"، بەڵام لایەنگری زۆری نەبوو، لەلایەن خەڵك و نزیكانەوە كەوتە بەر رق و دوژمنایەتی. هەربۆیە سوفیا و پارێزەرانی ئیمپراتۆری لە سەر كار لایان بردو سوفیا وەك شاژنە "كاترینی دووهەم" ناسرا.

زۆربەی ئەو شتانەی "كاترین" لە سەردەمی بەرێوەبردنی



سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا

رووسیە دەیكرد، گەشەپێدانی ئەو وڵاتە بوو. لەهەمان كاتدا لە دوو شەڕی زۆر گرینگ لە بەرانبەر عوسمانیەكاندا سەركەوتنی وەدەست هێنا، كە بووە هۆی بەربڵاوكردنەوەی رووسییە تا كەناری دەریای رەش. پێكهاتن لەگەڵ "نەمسا"و "پروسیا" كە بووە هۆی دابەشكردنی "پۆڵەند"و پشت بەستنی زیاتری وڵاتانی ئەورووپا بە روسییە. كاترینیش هەروەك "پێتر" لە بەرۆژئاوا كردن، گەشەپێدانی رووسییە لە ژێر كاریگەری ئەندیشەی خۆرئاوای پشتگیری دەكرد. ئەو حكوومەتی سەرەرۆیی لەگەڵ سەردەمی رۆشنبیری بە بیرۆكەی "رۆحی یاسا"ی "مونتسكو" بەهێز دەكرد. ئەو كومیسیۆنی یاسادانانی دامەزراند كە لە هەوڵی ریفۆرمی سیاسیدا بوو، بەڵام ئەم گەڵاڵەیە كاریگەری دانەنا. رەنگە گەورەترین كێشە لە سەردەمی فەرمانرەوایی كاترین‌دا كە بووە هۆی گۆرینی حكوومەت و هەڵسوكەوتی خەڵكی رووسییە لە بەرانبەر ئەودا، شۆرشی "پۆگاچۆ" بوو. ئەم شۆڕشە لە لایەن پیاوێكەوە بە ناوی "یەمیلان پۆگاچۆ" كە خۆی بە هاوسەری كاترین واتە "پێتری سێهەم" دەناساند، سەری هەڵدا. لە راستیدا هاوسەرەكەی كاترین پێشترو بە دەستی برایانی ئەویندارەكانی كوژرابوو. بەڵام پۆگاچۆ گومانی لە مردنی ئەودا دروست كرد. "پۆگاچۆ" خەڵكێكی زۆری لە هەموو چین و توێژەكانی رووسیە لە دەوری خۆی كۆ كردەوەو شاری "كازان"ی داگیركردو لە مۆسكۆیش

نزیك بۆوە. هەرچەند "پۆگاچۆ" و لایەنگرانی شکستیان هێناو توانای بەرەنگاریان لەگەڵ سوپای رووسیە نەبوو. "پۆگاچۆ" لە لایەن پیاوانییەوە تەسلیم کراو دوای ئەوەی لە مسکۆ دادگایی کرا بە تاوانبار ناسراو سزای مەرگی بە سەردا سەپێندرا.

لە دوای شۆڕشی "پۆگاچۆ" کاترین لە هەوڵی یەکخستنەوەی چینو توێژەکانی رووسیا بۆ جارێکی دیکە گۆرانکاریەکی زۆری لە حکوومەتدا پێك هێنا. کەم کردنەوەی دەسەلاّتی ناوەند، دابەش کردنی ئەرکو هێز، بەشداری کردنی خەڵك، بەشێك لەو گۆرانکاریانە بووە. بە دابەشکردنی ولاّت بە پارێزگاو پاشان ناوچەکاندا هێزی زیاتری بە حکوومەتە هەرێمیەکان بەخشیو یەکیەتی پێکهێنا. کاترینا هەوڵی دا ئەنجوومەنی یاسادانەر، بەڕێوەبەریو بەشەکانی دادوەری لە حکوومەتدا لێك جیا بکاتەوە، بەلاّم سەرکەوتوو نەبوو. ئەو پێویستی کار لە سەر زەویی لە سەرانسەری رووسیە پەرە پێداو داراییەکانی کەنیسەی خستە دەستی حکوومەت. هەروەها رووباری ڤۆلگاو باشوری رووسیەی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

سەرەکیترین سەرنجەکانی کاترین لەسەر خوێندنو پەروەردە بوو. ئەو قوتابخانە شەوو رۆژییەکانی دامەزراندو ئەنستیتۆی "سمولمنی" بۆ کچانو ئاکادیمی ئادابی روسیە نموونەی ئەوانن. بلاّوکراوە گشتییەکان رێگەیان پێدرا چاپ بکرێن کە بووە هۆی پەرەسەندنی بەرچاوی کاری بلاڤوكو رۆژنامەنووسی.





نەخۆشخانەو کۆلێژە پزیشکییەکان دامەزرانو پێداویستی پزیشکیو نەشتەرگەری دروست کرانو روسیە بووە پێشرەوی پێشگیری کردن لە نەخۆشیەکان.

لەو کاتەدا کە کاترین خۆی بۆ شەڕ لەگەڵ فەرەنسە لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسە ئامادە دەکرد، توشی جەڵتە بوو. لە ساڵی ١٧٦٩ کۆچی دوایی کرد. کوڕەکەی کاترین "پاول" لە دوای مەرگی دایکی جێگای ئەوی گرتەوە. کاترین لە سەردەمی فەرمانڕەوایدا زۆر کاری بۆ رووسیە کرد، هەربۆیە زیاتر لەوەی بە "کاترینی دووهەم" بناسرێت، بە "کاترینی گەورە" ناویان دەبرد.

گەورەیی ئەو بووە هۆی ئەوەی لەم ریزبەندییەدا جێگەی پێبدەم.

# St. Cathrine
# ست کاترین




ست کاترین ٢٥ی مارسی ١٣٤٧ لە سیەنای ئیتالیا چاوی هەڵێنا. کاتێك کچێکی منداڵ بوو، دیمەنەکانی باوەڕی پێك هێنانی ئەوان لەلای خوداوە لا دروست دەبوو. لە تەمەنی ٧ ساڵیدا بەڵێنی بە خۆیدا کە خزمەتی خودا بکات، کاتێك تەمەنی گەیشتە ١٧ ساڵ بووە ئامۆژگار. ساڵی ١٣٦٦ کاترین خزمەتی نەخۆشەکانی دەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی زۆر بارودۆخیان خراپ بوو یارمەتی هەژارانیشی دەکرد. ئەو هەموو کاتێك بە کەیف و دڵخۆش بوو، تەنانەت هێندێك جار ڕۆژووی دەگرت بۆئەوەی لە مەسیح نزیك بێتەوە.

ساڵی ١٣٧٠ نێردراوێك لە دنیای دیکە، واتە: قیامەتەوە هاتە لای و پێی وت کە بچێتە ناو خەڵکەوە. کاترین هێندێك ئەرکی وەك ریفۆرم لە پیاوە ئایینییەکان، وتاری پاپەکان، هەوڵدان بۆ





گەرانەوەی ئاشتی بۆ ئیتالیا و هەوڵدان بۆ یەکخستنەوەی هەموو مەسیحیەکان بەرێوە برد. دوای ساڵی ١٣٧٥ پاپ بۆ چارەسەررکردنی بێلایەنانەی کێشەی "پیسا"و "لۆکا" رای سپارد. ساڵی ١٣٧٦ کاترین بووە نوێنەری پاپ لە "ئاڤینگۆ". ئەو بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتی زۆری هەوڵیدا هەرچەند سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام پاپی قایل کرد بگەڕێتەوە رۆم.

ساڵی ١٣٧٧ "کاترین" توانای نووسینی وەدەست هێنا. ئەو بە یارمەتی سکرتێرەکانی توانی ئەم کارە ئەنجام بدات کە ئەرکی زۆریان کێشا. پاشان لە ساڵی ١٣٧٨ بۆ جارێکی دیکە وەك راسپاردەی ئاشتی بۆ "فلورانس" نێرایەوە. ئەمجارە سەرکەوتنی وەدەست هێنا کە بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر لە ماوەی مانەوەی لەوێ بوو. لە مانگی ١١ی ساڵی ١٣٧٨ لە لایەن ئارپانی شەشەمەوە بانگهێشت کراو داوای لێکرا بۆ ریفۆرم لە کەنیسەکانی کاتولیك کار بکات. لە ساڵی ١٣٨٠دا پێکهاتنێکی لە نێوان پاپ "ئارپانی شەشەم"و خەڵکدا رێکخست. ئەو لە رۆژی ٢٩/٤/١٣٨٠ لە رۆم کۆچی دوایی کرد. نموونەی نووسینەکانی ئەو بریتین لە: "دیالۆگ" کە نزیك بە ٤٠٠ نامەیە و "نوێژەکان" کە ئێستا بوونەتە ئەدەبیاتی کۆنی ئیتالیا.

# Chien Shiung  Wu
## جیان ژیونگ ۆ



"جیان ژیونگ ۆ " ساڵی ١٩١٢ لە "شانگهای "چین لەدایك بوو. ساڵی ١٩٣٤ بڕوانامەی بەکارلیوسی لە زانست هەر لەو وڵاتە وەرگرتو دوو ساڵ دواتر بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان سەفەری کرد. دوای ئەوەی دوکتورای لە زانکۆی "بێرکیلی " کالیفۆرنیا وەرگرت لە کۆلێژی "سمیت"و پاشان لە ساڵی ١٩٤٤ لە زانکۆی "پرنسیتون" وانەی دەوتەوە. لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا لە پرۆژەی "مەنهەتان" کاری دەکردو لە چەندین زانکۆی چینەوە چەند پلەی شانازی بەدەست گەیشت.

جیان بووە مامۆستای فیزیکیش لە زانکۆی "کۆلۆمبیا".

جیان لە ساڵی ١٩٥٧ وەك یەکەمین ژن بە سەرۆکی "کۆمەڵەی فیزیای ئەمریکا" هەڵبژێرا و بووە مامۆستای تەواو وەخت لە زانکۆی "کۆلۆمبیا"و بۆ زیاتر لە ساڵێك ئەو ئەرکەی بەڕێوە برد.





جیان یەکەمین ژن بوو کە خەڵاتی گروپی لێکۆڵینەوەی وەرگرتو بڕوانامەی دوکتورای ڕێزلێنانی زانستی لە لایەن زانکۆی "پرینسیتون" پێبەخشراو هەروەها بە ئەندامی "ئەکادیمی نەتەوەیی زانست" هەڵبژێردرا. لە ساڵی ١٩٦٤ وەك یەکەمین ژن خەڵاتی "کومستوگ"ی ئەو ئاکادیمیایەکی وەرگرت. ساڵی ١٩٧٢ جیان بووە مامۆستای فیزیك لە زانکۆی "کۆلۆمبیا".

جیان دوای یارمەتی زۆر لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەتۆمی، باکتری رزینو کارتێکردنەکانی لاوازی لە ساڵی ١٩٩٧ کۆچی دوایی کرد.

# Cleopatra
# کیلۆ پاترا



"پلوتارج" سەبارەت بە "کیلۆپاترا" دەڵێت:" دەبێ بڵێین جێگای سەرسوڕمان نەبوو کە بەهۆی جوانییە سەرنج ڕاکێشەکەی هیچ کەس لەگەڵ ئەودا بەراورد ناکرێ، یان ئەگەر کەسێك بیدیتایە، گیرۆدەی جوانییەکەی دەبوو. بەڵام پێوەندی لەگەڵ ئەودا کە هیچ ڕێگای دەربازبوونی بۆ نەدەهێشتییەوە، ئەگەر لە گەڵێدا بژیایەتی. ئەفسوونی کەسایەتی ئەو دەبویت لە تایبەتمەندی ئەو شتانەی‌دا کە دەیوتن و دەیکردن."

"کیلۆپاترا" کە لە ڕاستیدا بە "کیلۆپاترای حەوتەم" دەناسرا ٦٢ ساڵ پێش زایین لە میسر لە دایك بوو. ٥٨ ساڵ پێش زایین باوکی کیلۆپاترا "پتولێمی دوازدەهەم" حکوومەتی لەدەست دا کە کیلۆپاترا یارمەتیدا بە دەسەڵات بگاتەوە. ٥١ ساڵ پێش





زایین باوکی کۆچی دوایی کردو دەسەڵات کەوتە دەست ئەوو "پتولێمی سیزدەهەم"ی برای. سێ ساڵ دواتر کیلۆپاترا لە لایەن براکەیەوە وەلا نراو بۆخۆی هەموو دەسەڵاتی گرتە دەست. هەربۆیە ئەویش هێزێکی لە سوورییە پێك هێنا و لەگەڵ هێزەکانی "قەیسەر جولیس"ی ڕۆمانیا یەکی گرت. "قەیسەر" کە زۆری ئەو خۆشدەویست، پشتیوانی لە جووڵانەوەکەی کرد. بە یارمەتی ئەو ٤٧ ساڵ پێش زایین "پتولیمی سێزدەهەم" کوژراو قەیسەر کیلۆپاترای وەك شاژنی میسر ناساند. وەك سوونەتێکی دێرین "کیلۆپاترا" لەگەڵ برا بچووکەکەی خۆی بە ناوی پتولێمی چواردەهەم کە ١١ساڵ تەمەنی بوو، ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. کیلۆپاترا منداڵێکیشی بوو بە ناوی "قەیسەریەن" کە دواتر بووە "پتولیمی پانزهەم". ئەو بۆچوونە لە ئارادا بوو کە ئەو منداڵە کوڕی قەیسەر بێت، نەك "پتولێمی چواردەهەم". پاشان "قەیسەر" کوژراو "پتولیمی چواردەهەم" بەهۆی خواردنی ژەهرەوە مرد. ئەگەری ئەوە دەکرا کە کیلۆپاترا هاوسەرەکەی دەرمان خوارد کردبێ. بەڵام ئێمە دڵنیا نین کە ئایا ئەو ژەهری پێدابێت یاخود نا.

٣٥ ساڵ پێش زایین دوای چەند ساڵێك ئاشنابوون لەگەڵ "مارك ئانتونی"، کیلۆپاترا ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێك هێنا. ئەو ژنێکی دیکەیشی بە ناوی "ئوکتاڤیا" هەبوو. "مارك"و "کیلۆپاترا" دوانەیەکیان بوو کە ناویان لێنان "کیلۆپاتراسیلین"

و "ئالێکساندر هیلیوس" پاشان منداڵێکی دیکەیان بوو کە ناویان نا "پتولێمی شانزەهەم". ٣٢ ساڵ پێش زایین لە لایەن "ئۆکتاڤیوس" برای "ئوکتاڤیا" هاوسەری یەکەمی "مارك" شەڕ بە دژی میسری راگەیاند، بەو هۆیەی "مارك" سەبارەت بە کیلۆپاترا "ئوکتاڤیلی" بەجێهێشت بوو. "مارك" و "ئوکتاڤیا" بە زوویی لێك جیابوونەوەو کیلۆپاتراش بە ناچاری تووشی شەڕ بوو.

بەداخەوە هێزەکەی "کیلۆپاترا" لە شەڕی "ئاکتیوم" شکستی هێناو بەدوایدا زۆر رووداوی دڵتەزێن روویان دا. بە درۆ بە "مارك ئانتونی" یان ووت کە کیلۆپاترا مردووە، هەربۆیە ئەویش بە شمشێرەکەی خۆی کوشت. کیلۆپاترا بۆ رێزلێنان لەو پرستگەی "کایسەریوم"ی دروست کرد کە دوو ئەهرەمی بچووکی هەبوو. ئەو ئەهرەمانە دواترو لە ساڵی ١٨٠٠دا وەك پێشکەشی دران بە وڵاتانی ئەمریکاو بریتانیا. ئێستا یەکێك لەوان لە "ئێمبانکمێنتی" لەندەنو ئەوەی دیکەش لە پارکی ناوەندی نیۆیۆرك دان. داخی لە دەست دانی "ئانتۆنی" سەرئەنجام کیلۆپاترای ناچار بە خۆکوشتن کرد. بۆ خۆکوشتنی ئەو دوو باوەڕ لە ئارادایە کە بۆچوونی یەکەمیان باس لە ژەهرخواردنی ئەو دەکات بەڵام، ئەوەی دیکە پێیوایە کە خۆی لەپێش ماردا رەها کردووە بۆئەوەی کۆتایی بە ژیانی بێنێ. هەرچەند ژیانی کۆتایی پێهاتووە. بەڵام ناوبانگی هەر ماوە. ئەو





بۆتە بنەمای کارە ئەدەبییەکان بۆ وێنە "ئانتونیو کیلۆپاترا"ی "شکسپیر"، "هەموو بۆ خۆشەویستی" "جان دریدن"و "قەیسەرو کیلۆپاترا"ی "جورج برناردشۆ". هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ ئەوداو بە ناوی ئەوەوە زۆر فیلم دروست کراون کە چەند دانەیەکیان لە ساڵەکانی ١٩١٤، ١٩٣٤، ١٩٦٣ بەرهەم هێنراون.

# Juana In de la Cruz

## جوانا ئان دێ لا کروز



"من وای بۆ دەچم بۆ کاتولیکێك کە هەموو شتێك لەم ژیانە لەسەر نهێنییەکانی خودایی کە دەکرێ لە رێگا سروشتییەکانەوە فێری بن نەزانیت لاوازییە."

"جوانا" ساڵی ١٦٥١ لە میکزیك لەدایك بوو، کاتێك تەمەنی تەنیا سێ ساڵ بوو، مامۆستایەکی بە قەناعەت گەیاند کە فێری خوێندنی بکات. ئەو لە تەمەنی ٦ ساڵیدا دەیتوانی پەرتووکە ئەدەبییەکانی کتێبخانەکانی بابەگەورەی بخوێنێتەوە. کاتێك تەمەنی گەیشتە ١٠ ساڵ بابەگەورەی کۆچی دوایی کرد. جوانا چووە ماڵی پووری‌و هاوسەرەکەی مامۆستایەکی لاتینیان بۆ گرت. بەڵام دوای ١٠یان ١١ وانە جوانا وەپێشی کەوت. زیاتر لەوەی مامۆستاکە دەیتوانی فێریکات شتی دەزانی، هەربۆیە بۆ خۆی درێژەی بە فێربوون دا.





لە تەمەنی مێرمنداڵیدا لەگەڵ پارێزگاری میکزیك چاوپێکەوتنی کرد. بەرادەیك توانی کاریگەری لە سەر دابنێت کە رێگای پێدا لە ماڵەکەی خۆی وەك خزمەتکارێك بیهێڵێتەوە. لەو کاتەدا جوانا زۆربەی رۆمانەکان لە ئیسپانیا دەهاتن دەیخوێندەوەو کاتێك لە میوانەکانی پارێزگاردا بەشداری کرد، زۆر کەس بەناوبانگی دەبینی. ئەو شێعریشی دەنووسی. نووسینەکانی ئەو لە ماڵی پارێزگار دەکرانە ئاواز.

دوای کۆتایی هاتن بە دەسەڵاتی پارێزگار، جوانا بەو هۆیەی نەیدەویست ژیانی هاوبەش پێك بێنێ، نارەزامەندانە بۆ ژیانکردن چووە دێر (ئەو شوێنەی کچانی تەرکە دونیا تێیدا دەژین) ژیان کردن لەو دێرەدا زۆری ئازاردا. هەربۆیە ئەوێی بەجێهێشت‌و چووە شوێنێکی دیکە. ئەمەیان سەرنجی جوانای راکێشا، چوونکە لێرە خزمەت دەکراو کاتی ئازادیشی زۆر بوو. ئەو بەڵێنی داو لەوێ ماوە. جوانا زۆربەی کاتە بێکارییەکانی بە نووسینی کتێبەوە تێپەڕ دەکرد. کە زۆربەیان لە ئیسپانیا باشترین کڕیاریان هەبوو. بەو حاڵەش نووسینەکانی ئەو لە لایەن پیاوانی ئایینی بەتایبەت "فرانسیسکۆ دێ ئاگویەر" کە پیاوێکی بە تەواوی دژ بە ژنان بوو، بە توندی کەوتنە بەر رەخنە.

دوای ماوەیەکی کورت، بە فێڵ داوای لێکرا کە لە سەر ئامۆژگارییەکی چاپ کاو باس‌و لێدوان بکات کە بووە هۆی

ئەوەی مەترسی دادگایی کردنی لە لایەن لێکۆڵەرەوانی کەنیسە لا دروست بێت. چەند مانگ دواتر نووسراوەیەکی بڵاوکراوە کە وەك باشترین کاری ئەو هەڵسەنگێندرا. "لارسیکوسیتا" کە لەودا باس لە پێویستی پەروەردە بۆ ژنان‌و دەست نیشانکردنی گەلاڵەیەك بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو کارە دەکات. لە سالآنی کۆتایی تەمەنیدا "جوانا" دەستی لە نوسین هەڵگرت. ئەو لە ساڵی ١٦٩٥ کاتێك چاودێری لە خوشکی نەخۆشی کە گیرۆدەی رەشاو ببوو، دەکرد کۆچی دوایی کرد. جوانا گەورەترین شانۆنووس‌و شاعیری سەردەمی خۆی بوو. ئەو یەکەمین کەس لە کیشوەر "قارە"کەی خۆیدا بوو کە باسی لە پەروەردەو مافی ژن لە نووسینەکانی دا دەکرد.





# Marie Curie

## ماری کوری



"هیچ شتێك لە ژیاندا بۆ ترس نابێت، ئەمە تەنیا شتێکە بۆ فێربوون."

"ماری کوری" یان "ماری دۆسکا" ١٨٦٧/١١/٧ لە "وارشۆ"ی پۆلەندا لەدایك بوو لەتەمەنی ١٦ ساڵی‌دا بۆ کوتایی هێنان بە خوێندن لە قوتابخانەی دواناوەندی خەلآتی زێری وەرگرت‌و بۆ یارمەتیدانی بنەماڵەکەی وەك مامۆستایەك دەستی بەکار کرد. لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بۆ ئەوەی بتوانێت پێداویستی خۆشکەکەی لە قوتابخانی پزیشکی دابین بکات کاری خزمەت کردن بە مندالآنی دەکرد.

ساڵی ١٨٩١ "ماری"چووە پاریس لەوێ لە تاقیگەی فیزیازان “گابریل لیپمن” کاری کرد. لە ساڵی ١٨٩٤ لەگەڵ "پییەر کووری" چاپێکەوتنی کردو رۆژی ١٨٩٥/٧/٢٥ ژیانی هاوبەشیان پێك هێنا. هاوینی ساڵی ١٨٩٨ "ماری"و"پییەر" پێکهاتەی "پولونیوم"یان دۆزیەوە چەند مانگ دواتریش

"رادیوم"یان دۆزیەوە. ساڵی ١٩٠٣ "ماری"لەگەڵ هاوسەرەکەی‌و بیرمەندێکی دیکە خەڵاتی نوبێلی لە فیزیادا وەدەست هێنا. ئەو یەکەمین ژنە کە توانی ئەو خەڵاتە وەربگرێت.

بەدوای ئەوەدا ماری لە "سیڤەرس" خویندنگایەکی کچان کە شوێنی پیشاندانی تاقیکاریەکان بوو دەرسی دەوتەوە ئەو لە ساڵی ١٩٠٤دا بووە جێگری سەرۆکی تاقیگەی"سیڤەرس" ١٩٠٦/٤/١٩ "پییەر" هاوسەری "ماری" کۆچی دوایی کرد بەڵام "ماری" لەسەر کارە زانستییەکانی بەردەوام بوو. ساڵی ١٩٠٦ ئەو وەك یەکەمین ژن بووە سەرۆکی تاقیگەی زانکۆی"سوربۆن" لە پاریس‌و جارێکی دیکەیش لە ساڵی ١٩١١ خەڵاتی نوبێلی وەرگرت، بەڵام ئەم جارەیان لە کیمیا بوو. ئەو هەتا ئەوکاتە یەکەمین کەس بوو کە دووجار خەڵاتی نوبێل وەدەست بێنێ. ساڵی ١٩٢٢ ماری بووە ئەندامی ئاکادیمی پزیشکی.

ڕۆژی ١٩٣٤/٧/٤ بە هۆی شێرپەنجەی خوێن کە ڕەنگە هۆکارەکەی تیشکەکانی کاتی تاقیکردنەوەکان بێت کۆچی دوایی کرد. ئەو ژنێك بوو کە زانیاری زۆری لە کاریگەری "رادیوئەکتیڤ" لەسەر شتەکانی دیکەی وەدەست هێنا. ساڵی ١٩٩٥ تەرمەکەی برایە ژێر گومەزی پەرەستگەی "پانتیونی" پاریسەوە. کە بە هۆی لێهاتووییەوە یەکەمین ژن بوو لەو شوێنە بنێژرێت. ساڵی ١٩٩٦ فیلمێك لەسەر ئەوو هاوسەرەکەی بەناوی "لیس پالمز دیٚ سکۆتز" دانرا. هەروەها دوودانە چاڵی بڕکان یەکێکیان لە گۆی مانگ ئەوەیتریان لە هەسێرەی "مارس"





(مریخ) و گەشتیارێکی گەرۆکی ناسا بە ناوی ئەوەوە کراون. بۆچوونەکانی ئەو لە عەقلیەتی جیهانیدا تەنانەت لە وڵاتەکی خویشیدا (پۆلەندا) بە زۆری جێی نەگرتووە.

# Agnes Georye de mill

## ئاگنیس جورج دیٚ میل



"ئاگنیس جورج دیٚ میل" ساڵی ١٩٠٥ لەشاری نیویورك چاوی بە دونیا هەڵێنا ئەو چووە زانكۆی "كالیفرنیا" لە "لوس ئانجلس"و " سەمای باڵە"ی هەڵبژارد. ئەو لە شاری نیویورك كاری دەست پێكردو بە دوای ئەوەدا سەفەری بۆ ئەوروپا كرد. ساڵی ١٩٣٥ چووە لەندن و بووە ئەندامی كلوپی سەمای خاتوو"ماری رامبر". لەویٚ بەتەواوی فێری سەمای باڵە و دارشتنی شێوازی سەما بوو. ساڵی ١٩٣٧ لە هۆڵی "دەرك ئێلیجێس"ی سەرۆك وەزیر "ئانتۆنی تودۆر" سەمای كرد كە سەركەوتنی وەدەست هێنا. ساڵی ١٩٣٩ بووە ئەندامی شانۆگەری باڵەی ئەمریكایەكان. بەدوای ئەوەدا بوو كە "ئاگنێس" زۆر شێوازی باڵەی دارشت و كتێبەكانی نووسی . ژمارەیەك لەو كتێبانەی كە نووسویەتی و چاپ كراون بریتین لە:





ساڵی ١٩٤٢:"رۆدیۆ" (دارشتنێكی سەمایە) هەر لەو ساڵەدا:"سیٚ دڵپاك و شەیتانێك" (شێوازێكی سەمای باڵەیە كە خۆی دایڕشتووە) ساڵی ،١٩٤٣:"ئوكلا هۆما" ( دارشتنێكی سەما و پێكەوە بەستنەوەی سەما لە كاتی ئەنجام دان دا) یەكێكی دیكە لە بەرهەمەكانی ئەو ساڵەی " گۆرینی داهاتوو بە موسیقای كۆمێدی" بوو. ساڵی ١٩٤٤: "كچی پێگەیشتوو" (شێوازێكی سەمایە كە لەگەڵ ئۆكلاهۆما هاوشێوەیە)، ساڵی ١٩٤٦: "سەمای مەرگ"، ١٩٤٧: "زاوا" ( شێوازێكی سەما كە ئەویش لەگەڵ ئۆكلا هۆما هاوشێوەیە) ، ١٩٧٣: تەوا كردنی ژیاننامەی خۆی لە ژێر ناوی " قسەم لەگەڵدا بكە، لەگەڵم سەما بكە"، ١٩٨١: "سەمای ئەمریكایەكان"، ١٩٩١:"ماریتا" (ژیان و كاركانی ماریتا گراهام)، ١٩٩٢:"ئەوەیدیكە" (دواین باڵەی) ئاگنیس كاری دیكەیشی زۆر ئەنجام داوە بۆ وینە: دامەزارنی شانۆگەری "ئاگنیس دیٚ میل" لە ساڵی ١٩٥٣دا، وەرگرتنی خەڵاتی گەورەترین سەركەوتووی نیویورك لە ساڵی ١٩٧٩. ئەو ساڵی ١٩٧٥ جەڵتە لێیدا بەڵام زۆر زوو چاك بووەوە."ئاگنیس" رۆژی ١٩٩٣/١٠/٧ كۆچی دوایی كرد. ئەو سەماكەرێكی گەورەو دارێژەرێكی گرینگی سەما بوو.

# Emily Dickinson
## ئێمیلی دیکنیسون



ئێمیلی دەڵێت: " ئەگەر خاوەنی ناوبانگ بوایەم، نەم دەتوانی لێی دەرباز بم. ئەگەر لێی بێبەری بوایەتم تەواوی ژیانم بۆ دواکەوتنی تێپەر دەکردو چارەنووس وا دەبوو کە سەگە بەوەفاکەیشم بەجێم بێڵێت."

"ئێمیلی دیکنیسون" ١٨٣٠/١٢/١٠ لە "ئامێرست"ی"ماسا چووست" لە دایك بوو ئەو دوو ساڵ لە ئاکادیمی "ئامێرست"و ساڵێك لە شەوو رۆژی ژنانی "هولیوك" بەشداری کرد. کاتێك لە ئاکادیمی "ئامێرست" بوو لەگەڵ بەریوەبەری ئەوێ "لیونارد هومفێری" چاپێکەوتنی کرد کە نابراو سەرنجی"ئێمیلی" بۆ کتێب راکێشا. بەڵام پێدەچێت خوێندکارێکی یاسا بە ناوی "بنیامین نێوتون" هۆگر بوون بە ئەدەبیاتی لای ئەو درووست کردبێ.

"ئێمیلی" لە زۆربەی کاتەکانی ژیانیدا نەدوێن و کەم قسە





بوو. ئەو لە ماڵەوە بەتەنیا دەماوەوە لە راستیدا هەرگیز بۆ دیتنی کەسێك لەماڵ نەدەهاتەدەر. تەنیا ناسراوی ئەو "توماس وێنتۆرت هیگینسۆن" بوو هەر ئەو کەسەی لە دوای مەرگی شێعرەکانی چاپ کرد. رەنگە لە ساڵەکانی ١٣٥٠دا دەستی بە شێعر وتن کردبێ، بەڵام لە ساڵی ١٣٥٨ بەو لاوە دەستی کرد بە نووسینی شێعرەکانی بە مورەکەبو لە نامیلکەی بچووك دا.( بۆیە بەم شێوازە دەینووسی هەتا بتوانێ بۆ هەمیشە ڕایانگرێ)

لە مانگی مەی ساڵی ١٨٥٥دا"ئێمیلی" لەگەڵ پیاوێك بەناوی "چارلز واد سرت" چاوپێکەوتنی کرد کە بووە هۆی گۆرانکاریەکی گەورە لە شێعرەکانی "ئێمیلی" لە سەرتای ساڵەکانی ٦٠دا. ژمارێك لە نامەکانی بۆ "وادسورت" لە نێو شێعرەکانی دۆزرانەوە. هەر چەند ئێمیلی لە زۆربەی کاتەکانی تەمەنیدا گۆشەگیرو نەدوێن بوو، لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا زیاتر ئەو کردەوەی تیا دەبینرا.ئەو زۆربەیکاتەکانی بە نان کردن، چاوەدێری کردن لە باغچەکەیو سەیر کردنی دەرێ لە دەلاقەوە تێپەر دەکرد. بە هۆی ئەوەی دەیزانی تەمەنی بەرەو کوتایی دەروات تووشی ئازاری رۆحیو ترس لە مەرگ ببوو. هێندێك ئەفسانەش سەبارەت بەو دروست کرابوو وەك: "ژنە سپی پۆشەکە"و"نەدوێنە سەیرو سەمەرکە". "ئێمیلی دیکنیسون" ١٨٨٦/٥/١٥ کۆچی دوایی کرد. نزیك بە ٢٠٠٠ شێعری لە پاش بەجێ ما کە "هیگنسیۆن" لە دوای مەرگی

چاپی کردن. زۆربەی شێعرەکانی لەگەڵ شێعرەکانی "هێری داوید توریۆ" بەراوەرد دەکرێت. وا مەزەندە دەکرێ نووسینەکانی ڕەنگدانەوەی ویستەکانی لە ژیان دا بێت." تومستۆن سەبارەت بە شێعرەکانی دەڵێت " بە وەوەسف کردنی روون و کۆکردنەوەی هەموو هێزی لەوشتەی کە ئەیبینی و هەستی پێدەکرد، بە داهێنانێك کە لە ئەندیشەی پێشکەوتوانەی شێعری ئەمریکایی دەکرێت، پەیڤەکانی وەك فیشەك لە ناخی مرۆڤ کار دەکەن".





# Amelia Earhart

## ئەمێلیا ئیارهەرت



ئەمێلیا دەڵێت: "غیرەت نرخێکە کە ژیان داوای دەکات بۆ ئەوەی ئاشتی لەگەڵ خۆتان گەرەنتی بکەن."

"ئەمێلیا ئیارهەرت" رۆژی ١٨٩٧/٧/٢٤ لە "ئاچیسون"ی "کانزاز" چاوی بە دونیا هەڵێنا.

ئەو پلانی دراشتبوو بچێتە کولیژ بەڵام دوای ئەوەی لەگەڵ چووار برینداری شەری جیهانی یەکەم لە سەر شەقام رووبەروو بوو بڕیاریدا ببێتە پەرەستار هەر بۆیە "ئێملیا" لە ماوەی شەردا لە "کانەدا" وەك پەرەستارێکی نیزامی کاری دەکرد دوای کوتایی شەر گەراوە بۆ ناوبنەماڵەکەی. پاشان لە خانووی "دنیسون"لە "بۆستۆن" چووە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەو منداڵە ئاوارەکانی فێری زمانی ئینگلیزی دەکرد.

ساڵی ١٩٢٠ بۆ ماوەی ٢٠خولەك سوواری فرۆکە بوو کە بووە هۆی گۆرانکاری لە ژیانیدا. بەدوای ئەو فڕینەدا تێگەیشت کە

ئەو خولیایەی لا درووست بووە. ئەو بە ئەنجام دانی چەندین کاری جۆراوجۆر ١٠٠٠دۆلاری پاشکەوت کرد هەتا بۆ فێربوونی فرۆکەوانی بەکاری بێنێ. دوای دە سەعات ڕاهاتن ئەمێلیا ئامادە بوو بە تەنیا بفرێ.

" ئەمێلیا" ساڵی ١٩٢١ یەکەمین جار بە تەنیا فری و ساڵێك دواتر فرۆکەی خۆی کڕی. ئەوکات فڕین و سوواربوونی فرۆکە بۆ ئەو وەك خولیایەك وا بوو لە هەمان کاتدا لە خانووی دینیسون دەرسی ئینگلیزی دەوتەوە. لە ١٧ تا ١٨ی ژوئنی ١٩٢٨ بۆ سەفەر کردن لە ئەمریکاوە بۆ بریتانیا سواری فرۆکەکەی بوو بە ناوی "فرێند شیپ" ئەو یەکەمین ژن بوو کە ئەقیانووسی ئەتڵەس تێپەر بکات. چیرۆکی سەفەرکەی بەو فرۆکەیە لە لایەن "جورج پوتنام"ەوە چاپ کرا کە دواتر لە ساڵی ١٩١٣ بووە هاوسەری. لە ٢٠ تا٢١ی مەی ١٩٣٢ "ئەمێلیا"بە تەنیا بەسەر ئەتڵەس دا پەریەوەو پێوانەیەکی نوێی بۆ فرین تومار کرد کە ١٣ کاتژمێرو ٥ خولەك بوو. بۆ ئەم سەرکەوتنە میدالیایەکی لە سەروك کۆمار"هێربرت هوڤێر"وەرگرت.

چەند مانگ دواتر "ئەمێلیا" بووە یەکەمین ژن کە لە "هاوایی"یەوە تا "کالیفرنیا"سەرکەوتووانە بفرێ. پاشان لە ژوئنی ١٩٣٧ لەگەڵ فرۆکەوانێك بە ناوی "فرید نونان" گەشتێکیان بەسەر جیهان دەست پێکرد. لە میامیی و فلوریداوە دەستیان پێکرد پاشان لە باشووری ئەمریکا، ئەفریقا، تایلەند،





سەنگاپوورو ئوستراليا تێپەر بوون. بەڵام کاتێك "گینەی نوێ"یان بە مەبەستی "دوورگەی هوڵەند" بەجێ دەهێشت ون بوون. تەنیا شتێك کە لەوان بەجێ ما پەیامێکی توورەیی بوو کە لە هەشت و چل و پێنج خولەکی دوانیوەڕۆی ١٩٣٧/٧/٢ بۆ پاسەوانی دەریایی ئەمریکایان نارد بوو.

"ئەمێلیا"و هاورێیەکەی "فرید نونان"و فرۆکەکەی هەرگیز نەدۆزرانەوە. ساڵی ١٩٣٩ هاوسەرەکەی "جورج پوتنام" بۆ ڕێزلێنان لەو کتێبێکی بە ناوی " باڵەکانی بەرزبوونەوە" نووسی.

# Marian Wright Edelman
## ئێدلمەن ماریان رایت



"ماریان رایت ئێدلمەن"رۆژی ١٩٣٩/١/٦ لە "بێنێت سڤیل"ی "کارۆلینا"ی باشوور لە دایك بوو ساڵی ١٩٦٠ لە کولیژی "سپلیمەن"ی "ئاتلانتای جورجیا" و ساڵی ١٩٦٣ لە بەشی یاسای زانکوی "یاڵە" بەشداری کرد. دوای تەواو بوونی لە یاڵە ئەمریکیە بەرەگەز ئەفریقاییەکان بۆ بەشداری کردن لە دەنگدانی "میسیسیپی" ناو نووسی دەکرد. پاشان گراوە بۆ نیویورك و لەوێ بووە پارێزەی پشتگیریی یاسایی و سندووقی پاشکەوتی پەروەردەیی لە ئەنجوومەنی نەتەوەیی بۆ گەشە پێدانی خەڵکانی رەنگی واتە ئەو کەسانی رەنگی پێستیان سپی نییە.

ساڵ ١٩٦٤ ماریان وەك یەکەمین ئەمریکی بەرەگەز ئەفریقایی لە تاقی کردنەوەی پارێزەری دەرچوو. بەدوای ئەوەدا بە خێرایی





بۆ پشتیوانی لە بەرنامەکانی پێشووی هەوڵی ئەدا. لە ساڵی ١٩٦٤ هەتا ١٩٦٨ ئەو بووە بەرێوەبەری پشتگیری یاسایی و سندووقی پاشکەوتی پەروەردەیی " جاکسون" لە "میسیسیپی". ساڵی ١٩٦٨ کاتێك چووە "واشنتون" دەستی لە کار لەو ئۆفیسە کێشاوە. لەوێ یەکەمین کاری دامەزراندنی کۆمپانیایەك بوو بە ناوی "پرۆژەی واشنتونی ناوەندی باشوور بۆ سیاسەتی گشتی" پاشان لە ساڵی ١٩٧١ تا ١٩٧٣ وەك بەرێوەبەری یاساو پەروەردە لە زانکۆی "هاروارد" کاری دەکرد. ساڵی ١٩٧٣ ماریان بنیاتی "یارمەتی بۆ پشتگیری لە منداڵان" ی لە واشنتون دامەزراندو خۆی بووە سەرۆکی.

لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٤ هەتا ١٩٩٥ ماریان رێژەیەکی بەرچاو کتێبی نووسی کە نموونەکانی ئەوانەی خوارەوەن:

ساڵی١٩٧٤:"منداڵەکانی دەرەوەی قوتابخانە لە ئەمریکا"(وەك راپۆرتێك)، ساڵی ١٩٨٠: "دیمەنی بەرانبەری منداڵانی سپی پێستو رەش پێست لە ئەمریکا"، ساڵی ١٩٨٢: "پێوانەی لاقەکانم: نوێژوعیبادەت لە خۆشوستین و کارکردن بۆ منداڵان".

"ماریان" لە ساڵی ١٩٨٥دا خەڵاتی هاورێیانی بنیاتی "مەك ئارتۆر"ی وەرگرت. دواتر بنیاتی "یارمەتی بۆ پشتگیری لە منداڵان"ی دامەزراند.

# Eleanor of Aquit

## ئیلینۆری ئاکویتاین



"ئیلینۆر" لە دەوری ساڵەکانی ١١٢٢ لە دایك بوو ئەو بە پێچەوانەی ژنانو تەنانەت پیاوانیش لەو سەردەمەدا خوێندکارێکیزۆر باش بوو.لە تەمەنی منداڵیدا دایكو برا بچووکەکەی مردنو ساڵی ١١٣٧ باوکی کوچی دوایی کرد"ئیلینۆر " بە هۆی ئەو میراتەوە کە لە بنەماڵەکەی بۆی بەجێما، بووە دەوڵەمەندترین کەس لە فەرنسە. بە هۆی ماڵو مڵکی زۆرەوە لەگەڵ "لویز شای حەوتەم" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. ساڵی ١١٤٥ منداڵێکیان بوو کە ناویان نا "ماری" پاشان "لویزی حەوتەم" ئیلینۆری کردە پارێزگاری "ئاکویتاین" چوونکە دەیزانی ئەو باشتر لە هەموو بەرپرسانی دیکە لەسەر "ئاکویتاین"یەکان زانیاری هەیە. کاتێك بۆ دووهەمین جار شەڕی لایەنگرانی خاچ دەستی پێکرد"ئیلینۆر " هاورێیەتی هاوسەرەکەی بۆ فەلەستین کرد. دوای ماوەیەکی کورت لەسەر کارەکانی داهاتوو دژ بەیەك هەڵویستیانگرت. "ئیلینۆر " پێی





وابوو دەبێ لە باکوورەوە تورکەکان بگێڕنەوە بەڵام"لویس"دژ بەو بۆچوونە بوو. لە هەر حاڵدا شەڕ بە شکەست کۆتایی پێهات، هەر دووکیان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ پاپ کردو داخوازی لێکجیابوونەوە بوون، بەڵام پاپ ئەوانی پاشگەز کردەوە.

دوای گەڕانەوە بۆ فەرەنس، ژیانی ژنو مێردایەتیان بەرەو ئاڵۆزی چوو لە هەمان کاتدا ساڵی ١١٥٠دووهەمین کچیان لە دایك بوو. سەرئەنجام لە ساڵی ١١٥٢ پاپیان رازی کرد کە لێك جیابنەوە. چەند هەفتە دواتر "ئیلینۆر " لە "نۆرماندی"چاوی بە "دۆك هێنری پلانتا جێنت" کەوتو ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێکهێنا. بە هاوکاریو یارمەتی "ئیلینۆر "، "هێنری" بووە شای بریتانیا و خاوەنی بەشێکی زۆر لە فەرەنسە."ئیلینۆر" سێ کچو پێنج کوڕی لێی بوو. ساڵی ١١٦٩ "ئیلینۆر" بەرێوەبەری "ئاکوتیایینی"وە ئەستۆ گرتو گێرایەوە سەر رەوتەکەی جارانی. ساڵی ١١٧٠ بنەماڵەکەی لەگەڵ کچی یەکەمی خۆی (ماری) بەیەك ناساند. کاتێك کورەکانی "ئیلینۆر " ساڵی ١١٧٣بە دژی "هێنری" باوکیان شۆرشیان کرد "ئیلینۆر " هەموویانی گێراوەو لە لایەن "هێنری"یەوە هەتا ساڵی ١١٨٩ کە بۆ خۆی کۆچی دوایی کرد خرانە بەندیخانەوە. دوای مەرگی "هێنری" کورەکەی ریچاردی یەکەم جێگای گرتەوەو لە زۆربەی کارەکانی لە رێنوێنیەکانی "ئیلینۆر" کەڵکی وەردەگرت. ئیلینۆر لە "ئاکویتاین" کوتایی بە کار کردن هێناو لە دێری "فونتیڤاراود" نیشتەجێ بوو. سەرئەنجام ساڵی ١٢٠٤و لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا کوچی دوایی کرد.

# Beatrix Jones Farrand
## بیتریکس جونز فاراند



"بیتریکس" رۆژی ١٨٦٣/١/١٩ لە نیویورك چاوی بە دونیا هەڵێنا. ساڵی ١٨٩٣ دەستی کرد بە خوێندنەوە، وێنەگرتن، سەیر کردنی دیمەنەکانو نووسین سەبارەت بە "باری هاربۆر" لە "ماین" ئەو شوێنەی هەموو ساڵێك لەگەڵ بنەماڵەکەی دەچوو. ئەو زۆربەی کاتەکانی لە باخەکاندا بەسەردەبرد.
ساڵی ١٨٩٠ هەتا ١٨٩١ بۆ راهاتن لەگەڵ جوانکاریو دروست کردنی دیمەن لە شوێنێك بە ناوی "ئارنۆڵد ئاربۆرتیوم" خوێندی. ساڵی ١٨٩٦ باوكو دایکی لێکجیابوونەوە، بلاّم ئەو رووداوە ئەوی بۆ هەوڵ دان لە کاری باخەوانیدا دڵسارد نەکردەوە. ساڵی ١٨٩٧ گڵکویەکی بچووکی بۆ "سیل هارتور" درووست کرد ئەمە وەك یەکەمین پرۆژەی زۆر سەرکەوتوو بوو.بە دوای ئەوەدا "بیتریکس" باخی زۆر درووستکرد کە زۆربەیان لە نیویورك دان،





بەڵام وەك نموونە باخی خۆر هەڵاتی کۆشکی سپی یەکێك لە کارەکانی لە "واشنتون" دایە.
ساڵی ١٩١٢ پلانی جوانکاری بۆ کولیژی پەروەردە لە "پرینستیون" دارشت. ساڵێك دواتر لەگەڵ هاوسەری داهاتوویدا "ماکس فاراند" چاپێکەوتنی کرد رۆژی ١٩١٣/١٢/١٧ ژیانی هاوبەشیان پێکهێنا، بە دوایی ئەویش دا بەردەوام درێژەی بەکارەکەیدا. ساڵی ١٩١٤ لە لایەن زانکۆی "پرینستون"ەوە وەك چاوەدێرێك بۆ جوانکاریەکانی ئەو شوێنە دەستنیشانکرا. سالی ١٩١٦ پلانێك بۆ درووستکردنی باغچەی گوڵی سوور لە باخەکانی "بۆتانیکوڵ"ی نیویورکی دارشت، بەڵام ئەو پرۆژەیە تا چەندین ساڵ دوای مەرگی واتە ١٩٨٩ سەری نەگرت.
لە ساڵەکانی ٢٠دا لە زانکۆی "یاڵە" کاریدەکردو ساڵی ١٩٢٣ بووە راوێژکاری پسپۆری جوانکاری باغچەکان. ساڵی ١٩٢٧ بووە ئەندامی کلوپی باخ لە"فیلادلفیا". "بیتریکس" لە ساڵی ١٩٥٩ کوچی دوایی کرد. ئەو یەکەمینو تەنیا ژنێك بوو کە بڕوانامەی ASLA (کۆمەڵەی جوانکاری بیناسازی ئەمریکایەکان)ی وەرگرت. ئەو باخەوانو جوانکارێکی گەورەی دیمەنەکان بوو کە کارەکانی دەمێننەوەو ستایش دەکرێن.

# Edith Flaigen
# ئێدیت فلانیگن




"ئێـــدیت فلانـــیگن" ڕۆژی ٢٨ی یەکـەم مـانگی ١٩٢٩ لـە شـاری "بوفالۆ" ی "نیویورك" لـە دایـك بـوو. بڕوانامـەی بەکالریوسـی لـە کولیـژی "یوڤیـل"ی "بوفـالۆ" وەك خوینـدکاری پلـە یـەك وەرگـرت. سـالّی ١٩٥٦ ماجیـستری لــە زانکـۆی "ســیراکوس" لــە کیمیــای سروشــتی وەرگـرت. دوای تـەواو کردنـی خوێنـدن کـاری لێکۆڵینـەوەی بـۆ "کۆمپانیای یەکیتی کاربایـد" و هـەروەها کـاری هاوبەش لە نێوان "ئالیـد سـینگال"و "یـەکیتی کاربایـد" کـە بـە UOP دەناسـرا دەســت پێکــرد. ســالّی ١٩٥٩ "ئێــدیت" لەســەر هێلّکــەی "مولوکولــەکان" دەســتی بــەکار کــرد(بلوورەکــان کــە لەگــەلّ مولوکولـەکان تێکـەلّ دەبن و کـونی چووکەیان دەبێت)ئەمانە بـۆ پلاّوتن و گۆرانکاریەکان بەکار دەهێنرێن.لە درێژەی کارەکانیدا نزیکـــە ٢٠٠ پێکهاتـــەی مـــاددەی جیـــاوازی درووســـتکرد گرینگترینیــان "Zeolite Y" کــە بــۆ پلاّوتنــی نــەوت بــەکار دەهێنرێـت بـۆ گۆرانکـاری نـەوتی خـاو، بـۆ "گـازولین" هـەروەها





ماددەیەکی سەوزی درووستکرد کە بۆ ماوەی ٥ هەتا ١٠ سالّ لە ناوەراســتی ســالّەکانی ١٩٠٠دا لــە ژێــر فرۆشــیەکان بــەکار دەهێنرا.

سـالّی ١٩٩٢ میـدالیای " پێـرکین"ی وەرگـرت و سـالّی ١٩٩٤ بڕیاریدا دەست لە کار بکێشێتەوە. داهێنانەکانی ئەو بوونە هـۆی بەرهەم هێنانی "گازوڵین"بە شێوازێکی باشتر، خاوێنترو زۆرتر. هێلّکەکانی ئـەو بـۆ خـاوێن کردنـەوەی ژینگـەو پـالاّوتنی ئـاویش بەکار دەهێنرێن.

# Ann Frank
## ئان فرانک



"ئانیلیز ماری فرانك" ڕۆژی ١٩٢٩/١/١٢ لە " فرانکفۆرت"ی ئالمان لەدایك بوو. ساڵی ١٩٣٣ بنەماڵەکەی ئەویان بەجێهێشت و خۆیان بۆ ڕزگار بوون لە دەست "نازی"ییەکان چوونە "هوڵەند". نازییەکان (جوو)ە کانیان دەگرتو دەیانناردن بۆ ئۆردوگای کاری زۆرملێو هێندێکیان دەکوشتن. بنەماڵەکەی "ئان" وایان بە باش زانی کە لە دەست هیتلەرو سپاکەی خۆیان دەرباز بکەن چوونکە ئەوانیش جوو بوون. "ئان" ساڵیك دواتر چووە لای ئەوان.

ڕۆژی ١٩٤٢/٧/٦ سەردەمی کارەساتی "هۆلووکاست" "ئان" و بنەماڵەکەی بۆ ماوەی ٢٥ مانگ هەتا ٤ی ٨ی ١٩٤٤ لە دیوێکی بچووکی سەر ئیدارەکەی باوکی، خۆیان حەشاردا. پاشان هەر هەشت کەسەکەیان کە بریتی بوون لە



سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا

بنەماڵەکەی "ئان" بنەماڵەیەکی دیکەو پیاوێکی دیکە لە لایەن "نازی"یەکانەوە دۆزرانەوە، و بردیاننە ئۆردوگا. کە بۆ یەکەم جار هەر هەشتیان بردنە ئۆردوگای "وێستربروك" پاشان "ئان"و چەند کەسێکیان لێك جیا کردەوە ئەمانیان لە ڕۆژی ٣ی مانگی ١٢ی ١٩٤٤ ناردە ئۆردوگای "ئاخویتز" ١٩٤٤/١٠/٦ "ئان"و "مارگێتی" خۆشکیان گوێزتەوە بۆ ئۆردوگای "بێرگێن بێلسون". هەر لەوێو ساڵی ١٩٤٥ "ئان" چەند ڕۆژێك دوای مردنی خۆشکەکەی بە هۆی نەخۆشی تیفوسەوە کۆچی دوایی کرد.

"ئان" بیرەوەریەکی ڕۆژانەی لە سەردەمی خۆ شاردنەوەکانیان دا کە هاوکات بوو لەگەڵ سێزدەهەمین ساڵرۆژی لەدایك بوونی لە پاش بەجێما. ژنێك بە ناوی "میپ گیلس"دۆزیەوەو ساڵی ١٩٤٧ چاپ کرا. ئەم بیرەوەریانە بە ٦٧ زمانی جیاواز وەرگیراوەو ئێستایش زۆر کەس دەیخوێنێتەوە: "ئان فرانك" کچێك بوو کە کاریگەری لەسەر هەموو کەس داناوەو هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.

"زۆر شت ڕوویان داوە، وەك ئەوەی هەموو جیهان لە ناکاو وەرگەڕاوە..... کاتێك دەنووسم دەتوانم هەموو ترسەکان بەزێنم": هەڵبژاردەیەك لە بیرەوەیەکانی.

# Rosalind Elsie Franklin

## روزالیند ئیلزی فرانکلین



"روزالیند" رۆژی ١٩٢٠/٧/١٥ لە "لەندەن" چاوی بە دونیا هەڵێنا ئەو لە بەشی فیزیا و کیمیا لە خوێندنگایەکی کچان دەستی بە خوێندن کرد کاتیٚ گەیشتە تەمەنی ١٥ ساڵان بڕیاریدا ببێتە "بیرمەند" بەڵام باوکی دەیەویست لە خزمەتگوزارییە کۆمەلایەتییەکاندا کار بکات. لە هەر حال دا ساڵی ١٩٣٨ چووە کولێژی "نوینهام" لە"کامبریج"و ساڵی ١٩٤١ بڕوانامەی بە کالریوسی وەرگرت.

ساڵی ١٩٤٢ "روزالیند" لە" ئەنجومەنی لێکولێنەوەی خەلووزی بە کەڵکی بریتانیا" دەستی بە کار کرد ئەو لەسەر پێکهاتەکانی "کاربۆن"و "سوربی رەش" لێکولێنەوەی دەکرد. ساڵی ١٩٤٥ بڕوانامەی دوکتورای لە کیمیایی سروشتی لە زانکۆی "کامبریج" وەرگرت. لە ساڵی ١٩٤٧ هەتا ١٩٥٠ لە



سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا

ناوەندی تاقیگەیەك لە پاریس کاری دەکرد. لەویٚ فێری تیشك گرتن بوو. ساڵی ١٩٥١ گەراوە بریتانیا و لە تاقیگەی کولیژی شا لە "کامبریج" کاری کرد. هەر ئەوکاتە بەرپرسایەتی پرۆژەی DNAی پێدرا کە لەگەڵ "موریس ویکینس" هێندێك کاری کەم بایەخ یان ئەنجام دا. " روزالیند" توانی بووی نهێنی DNA بدۆزێتەوە. بەڵام "ویکینس" هێندێك وێنەی ئەوی نارد بۆ "جەیمس واتسۆن"و "فرانس کریك" کە ئەوان توانیان بی دۆزنەوە. پاشان " روزالیند"لە تاقیگەی کۆلێژی "بیرك بێك " دەستی بە کار کرد. لەویٚ لەسەر ڤایرۆسی کۆ کراوەی ناو توتن و ئیفلیجی منداڵان لێکۆڵینەوەی دەکرد.

ساڵی ١٩٥٦ "روزالیند" تووشی نەخۆشی بوو کە بە هۆی شێرپەنجەی هیلکەدانەوە لە ١٩٥٨/٤/١٦ لە لەندەن کۆچی دوایی کرد چەندین ساڵ دوای مەرگی "موریس ویکینس"، "جەیمس واستۆن"و"فرانسیس کریك" بە هۆی دۆزینەوەی " ئەسیدی دی اکسی ریبونوکلیك"(DNA) خەڵاتی نوبێلیان وەرگرت. لەسەر هاوکاریە زۆرەکانی "روزالیند" لەم بوارە باس و لێدوانی زۆر کرا کە لە کۆتایدا لەسەر هاوکاریەکانی ئەو پێداگیرا و کە شوێنەواری بەنرخی ئەو لەم کارەدا دیارە.

# Betty Naomi Friedan
## بتی ناومی فریدەن



"بتی ناومی" ڕۆژی ١٩٢١/٢/٣ لە "پیووریا"ی "ئیلینویس"چاوی بە دونیا هەڵێنا. دوای کۆتایی هێنان بە خوێندن لە قوتابخانەی دواناوەندی بۆ درێژەدانی خوێندن چووە کولێژی "سمیت"ساڵی ١٩٤٢ بڕوانامەی بە کالریوسی لە دەروون ناسی وەرگرت. ساڵی ١٩٤٤ بۆرسێکی بۆ درێژەدان بە خوێندن و بەدەستهێنانی دوکتورا پێشکەش کرا، بەڵام ئەو وەرینەگرت و چووە نیویورك کە لەوێ وەك هەواڵنێری ڕۆژنامەی"کرێکاران"کاری دەکرد.

کاتێك لە شاری نیویورك کاری دەکرد، تێگەیشت لە شوێنی کارەکان جیاوازیەکی زۆر بەتایبەت بۆ ژنان دادەنرێ. ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ پیاوێك بەناوی "کارل فریدەن" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. پاش ماوەیەك منداڵیان بوو. ساڵی ١٩٤٩ ئەو کاتە بە منداڵی دووهەمی سکی پڕ بوو لە کارەکەی لە





ڕۆژنامەی"کرێکاران" بەو هۆیەی کە داوای پشووی کردبوو وەلانرا. هەر بۆیە "بتی"هەموو کاتەکانی بۆ خزمەت کردن بە هاوسەرو منداڵەکانی تەرخان کرد. بەپێی ئەو ئەزموونە بۆی دەرکەوت کە ئەوە شتێکی ناڕاستە، ئەو ژنانەی تەنیا خەریکی کاری ناوماڵ و منداڵدارین ، دڵخۆش بن. ئەو بڕیاریدا ڕاپرسیەك لەو ژنانە بکات کە لە کولێژی "سمیت " خوێندنیان تەواو کردوەو لەوەدا بۆی دەرکەوت کە ئەوانیش دڵخۆش نین.

"بتی" وتارێکی لەسەر هەستی ژنان سەبارەت بە کێشە کە نووسی، زۆری هەوڵ دا چاپی بکات بەڵام هەموو بەرپرسی چاپ خانەکان پیاو بوون و کەس ئامادە نەبوو چاپی بکات. لەهەر حاڵ دا "بتی" کۆڵی نەدا. ئەو وتارەکەی کردە کتێبێك بە ناوی "مانەویاتی ژنان" کە سەرەنجام چاپ کراو زیاتر لە سێ ملوێن بەرگی لێ فرۆشرا. بەدوای ئەوەدا بتی گەڕاوە بۆ گوندو لەسەر بۆچوونەکانی قسەی بۆ جووڵانەوەی ژنان دەکرد. پاشان لەگەڵ چەند ژنێك لە واشنیۆن چاوپێکەوتنی کردو یەکەمین پێکهاتەی بزووتنەوەی ژنانی دامەزراند کە ئێستا بووەتە ڕێکخراوی نەتەوەیی بۆ ژنان. ئەم بزووتنەوەیە لە ساڵی ١٩٦٦ دامەزراو "بتی" وەك یەکەمین سەرۆکی هەڵبژێرا. ئەو داوای لە ژنان دەکرد لە بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگا بەشدار بن بۆ ئەوەی بەرانبەری تەواو بەدەست بێنن.ساڵی ١٩٧٠ دەستی لە کار کێشاوەو هەوڵەکانی لەسەر ریفورمی سیاسی، نووسین و پەروەردەکردن چڕ کردەوە.

# ئێلیزا بێت گارنی فری
# Elizabeth Gurney Fry



" ئێلیزا بێت گارنی"١٧٨٠/٥/٢١ لە "نۆرویچ"ی ئینگلیز لە دایك بوو. ئەو چوارەمین منداڵ لە ١٢ منداڵی بنەماڵەکەی بوو. ساڵی ١٧٩٩ سەرنجی بۆ لای ئایین راکێشراو بووە ئەندامی "کویکر"ەکان کە گروپێکی ئایینی مەسیحی توندو تیژو داخراو بوون. رۆژی ١٨٠٠/١٢/١٩ لەگەڵ پیاوێکی "کویکر" بە ناوی "جوسیف فری" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. ساڵی ١٨١١ "ئێلیزا بێت" بووە وەزیری "کویکر"ەکان ، یەکەمین منداڵی لە ساڵی ١٨٢٢دا لە دایك بووە کە بەدوای ئەودا " ئێلیزا بێت" ١٠ منداڵی دیکەی بوو.

ساڵی ١٨١٣ چووە دیتنی بەندیخانەی "نیوگەیت" لە لەندەن، ئەو چاوپێکەوتنە بووە هۆی گۆڕان لە ژیانیدا.

کاتێك بەندیەکانی لە بەشی ژنان دیت لە بارودۆخی خراپی





ئەوان تووشی نیگەرانی بوو هەر بۆیە بڕیاری دا کارێك سەبارەت بەوان ئەنجام بدات. لە هەمان ساڵدا کۆمەڵەی دایکایەتی دامەزراند، بەڵام هەتا ساڵی ١٨١٦ ئەوکاتەی کە باوەری تەوای بە خۆبەخت کردن بوو ئاسایشی بەندییەکان وەدەست هێنا، یارمەتیدان بەئەوانی دەست پێنەکرد.

ساڵی ١٨١٦ بوو کە "ئێلیزا بێت" سەبارەت بە ئازارو ئەشکەنجەی بەندییەکان ژنەکان لە بەندیخانەی "نیوگەیت " دەستی بەکار کرد. سەرەتا قوتابخانەیەکی بۆ منداڵی بەندکراوەکان کردەوە پاشان شێوازێکی دابەشکراوی بۆ بەندییەکان داهێنا کە بریتی بوون لە یاسایی کردنی جل‌وبەرگ، چاوەدێری، پەروەردەو کار کردن. مانگی چواری ١٨١٧"ئەنجوومەنی ژنان بۆ رێفۆرم لە بەندیخانەی ئافرەتانی نیوگەیت" دامەزراند. ساڵی ١٨٢١ ئەم رێکخراوە گەشەی کردو ناوەکەی بە "کۆمەڵەی ژنانی بریتانیا بۆ بەرەوپێش بردن‌و ریفورمی ژنە بەندکراوەکان"گۆڕا. ئەم رێکخراوە لە سەرانسەری بریتانیادا یەکەمین رێکخراوی ژنان بوو.

بە هۆی ئەم چالاکییانەوە " ئێلیزا بێت" بووە کەسایەتییەکی نەتەوەیی. ئەو بۆ سەرانسەری بریتانیا سەفەری کردو لەگەڵ بەندییەکان چاوپێکەوتنی دەکردو لەسەر باوەرەکانی"کویکر"و ریفورم لە بەندیخانەدا قسەی بۆ دەکردن. ئەو خوازیاری هەڵسووکەوتی باشتر لەگەڵ بەندکراوەکان، ئازادی

ئایین‌ونەهێشتنی کویلەیی بوو. ساڵی ١٨٢٢ کتێبێکی لەسەر دیدارەکەی لە بەندییەکانی"نیوگەیت" نووسی. ئەو هەروەها ساڵی ١٩٤٠ ئەنیستیتۆیەکی بۆ کچانی پەرەستار لە لەندەن دامەزراند کە هەوڵێك بوو بۆ مودێرن کردنی بریتانیا.

رۆژی ١٨٤٥/١٠/١٣ " ئێلیزا بێت" بە هۆی جەڵدەوە کۆچی دوایی کرد. حەوت رۆژ دواتر لە گۆرستانی “فریندز” (دۆستان) لە "پارکینگ" بە خاك سپێردرا ئەو زۆر کاری دیکەی کرد کە ئەوانەی ژێرەوە نموونەکانیانن: دامەزراندنی"کۆمەڵە ناوچەیەکان بۆ هەژاران"، "کۆمەڵەی خزمەتکاران"، دامەزراندنی "کتێبخانە بۆ پارێزەرانی دەریای بریتانیا"و هتد.





# Margaret Fuller
## مارگارت فولێر



مارگاریت دەڵێت: "من لەو باوەڕەدام کە لێهاتوویی ژنان لە یەك کاتدا وەك تێپەر بوونی تیشك وایە، ئەوان تێگەیشتنی وردیان لە کارەکان هەیەو پێوەندی‌یەکانیان رۆحیە."

“سارا مارگارت فولێر” رۆژی ١٨١٠/٥/٢٣ لە شارێکی سەر بە "ماساچوست"چاوی بە دونیا هەڵێنا. ئەو لە قوتابخانەی خاتوو"پرێسکوتس" لە "گرۆتون" بەشداری کردو دواتر چووە "کامبریج" کە قوناغەکانی دواتری خوێندنی لەوێ تەواو کرد ساڵی ١٨٣٣ بووە مامۆستای قوتابخانەی مندالآن لە"گرۆتون". بەداخەوە ساڵی ١٨٣٥ باوکی کۆچی دوایی کردو ئەرکی بەڕێوە بردنی بنەماڵەکەی کەوتە سەرشانی ئەو. ساڵێك دواتر لە خوێندنگای پەرستگەی "یرانسان ئالکوت" دەرسی ئەڵمانی و ئیتالی دەوتەوە. ”مارگارێت” لەگەڵ فەیلەسووف"رالف والدۆ ئێمرسۆن" چاوپێکەوتنی کردو بوونە هاورێ.

ماوەی دوو ساڵ لە نێوان ساڵەکانی ١٨٣٧ هەتا ١٨٣٩ "مارگاریت" لە قوتابخانەی شەقامی سەوزی " هێرمان فولێر" هەڵکەوتوو لە "پرۆڤیدینس"ی دوورگەی "راود"وانەی دەوتەوە. ساڵی ١٨٣٩ وتووێژی نێوان "ئێکێرمەن"و"گوتە"ی بۆ تەرجوومە دەکرد. دوایی لە وتووێژی "کامبریج"و "بۆستۆن"دا بەشداری کرد. ئەو بووە ئەندامی کلوپی وەرگێڕان و لەگەڵ کەسانێك وەك "ئێمرسون"، "لۆزیا مەی ئارکۆت"، "چانینك"و"حونس ڤیری" کاری دەکرد.

لە ساڵی ١٨٤٠ هەتا ١٨٤٢ "مارگارت" بووە سەرنووسەری گۆڤاری "دەیل" هێندێك لە وتارەکانی هەر لەو گۆڤارەدا بڵاو بوونەوە. ساڵی ١٨٤١ " بروك فارم" دامەزرا بەڵام "مارگارت"و "ئێمرسون" بڕیاریان دا تێکەڵی نەبن چوونکە باوەری زیاتریان بە کارەکەی خۆیان بوو. ساڵی ١٨٤٢ "مارگارت" وەرگێرانی وتووێژەکانی لەگەڵ "فراولین گادێرەید"و " تبییتا ڤۆن ئارنیم" کۆتایی هێناو چاپی کرد. ساڵی ١٩٤٤ یەکەمین کتێبی خۆی بە ناوی "هاوین لەگۆلەکە" چاپ کرد کە هێندێك لە وردە کاری حیسابەکانی خۆی تێدا باس کردبوو. ئەم کتێبە یارمەتیدا کارێکی لە "دەیلی تریبون"ی نیویورك وەك رەخنەگری ئەدەبی دەست کەوێت.

مارگارت کتێبی "ژنان لە سەدەی نوزدەهەم"ی تەواوکرد کە بووە فیکری فیمینستی سەردەم.لە ساڵی ١٨٤٦دا "لاپەرەکانی





ئەدەبیات و هونەر"ی چاپ کرد. ساڵی ١٨٤٧ سەفەری کرد بۆ ئیتالیا و دوای ماوەیەك خۆشەویستی لەگەڵ"مارچس ئوسۆلی" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. لە ساڵی ١٨٤٨ کوڕێکیان بوو کە ناویان نا" ئاجیلۆ" پاشان لە ساڵی ١٨٤٩ لە کاتی گەمارۆ دانی رۆم دا"مارگارت" بووە بەڕێوەبەری یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ئەو شارە و چاوەدێری لە نەخۆشەکان دەکرد. لە ١٧ی مانگی مەی ١٨٥٠ کاتێك لەگەڵ هاوسەرەکەی وکوڕەکەی بەرەو ئەمریکا سەفەریان دەکرد بە هۆی رووداني کارەساتی دەریاییەوە گیانیان لەدەست دا. ساڵی ١٨٥٢ هاورێکانی "ئیمرسۆن"،"چانینگ"و"کلارك" بۆ رێز لێنان لەو کتێبێکیان بە ناوی "بیرەوەرییەکانی مارگارت فولێر ئۆسۆلی" بڵاو کردەوە.

# Indira Gandhi

## ئیندیرا گاندی



"ئیندیرا گاندی" ١٩ی نوامبەری ساڵی ١٩١٧ لە "ئەڵلا ئاباد"ی هێند لە دایك بوو. بەو هۆیەی تەنیا منداڵی بنەماڵەکەی بوو توانی تا ئاستێکی باش بخوێنێت. ئەو چووە زانکۆی "ڤیسڤا بەهرات"لە "بەنگالی خۆرئاوا"و پاشان زانکۆی "ئاکسفورد". ساڵی ١٩٤٢ "ئیندیرا" چاوی کەوت بە "فیروز گاندی"و ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێك هێنا. فیروزیش هەر وەك "ئیندیرا" ئەندامی "پارتی کونگرەی نەتەوەیی" بوو.

ساڵی ١٩٦٦ دوای مەرگی سەرۆکی پارتی کونگرە "ئیندیرا" وەك سەرۆکی ئەو حیزبە هەڵبژێردراو هەروەها بووە سەرۆك وەزیری هێندو لەهەمان کاتدا وەزیری زانیاری‌و پلان دانانیش بوو. هەر چەند ساڵێك دواتر دەنگی نەهێنایەوە بەڵام لە هەڵبژاردنی ١٩٧١ جارێکی دیکە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. لەهەمان ساڵدا لە پێکهاتنی بەنگلادش (کە پێشتر بە بەنگاڵی





خۆر هەڵات دەناسرا) پشتیوانی کردو لە شەڕ لەگەڵ پاکستان یارمەتیدان. جارێکی دیکە بێبەختی رووی لە "ئیندیرا" کردەوە ولە ساڵی ١٩٧٢ بە دەستێوەردان لە یاسای هەڵبژاردن تاوانبار کرا ساڵی ١٩٧٥ لەسەر کار وەلانرا بەڵام ئەو هەوڵیدا بە هۆی تووشکردنی هێند بە حاڵەتی نائاساییەوە کورسیەکەی رابگرێ.

جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٧٧دا لە هەڵبژاردن‌دا شکستی هێنا. بەڵام لایەنگرانی "پارتی کونگرەیI"یان دامەزراند کە مەبەستیان لە "I" پیتی یەکەمی ناوی "ئیندیرا" بوو. بە هاوکاری هەردوو پارتەکە جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٨٠ لە هەڵبژاردندا سەرکەوتنیان وەدەست هێنا. لە هەمان کات دا بە هۆی داواکاری "سیك"ەکان (کۆمەڵێك لە هێندە بەرهەڵەستکارەکان بوون) بۆ "ئوتۆنومی"، "ئیندیرا" لە یەکیتی سیاسی هێند تووشی ترس‌و گومان بوو. "ئیندیرا" بۆ بەرگری کردن لە توونددوتیژی "سیك"ەکان لە مانگی ٦ی ١٩٨٤ لە "پەرستگەی زێرین"ی ئەوان دا تەقینەوەی دانا لە ئاکام دا بە هۆی تەقینەوەی بۆمبێك نزیك بە ٤٥٠ کەس لە سیکەکان کوژران.

دواتر دوو کەس لە سیکە بەرهەڵستکارەکان بوونە پارێزەری"ئیندیرا " بە تۆڵەی تەقاندنەوەی "پەرستگەی زێرین" رۆژی ١٩٨٤/١٠/١٣ لە پایتەختی هێند تیروریان کرد. یەکێك لەوان کوژراو ئەوی دیکەیش بریندار بوو. ئیندیرا کاری زۆری بۆ

نیشتمانەکەی ئەنجام دا کە هێندێکیان لە سەرەوە باسیان لێ کراوە. ئەو پێوەندی نێوان هێندو یەکیتی سوڤییەتی گەرم کردو لە بواری سەنعەتییەوە هێندی بەرەو پێش برد.





# Sarah and Angelina Grimke

## ساراو ئانجێلیینا گریمک



هەر چەند ئەم دوو ژنە لە پێکهاتەی جەستەییدا لێك جیاوازن، بەڵام پێکەوە بەستراوەییان ئەوەندە گرنگە کە ناکرێ لێکیان جیا بکەینەوە. کە واتە دەتوانین وەك یەك کەس حیسابیان بکەین. دڵنیام کە ئەوەیان پێخۆش دەبێت.

سارا رۆژی ١٧٩٢/١٠/٢٦و ئانجێلیینا رۆژی ١٨٠٦/٢/٢٠ لە دایك بوون. لە دەوریساڵی ١٨٢١ سارا چووە فیلادلفیاو لەگەڵ "کۆمەڵەی هاورێکان" چاوپێکەوتنی کرد. کە لە هەمان ساڵدا بووە ئەندامی ئەو رێکخراوەو لە "فیلادلفیا" ماوە. "ئانجێلیینا"یش رێبازی خۆشکەکەی درێژە داو ساڵی ١٨٢٩ لە "کۆمەڵەی هاورێکان" مافی ئەندامەتی پێ بەخشراو لە هەمان کاتدا بووە " کویکر" (باورێکی ئایینی مەسیحی). دەسپێکی کارە گرینگییەکانیان لە لایەن "ئانجێلیینا"وە دەستی پێکرد. ئەو نامەیەکی بۆ "ویلیام لیوود گارسێون" نووسیو باسی

ئەوەی کرد کە چۆن دەبێ کۆیلەیی کۆتایی پێ بێت. ئەو نامەیە لە رۆژنامەکەی "ویلیام"دا "لیبراتۆر" چاپ کرا. ئەوە "ئانجێلیینا"ی وا لێکرد درێژە بە نووسین بدات.

ساڵی ١٨٣٦ بابەتێکی لەژێر ناوی "داوایەك لە ژنانی مەسیحی باشوور"نووسی. ئەم بابەتە روانینێکی ئیخلاقی لە بەرانبەر کۆیلەییدا هێنا بووە بەرباس. لەم کاتەدا سارایش رێگاکەی ئەوی گرتە بەر"پەیامێك بۆ پیاوانی ئایینی ئەیالەتەکانی باشوور "ی نووسی. هەردووکیان بوونە ئەندامی کۆمەڵەی دژ بە کۆیلەیی و دەستیان کرد بە باس و رێنوێنی لە سەر چۆنیەتی کۆتایی هێنان بەو گرفتە. پاشان کەسێك هاتە لایان و وەبیری هێنانەوە کە ژنانیش شایانی گەیشتن بە مافەکانیانن. کەواتە ئەو کێشەیەشیان خستە ناو باس و رێنوێنیەکانیان.

ساڵی ١٨٣٧"ئانجێلینا" کتێبێکی بە ناوی "داخوازییەك لە ژنانی ئەو هەرێمانە ئازادییان تێدا بەربەستە"و "سارا"یش لە ساڵی ١٨٣٨ "نامە لەسەر بەرانبەری سێکس و بارودۆخی ژنان"ی نووسی ساڵی ١٨٣٨"ئانجێلینا"لەگەڵ پیاوێك بە ناوی "تیودۆر دوایت ویلد" کە ئەویش وەك خۆیان رەخنەگر بوو. ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. پاشان هەر سێکیان پێکەوە کتێبکیان بە ناوی "کۆیلەی وەك ئەوەی کە هەیە: بە پەسەندی هەزار شایەد" نووسی.





ئەم کتێبە کۆتایی هێنەری داواکانی "سارا"و "ئانجێلینا" بۆ کۆیلەکان و مافی ژنان بوو. ئەوان ساڵەکانی دواییان بە کار لە قوتابخانەی "ویلد" تێپەر کردو چوونە "نیۆتونی خۆرئاوا" لە "ماسا چووست"و پاشان رۆیشتنە "بۆستۆن". "سارا" لە ٢٣ی مانگی دوازدەی ١٨٧٣ کۆچی دوایی کردو لە ١٨٧٩/١٠/٢٦یش دا کۆتایی بە تەمەنی "ئانجێلینا" هات.

# Caroline Lucretia Herschel
# کارولین لۆکریتیا هێر



"کارولین" کاتی چاوەدێریکردن لە براکەی "ویلیام" دەڵێت: "سەرجەم کاتەکانی پشوودان کورت بوون بە خێرایی تێ دەپەرین، کارەکە کە بەرەوپێش دەچوو، درێژەی پێ ئەدا، بێ ئەوەی کاتێ بێتو یان جل بگۆڕێت ... تەنانەت من ناچار دەبووم بۆ زیندوو مانەوەی پارووی نان بکەم بە دەمیەوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە کاری ئاوێنە ٧ پێیەکەی بەرەو کۆتایی دەرۆیشتو ئەو بۆ ماوەی ١٦ سەعات دەستی لە کار هەڵنەگرت".

"کارولین لۆکریتیا هێرشڵ" ڕۆژی ١٦/٣/١٧٥٠ لە "هانوئیر"ی ئەڵمانیا لە دایك بوو، کاتێك تەمەنی ١٧ ساڵ بوو، باوکی کۆچی دوایی کرد، دوای ئەو ڕووداوە "کارولین" چوو بۆ "بەس" بۆ ئەوەی چاوەدێری لە "ویلیام"ی برای بکات. کاتێك



سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا

"ویلیام" ڕێبەری کۆڕو گرووپی مۆسیقاکانی دەکرد، "کارولین" دەیەویست لە نێو کۆڕەکەدا گۆرانی بڵێت. کاتێك "ویلیام" خەریکی خوێندنی جەبرو ئەندازەیی (هێندسە) دەبوو "کارولین" پێی خۆش بوو وەك ئەو فێریان بێت. "ویلیام"و "کارۆلین" زۆر یەکتریان خۆش دەویستو لێك نزیك بوون.

یەکێکی دیکە لە کارە سەیرەکانی "ویلیام" دروست کردنی "تێلێسکۆپ" (ئامێرێك کە بۆ دیتنی شتە دوورەکان وەك ئەستێرەکان بە کار دەهێنرێت) بوو. لەم ماوەیەدا بوو کە "کارۆلین" سەرنجی بۆ لای زانستی ئەستێرەناسی ڕاکێشرا. پاشان لە ساڵی ١٧٨١ "ویلیام" گەڕا ئەستێرەیێکی دیکەی دۆزیەوە کە ئێستا بە "ئورانووس" دەناسرێت. ساڵی ١٧٨٥ کۆچیان کرد بۆ "ویندسۆر" لەوێ "کارۆلین" تێلیسکۆپێکی لە براکەی وەرگرت. ئەو لە ڕۆژدا چەندین کاتژمێری بە گەڕانو چاو لە ئاسمان کردن بە دوای ئەستێرەی کلك دار دا تێپەر دەکرد. ساڵی ١٧٨٦ "کارۆلین"و "ویلیام" چوونە ڕوانگەی ئاسمانی، لەوێ "کارۆلین" یەکەمین ئەستێرەی کلك داری دۆزیەوە کە بە "ئەستێرەی کلك داری یەکەم خاتوون" ناسرا. هەر لەو کاتانەدا "ویلیام" ژیانی هاوبەشی پێکهێنا کە ئەمە لە باری دراماییەوە شێوەی ژیانی کارۆلینی تووشی گۆران کرد. هەر چەند هەرگیز لە ئەستێرەناسی پاشگەز نەبوەوە.

لە نێوان ساڵەکانی ١٧٨٩ هەتا ١٧٩٨ "کارۆلین" هەشت

ئەستێرەی کلك داری جیاوازی دۆزیەوە، کە لە خۆیدا کارێکی گەورە بوو. ساڵی ١٧٩٨ کتێبێکی بە ناوی "ڕێنماییەك بۆ دیتنی ئەستێرە بێجووڵەکان" نووسی کە بە وردی باسی لە جیاوازی زۆری ئەستێرەکان لە ئاسماندا کردبوو. لەو ساڵە بەدواوە هەتا ساڵی ١٨٢٢ "کارۆلین" دەستی لە ئەستێرەناسی هەڵگرت و چاوەدێری لە کوڕەکەی "ویلیام" دەکرد.

ساڵی ١٨٢٢ کارەساتێکی تاڵ روویدا، "ویلیام" کۆچی دوایی کرد. "کارۆلین"گەڕاوە بۆ "هانۆڤێر"و جارێکی دیکە کاری ئەستێرەناسی دەست پێکردەوە. پاشان ریزبەندیەکی لە شوێنی ٢٥٠٠ ئەستێرە بەرهەم هێنا. ساڵی ١٨٢٦ بە هۆی ئەو کارەیەوە لە لایەن "کۆمەڵەی ئەستێرەناسی پاشایەتی"یەوە میدالیایەکی زێرینی پێبەخشرا. ساڵی١٨٣٥ "کارۆلین" بووە ئەندامی کۆمەڵەی ئەستێرەناسی پاشایەتی کە لەگەڵ "مەری سورمرڤیل" هەردووکیان وەك یەکەمین ژنەکان شانازی ئەندامەتیان لەو کۆمەڵەیەدا پێدرا. "کارۆلین"دواتر لە ساڵی ١٨٣٨دا وەك ئەندامی ئاکادیمی ئیرلەندی پاشایەتی هەڵبژێرا.

"کارۆلین" لە ٩ی ژانیوەری ساڵی ١٨٤٨ لە "هانۆڤێر"ی ئەڵمانیا کۆچی دوای کرد.ساڵی ١٨٨٩ بۆ ڕێزلێنان لەو ئەستێرەیەکی بچووکیان ناو نا " لوکریتیا".





# Judith Humann

## جودیس هیومان



"جودیس هیومان" یەکێك لەو ژنانەیە کە بۆ یەکسانی نێوان خەڵك کاریگەریەکی زۆری دانا و لە ریزی پێشەوە بووە. کاتێك تەمەنی گەیشتە ١٨ ساڵ تووشی نەخۆشی ئیفلیجی بوو کە ناچار بوو ژیانی لە سەر ویلچێر تێپەر بکات. ئەو رێگای پێدرا تا پۆلی چوار بچێتە قوتابخانە، بەڵام توانی لە دوو کولیژ بڕوانامە وەربگرێت. ساڵی ١٩٦٩ لە زانکۆی "لوانگ ئایلند"و ساڵی ١٩٧٥ لە زانکۆی کالیفرنیا لە بیرکلی. لە زانکۆی "کالیفرنیا" بڕوانامە ماجیستری ئادابی لە بەڕێوە بردنی تەندروستی گشتی بەدەست هێنا. جودیس هۆگری مامۆستایەتی بوو، بەڵام داوای ئەو لە لایەن قوتابخانەکانی شاری نیویورك بە هۆی کەڵك وەرگرتن لە ویلچێر رەد کرایەوە. بۆ وەڵامدانەوە بەوان لە بەرانبەریان دا هەڵوێستی گرت و سەرکەوتووش بوو."جودیس " لەگەڵ رێکخراوەکان زۆر کاری ئەنجام دا. ئەو هاوکارییەکی زۆری کەسایەتیەکان لە یاسای

پەروەردەیی کەم ئەندامان و گەڵاڵەی ئەمریکاییەکان بۆ یاسای کەم ئەندامان کرد. دواتر بووە جێگری سەرۆکی ئەنستیتۆی جیهانی بۆ کەم ئەندامان و هەروەها بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەو پەروەردە کردنی ئەو ناوەندە. جودیس لە دامەزرانی هاوپێمانەتی هاوڵاتیانی کەم ئەندام و بێدەسەڵاتی ئەمریکا هاوکاری بەرچاوی کرد کە بووە سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەیش.

"جودیس" لە زۆر گرووپا بووە ئەندام کە نموونەکانی ئەمانەن: "شوورای ڕاوێژکاری نەتەوەیی بۆ لێکولینەوە سیاسییەکان لە سەر ژنان"، زیاتر لە ٦٠ ناوەندی تەندروستی، " شوورای نەتەوەیی بۆ ژیانی سەربەخۆ" و "ئەنجومەنی وزەبەخشی نەتەوەیی".

ساڵی ١٩٧٥ هەتا ١٩٨٢ جێگری بەڕێوەبەری ناوەندی ژیانی سەربەخۆ بوو. لە ساڵی ١٩٨٢ هەتا ١٩٩٣ ئەرکەکەی وەك جێگری بەڕێوەبەر نەماوە، بەڵام وەك ئەندام چالاکییەکانی لەو ڕێکخراوەدا درێژە پێدا. لە ساڵی ١٩٨٢ هەتا ١٩٨٣ وەك یاریدەدەری بەڕێوەبەری وزارەتی وزەبەخشی ئەیالەتی کالیفرنیا کاری کرد. ساڵی ١٩٩٣ جودیس بووە "یاریدەدەری سکرتێری پەروەردەی تایبەت"و "سرویسی وزەبەخشی" و دواتر "بووە بەڕێوەبەری ئیدارەی وزەبەخشی"، "ئەنستیتۆی نەتەوەیی کەم ئەندامان"و "لێکۆڵینەوەی وزەبەخشی"و "ئۆفیسی بەرنامە پەروەردەییە تایبەتەکان".

ساڵی ١٩٩٥ لە کونگرەی نێونەتەوەیی کەم ئەندامان لە شاری



سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا

"میکزیکۆ" "جودیس " ئاماژەی بە پەروەردە کرد."جودیس" ئێستا لەگەڵ "جورج پینێدا" ژیانی هاوبەشی پێك هێناوەو لە شاری "واشنتون" پێتەختی وڵاتە یەکگرتووەکان ژیان بەسەر دەبات.

# Dorothy Mary Crowfoot Hodykin
# دوروسی مەری کروفووت هودکین

" پیروتز" سەبارەت بەو دەڵێت: "ئەو وەك کیمیازانێکی گەورە، ئیماندارێك، خۆشەویستێکی بەسەبرو لە سەر خۆ بۆ خەڵكو فیداکارێکی لە ڕیزی پێشەوەی ئاشتی لە یادو بیرەوەریدا دەمێنێتەوە".

"دوروسی کەری کروفووت هودکین" ڕۆژی ١٢/٥/١٩١٠ لە "قاهیرە"ی پێتەختی میسر لەدایك بوو. ئەو لە ساڵی ١٩٣٢دا چووە کولیژی "سامێرڤیل" لە "ئاکسفورد"و بڕوانامەی لە کیمیا وەرگرت. کاتێك لە کولێژ بوو، تیشکی بلوورناسی بە کار هێنا بۆ ئەوەی پێکهاتەی "ئەتۆم" پیشان بداتو دەری بخات کە بلوورەکان بە دووپات بوونەوەی پێکهاتەی یاسایی لە ئەتۆم درووست کراون.

ساڵی ١٩٣٣ "دوروسی" لێکۆڵینەوە گرینگەکانی خۆی لە سەر بلوورناسی دەست پێکرد. ئەو لە سەر پێکهاتەی ئەتۆمو ماددە وردەکانی "مولوکول" لێکۆڵینەوەی کرد. لەگەڵ دوکتور "بێرنال" لە سەر یەکەمین پێکهاتەی تیشك لە پرۆتۆئینێکی گلوبۆلیدا پێوانەیەکیان ئەنجام دا. لەم لێکدانەوەیەدا، بۆ





بەدەستهێنانی زانیاری ڕێککەوتنی مولوکولەکانی پرۆتوئین بە تەواوی دەری دەخات کە ئاوی دایك بۆ گەمارۆ دانی بلوورەکانی پۆوتوئین بە بەردەوامی پێویستە. هەروەها لە لێکۆڵینەوەکانیدا هەڵگری بلوورەکان بە مولوکولو پلانەکانیان بۆ دابەشکردنی "هایدرۆژن" پێشان دا. ئەمانە بەرەوپێش چوونێکی چاوەڕوان نەکراو لە کیمیادا بوون. چونکە یەکەمین هەڵسەنگاندنەکانن کە لە حیسابەکانی 3-D پێك هاتوون. ساڵی ١٩٣٤ "دوروسی" گەراوە بۆ زانکۆی "ئاکسفۆرد"و لەوێ تیشکی "ئەنسوولین"ی دەگرت کە چارەسەرێکە بۆ نەخۆشی شەکرە و لە سەر بوونەوەر ناسی مودێرن کاری دەکرد. ساڵی ١٩٧٣ لە زانکۆی "کامبریج" بڕوانامەی دوکتورای وەرگرتو لەگەڵ دوکتور "تۆماس هودکین" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا.

لە ساڵی ١٩٤٢ هەتا ١٩٤٩ "دوروسی" بۆ تێگەیشتن لە سەر پێکهاتەی "پنیسیلین" کاری کرد کە توانی لە ساڵی ١٩٤٥دا لەگەڵ بلووری تیشك درووستیان بکاتو دواتریش گەشەیان پێ بدات. ساڵی ١٩٤٧ بووە ئەندامی "ڕێکخراوی زانستیی بریتانیا"، "کۆمەڵەی پاشایەتی". لە ساڵی ١٩٤٨ هەتا ١٩٥٩ بووە چاوەدێری خوێندن لە زانکۆکانی "ئاکسفورد"و "کامبریج". ساڵی ١٩٥٥ یەکەمین تیشکی Xی لە ویتامین B – 12 گرت. ساڵەکانی ١٩٥٦و ١٩٥٨ دوو میدالیایی بەدوای یەکدا وەرگرتو بووە ئەندامی ئاکادیمی ئەدەبو زانستی

ئەمریکا. ساڵی ١٩٦١ لە ڤیتامین B – 12دا بە ئاکام گەیشت.
ڤیتامین B – 12 یارمەتیدەری درووست بوونی سلوولەکانی خوێنەو هەروەها بۆ کەم خوێنی سوودبەخشە. لە ساڵی ١٩٦٠ هەتا ١٩٧٧ "دوروسی" لە زانکۆی "ئاکسفورد" پرۆفیسۆری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی پاشایەتی "ولف سان" بوو. ساڵی ١٩٦٤ خەڵاتی نوبێلی لە کیمیادا بە هۆی پێکهێنانی ڤیتامین B – 12 وەرگرت. ساڵی ١٩٦٥ لە لایەن "ئێلیزابێتی دووهەم" شای بریتانیا دیاری ڕێزلێنانی پێ بەخشرا. سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٦٩ پێکهاتەی ئەنسۆلینی تەواو کرد کە یارمەتیدەری چاککردنەوەی نەخۆشی دیابێتە.

ساڵی ١٩٧٠ بووە سەرۆکی زانکۆی "برتیۆڵ"و لە ساڵی ١٩٧٢ هەتا ١٩٧٨ بووە سەرۆکی یەکێتیی نێونەتەوەیی بلوور ناسی. ساڵی ١٩٧٦ میدالیای "کوپڵ"ی وەرگرت. ساڵی ١٩٧٨ میدالیایی "لانگ ستاف"، ١٩٨٢ میدالیایی زێرینی "لامونسۆڤ"و ساڵی ١٩٨٧ خەڵاتی "ئاشتی لینین" پێ بەخشرا.

"دوروسی" ڕۆژی ١٩٤٤/٧/٢٩ بە هۆی جەڵتەوە لە "ئیلمینگتۆن"ی بریتانیا کۆچی دوایی کرد. ئەو زۆر یارمەتی بە بەرەوپێش بردنی کیمیا دا. وێڕای ئەوەیش لە زۆربەی وڵاتە جیاوازەکانی جیهان ئەرکی بەخێوکردنی زیاتر لە ٧٥ منداڵی بەئەستۆ گرتبوو کە پێویستییەکانی لە ماڵەکانی خۆیاندا بۆ دەستەبەر دەکردن.





# Areil Hollinshead

## ئاریەڵ هۆلینشید



بە دوای لێبۆردن لە ئێوەی خوێنەرانی ئەم کتێبە، من زانیاری‌یەکی زۆر کەمم لە سەر ئەم ژنە هەیە. پێم وایە ئەو شایانی ئەوەیە لەم ڕیزەدا بێت. چونکە کارەکەی ئەو هێشتا کاریگەری هەیە. بەداخەوە نەمتوانی نە وێنەیەک‌و نە زانیاری زیاتر لەو چ لە کتێب داو چ لە ئینترنێت دا ببینمەوە. هەر بۆیە لەوە زیاتر کە لە خوارەوە هاتووە سەبارەت بەو نازانم.

"ئاریەڵ" ساڵی ١٩٢٩ لەدایك بوو. خوێندنی لە زانکۆی "جورج واشنتۆن" تەواو کرد. کاتێك تەمەنی لە دەوری ٤٠ ساڵیدا بوو، پەرەی دا بە دەرمانی چارەسەری شێرپەنجەی قورگ کە بۆ چوار شێوە لە تووش بوونی بەکار دەهێنرا. ئەو تەکنیکێکی دەنگ بە فرکانسی کەمەوە داهێنا کە بۆ داپۆشینی ئانتی ژێن لە پێستی سلوولوکاندا بەکار دەهێنرێ.

ئەمە هەموو ئەو شتانە بوو کە توانیم سەبارەت بەو بیاندۆزمەوە! بەداخەوە!

# Mary Phelps Jacob
## مەری فێلیس جاکوب



"بیتریک فونتانێل" سەبارەت بە کارەکەی ئەو دەڵێت: "ئەوەندە نەرم و کورت و باش دروست کراوە کە مەمکەکان بە شێوەیەکی یاسایی لێك جیا دەکاتەوە".

ژنێکی دەوڵەمەندی نیویورك بە ناوی "مەری فێلیس جاکوب" بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩١٣ شتێکی بۆ داپۆشینی مەمك دروست کرد کە لە دوو پەرۆی پەشم و چەند پەتێکی پەمەیی پێك هاتیوو. ئەمە رزگاری‌دەرێك بوو بۆ ژنان لە دەست ئەو "کۆرسێتانە"ی ئەو کاتە لەبەر دەکران کە لە پۆڵا دروست کرابوون و بەرز دەبوونەوە. لە بەر کردنی ئەوانە نەك هەر ئاسوودەیی نەدەهێنا، بەڵکوو دەبووە هۆی قورس کردنی جلەکانیشیان.

ئەو کۆرسێتی داهێنا و رۆژی ١٩١٤/١٠/٣ رێگەی دروست کردنی پێدرا. ئەو شوێنی بەرهەم هێنانەکەی ناو نا "کاریس کروسپی"و رێژەیەکی زۆری فرۆشت. بەڵام زۆر زوو لێی ماندوو





بوو. مۆڵەتەکەی لە بەرانبەر ١٥٠٠ دولاردا فرۆشت بە "کۆمپانیای کۆرسێت"ی برایانی "وانێر". ئەو کومپانیایە لە ماوەی ٣٠ ساڵ لە فرۆشی کۆرسێت ١٥ ملوێن دولاری بەدەست هێنا.

جاکوب لە ساڵی ١٩٧٠دا کۆچی دوایی کرد. دوای مەرگی ئەو زۆر گۆڕان بە سەر شێوازی دروست کردنی کۆرسێتەکان دا هاتووە. رەنگە هێنانی ناوی ئەو لەم ریزەدا جێگەی پرسیار بێت، بەڵام ئایا ئەگەر ئەو کۆرسێتە مودێرنانە دیزاینە نەکرایەن جیهان ئێستا بەو شێوەیە دەبوو؟ بێ گومان نەدەبوو!

# Helen Keller
## هێلێن کێلێر



وتەی ژنێکی ژاپۆنی سەبارەت بە هێلێن کێلێر: "ساڵانێکی زۆر، بۆ ئەو شتانەی کە تێنەدەگەیشتن، سەرمان دادەنەواندو دەپاراینەوە ئەم ژنە کە کەڕو لاڵو کوێرە سەری بەرز رادەگریو فێرمان دەکات چۆن بەسەرکارەکانماندا زاڵ بینو پێبکەنین. ئەو رووناکیو هیوا دێنێتە نێو دڵەکانەوە".

" هێلێن کێلێر "رۆژی ١٨٨٠/٦/١٢ لە هەرێمی "ئالاباما"ی ولاتە یەکگرتووەکان چاوی بە دونیا هەڵێنا. کاتی کۆرپەیی منداڵێکی ساغ، رەزاشیرینو بەزەوق بوو، بەڵام کاتێك گەیشتە تەمەنی ١٩ مانگی، تووشی تایەکی ترسناك هات کە ئاکامەکەی بە کوێرو کەڕو لاڵ بوونی "هێلێن" کۆتایی هات. ئەو بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ خەڵك هێندێك کردەوەی پێشان ئەدا کە بە مانای وشە تایبەتیەکان بوو. بۆ وێنە هەر کات داوای "ئایس





کریم"ی بکردایە، باڵی بە دەوری خۆیدا دەپێچاندو دەیلەرزاند. بەڵام کاتێك تەمەنی گەیشتە ٥ ساڵی هەڵسووکەوتی گۆڕاو تێگەیشت کە خەڵکی دیکە بە دەمیان قسە دەکەن. ئەمە بووە هۆی بێزارییو هەتا تەمەنی بەرەو سەرتر دەچوو، تووڕەتر دەبوو. کاتێك تەمەنی گەیشتە٧ ساڵ، بنەماڵەکەی راهێنەرێکیان بە ناوی "ئان سۆلیڤان"بۆ گرت.( هەر لەم کتێبەدا دەتوانن ژیاننامەی ئان سۆلیڤان بخوێننەوە)

سەرەنجام "هێلێن" تووشی کەسێك هات کە دەیتوانی ئارامی بکاتەوەو "ئان"توانی مل کەجی فەرمانەکانی بکات پاشان "ئان" بە قامکەکانی لە نێو دەستی "هێلێن"دا شێوازی نووسینی وشەکانی فێر دەکرد، کە بەم شێوەیە هیلێن دەیتوانی هەستیان بکات. "ئان"شێوازی نووسینی "ئاو"ی فێرکرد. پاشان ئاوی کرد بە دەستی "هێلێن"دا، سەرەنجام "هێلێن" تێگەیشت کە ئەو وشەیە شێوازی نووسینی ئاوەو فێر بوو کە چۆن بینووسێت.

"ئان"و "هێلێن" بۆ ماوەی ١٥ ساڵ درێژەیان بە کارەکەیان دا. "هێلێن" فێر بووکە چۆن خەتی "برایل" (شێوازێکی نووسینە کە پیتەکان بەرز دەنووسرێن بۆ ئەوەی کوێرەکان بیخوێننەوە) بخوێنیتەوە. "هێلێن" فێری ئەوەیش بوو کە بە دەست دان لە لێوی خەڵك بە جووڵەی لێوەکان دەیزانی چی دەڵێن. ئەمە کارێکی زۆر گەورە بوو. چوونکە ئەوە کارێکی زۆر قورسەو کەسانی زۆر کەم هەن بتوانن ئەو کارە بکەن. هەڵبەت

"هێڵێن" فێر بووە کە چۆن بە جووڵانەوەی لێویشی قسە بکات.

ساڵی ١٨٨٨ "هێڵێن"و "ئان" لە ئەنستیتوی "پێرکینس" بۆ "کوێران" لە "بۆستون"ی "ماساچووست" بەشداریکرد. پاشان لە ساڵی ١٨٩٤ چوونە خوێندنگای کەڕەکانی "راست هامسۆن" لە "نیویورك". هێڵێن ساڵی ١٩٠٤ لە کولیژی گرادکلیف" کۆتایی بە خوێندن هێنا. کاتێك لەو کۆلێژە بوو، ژیاننامەی خۆی لە ژێر ناوی "چیرۆکی ژیانم" نووسی. ساڵی ١٩٣٢ "هێڵێن" بە جێگری سەرۆکایەتی ئەنستیتوی نەتەوەیی پاشایەتی بریتانیا بۆ کوێران هەڵبژێرا.

ساڵی ١٩٦٨ دوایی ئەنجامدانی چەندین کاری گەورە کۆچی دوایی کرد. سەرەرای ئەوانەیش "هێڵێن" بنیاتی ئەمریکایەکان بۆ کوێرانی دامەزراندو بووە یەکێك لە لایەنگرانی بێ ئەملاولای سۆسیالیستیو مافی دەنگدان بۆ ژنان. بۆ رێزلێنان لەو ژنە کۆڵنەدەرە رێکخراوێکی نێونەتەوەیی بۆ خزمەت کردن بە کوێران بە یادی ئەوەوە دامەزرا.





# Billie Jean King

## بیلی جین کینگ



"بیلی جین موفیت" ساڵی ١٩٤٣ لە ناوچەیەکی "کالیفرنیا" لە دایك بوو. لە منداڵی زۆر هۆگری تێنیس بوو هەر لەو سەردەمەدا زۆر بە باشی فێری ئەو یاریە بوو. ئەو لە کولیژی "کالیفرنیا"و پاشان "لوس ئانجلس" بەشداری کرد. ساڵی ١٩٦٤ ئەو کاتەی تەمەنی گەیشتە ١٨ ساڵ لە یارییەکانی "ویمبلتۆن" بە شێوەیەکی سەر سوور هێنەر بە سەر پاڵەوانی ژنانی جیهان "مارگاریت سمیت کورت"دا سەرکەوت. لەدوای ئەم رووداوە هیچ شتێك نەیتوانی بۆ درێژەدان بە یاری تێنیس پێشی پێبگرێت و ئەو بووە یەکێك لە یاریکەرە سەرکەوتووەکانی تێنیس.

"بیلی جین" لەو ساڵانەدا لە یاریە تاکە کەسییەکان "ویمبلتۆن" سەرکەوتوو بوو: ١٩٦٦، ١٩٦٧، ١٩٧٢، ١٩٧٣، ١٩٧٥و هەروەها لە یاریە دوو کەسییەکان دا لە ساڵەکانی ١٩٦١، ١٩٦٢، ١٩٦٥، ١٩٦٧، ١٩٦٨، ١٩٧٠، ١٩٧١، ١٩٧٢،

١٩٧٣، ١٩٧٩ سەرکەوتنی وەدەست هێنا. وێڕای ئەویش لەم ساڵانەدا :١٩٦٧، ١٩٧١، ١٩٧٣، ١٩٧٤ لە یاری‌یە دوو کەسییە تێکلاوەکان( واتە نێوان پیاوو ژن) بە هاوبەشی ژنێکی دیکە بووە پاڵەوانی یاریەکانی "ویمبلتۆن" کە بەوەدەست هێنانی ٢٠ پلەی پاڵەوانی، سەرکەوتنێکی باشی تۆمار کرد."بیلی جین" لە کێبەرکێکانی ئەمریکایش دا لە بەشی تاکەکەسی ساڵەکانی ١٩٦٧، ١٩٧١، ١٩٧٢، ١٩٧٤و لە دووکەسییەکانیش دا ساڵەکانی ١٩٦٧،١٩٦٤، ١٩٧٤، ١٩٧٨، ١٩٨٠ پاڵەوانێتی بەدەست هێنا.

ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ خوێندکارێکی یاسا بەناوی "لێری کینگ" ژیانی هاوبەشی پێك هێناو لە ساڵی ١٩٦٧ لە هەر سێ بەشی تاکەکەسی ، دووکەسیو تێکلاوی "ویمبلتۆن"و یاریەکانی ئەمریکا سەرکەوتنی وەدەست هێنا، کە لە پێش ئەودا" ئالیس ماربڵ" لە ساڵی ١٩٣٩ توانییبوی ئەو کارە بکات بە دوای "ماربڵ"دا "بیلی " وەك یەکەمین ژن گەیشتە ئەو ئاستە. ساڵی ١٩٦٨ لە پاڵەوانیەتی ئوسترالیاو ساڵی ١٩٧٢ لە فەرەنسە سەرکەوتنی بەدەست هێنا. گرنگترین کاری ئەو سەرکەوتنە بە سەر "بۆیی ریگز" لە ساڵی ١٩٧٣ دا بوو کە نیشانیدا دەبێ لە وەرزش دا لەگەڵ ژنان بێ جیاوازی رەفتار بکرێت.

لە ساڵی ١٩٧٣ "بیلی" ئەنجومەنی تێنیسی ژنانی دامەزراند. ساڵی ١٩٧٤ بە هاوکاری "دۆنا دێ ڤارونا" ،" ویومیا تیوس"،" میکی کینگ"، "شێلا یانگ" کە هەرکامیان لە بەشە جیاجیاکانی





وەرزشدا پسپۆرییان هەبوو "رێکخراوەی وەرزشی ژنان"یان دامەزراند. بیلی لە ساڵی ١٩٩٦ بووە راهێنەری تیپی تێنیسی ئولەمپیکی ژنان.

# Aleksandra Mikhaylovna Kollontai
# ئاڵکساندرا میخایلۆڤنا کولۆنتای



"ئالکساندرا میخایلۆڤنا" رۆژی ١٨٧٢/٣/١٣ لە "پیتێرسبۆرگ"ی رووسیە لە دایك بوو. ئەو یەکێك لە ژنێراڵە ترسناکەکانی سوپای ئێمپراتووری رووسیە بوو. لەگەڵ پیاوێك بە ناوی "ڤیلادێمیر میخایلۆڤنا کولۆنتایی"ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. ساڵی ١٨٩٨ لە پلەو کارەکەی خۆی دەستی کێشاوە تێکەڵ بە "حیزبی کرێکارانی سوسیال دێموکراتی رووسیە" بوو. ئەو خەڵکی بۆ شۆرش هان ئەداو سەفەرێکیشی کرد بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بە مەبەستی هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی ئەو وڵاتە بۆ بەشداریکردن لە شەری یەکەمی جیهانی.

کاتی بەدەسەڵات گەیشتنی "بولشویك" لە رووسیە "ئالکساندرا" بووە کۆمیسێری ئاسایشی گشتیو بۆ گۆرینی کۆمەڵگای رووسیە هاوکاری زۆری کرد. ئەو بارودۆخی ژنانی باشتر کرد، بەرگری کرد لە بێ حورمەتیکردن بە منداڵانی بێ





دایكو باوك( منداڵە زۆڵەکان) یاسای پێکهێنانی ژیانی هاوبەشو لێکجیابوونەوەی ئاسانتر کرد. ئەو لایەنگری لە ئازادی ئەویندداری دەکرد. پاشان بە پەکخستنی کارەکانی بە هۆی ئەویندارییەوە تاوانبار کرا کە ئەگەر نێونجیگەری "لێنین" نەبوایە لەسێدارە دەدرا.

"ئالکساندرا"دوایی وەك ئوپوزسیونی کرێکاران کاری دەکرد کە خوازیاری دێموکراسی لە رووسیە بوون. ساڵی ١٩٢٢ بووە ئەندامی "کۆمۆنیستی خەڵکی" بۆ کاروباری دەرەوە. "ئالکساندرا" یەکەمین ژن بوو کە بە وەزیری وڵاتێکی دیکە هەڵبژێرا. ساڵی ١٩٢٣ هەتا ١٩٢٥ لە وڵاتی نورویێژ، لە ساڵی ١٩٢٦ هەتا ١٩٢٧ لە مێکزیك، ساڵی ١٩٢٧ هەتا ١٩٣٠ جارێکی دیکە لە نورویێژو پاشان ١٩٣٠ هەتا ١٩٤٥ لە سوئید وەك وەزیر کاری کردووە. پاشان بووە سەفیرو سەرۆکایەتی وتوێژەکانی ئاشتی نێوان رووسیەو فینلەند لە ماوەی شەڕی جیهانی دووهەم بە ئەستۆ گرت.

"ئالکساندرا" رۆژی ١٩٥٢/٣/٩ کۆچی دوایی کرد. دوای مەرگی کتێبێك چاپ کرا کە هەموو کارەکانی ئەوی تێدا هاتبوە بەرباس. ناوی ئەو کتێبە "نووسراوە هەڵبژاردەکانی ئالکساندرا کولۆنتایی"یە.

# Elizabeth Kubler Ross
## ئیلزابێت کابلێر رۆز



ئیلیزابێت دەڵێت : "مرۆڤەکان وەك شوشەی لێڵی پەنجەرەکان وان، کە کاتێك خۆر بەدەرەوەیە تیشك ئەدەن‌و دەدرەوشێنەوە، کاتێك تاریکی دایان دەپۆشێ دەبێ چرایەك لە ناوەوە داگیرسێ بۆ ئەوەی جوانیە راستەقینەکەیان دەرکەوێ."

"ئیلیزا بێت" رۆژی ١٩٢٦/٧/٨ لە سویس لە دایك بوو. دوای شەڕی جیهانی دووهەم لەسەر خواست و داوای خۆی لە خزمەتگوزاری بێ بەرانبەری نێونەتەوەیی بۆ ئاشتی دەستی بە کار کرد. ئەو یارمەتی بریندارانی ئەدا کە لە کەمپەکانی پۆلەنداو ئەڵمانیا کۆ کرابوونەوەو هەروەها یارمەتی بنیاتنانەوەی ژیانی لە ئەڵمانیا دەدا. کاتێك گەڕاوە بۆ سویس ژیانی هاوبەشی پێك هێناو ساڵی ١٩٥٧ لە زانکۆیەکی سوئید بڕوانامەی پزیشکی وەرگرت‌و دەستی کرد بە کاری پزیشکی.

لە کۆتایی ساڵەکانی ٥٠دا بۆ درێژەپێدانی کاری پزیشکی چووە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەو خوازیاری ئەوە بوو کە ببێتە





پزیشکی نەخۆشی منداڵان، بەڵام چووە بەشی دەروون ناسییەوە، ساڵی ١٩٦٣ لە زانکۆی "کولۆرادۆ" بڕوانامەی وەرگرت ئەو لەسەر مەرگ‌و مردن دەرسی دەوتەوە کاتێك چووە "شیکاگۆ" لە سەر مەرگ درێژەی بە لێکۆڵینەوەکان داو هەموو حەوتوویەك سمینارێکی لە سەر مەرگ بە ئەو نەخۆشانەی لە حاڵی مەرگ دابوون، مامۆستای ڕاپیییەکان و خوێندکارە تەندروستەکان پێشکەش دەکرد.

ساڵی ١٩٦٩ کتێبێکی بە ناوی "لە مەرگ‌و مردن دا" چاپ کرد، کە تێیدا باس لە دیمەنی مردن دەکات. دواتر کتێبی "سکانی ژیان: بەسەرهاتی ژیان کردن‌و مردن"ی نووسی.

"ئیلیزا بێت" هەر ئێستا (مەبەست کاتی کۆکردنەوەی ئەو نووسراوانەیە) لە حاڵی ژیان دایە. ئەو یەکێك لەو کەسانەیە کە بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی مەرگ هەنگاوی هەڵێناوەتەوە. ئەو زیاتر لە ٢٥ پلەی دوکتورای ڕێز لێنانی پێبەخشراوەو خەڵاتی هاوڵاتی بەکەڵك‌و خەڵاتی خێرخوازی مودێرنی وەرگرتووە. ئەو هەوڵیدا خانوویەك بۆ منداڵانی گیرودە بە ئایدز لە "ڤیرجینیا" بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە سەرکەوتوو نەبوو.

# Susette La Flesche Tibbles
## سوسێت لا فلێشێ تیبلێس



"سوسێت لا فلێشێ" ساڵی ١٨٥٤ لە "ئۆماها"ی "نیبرسکا" کە ناوچەیەکی سوور پێستەکانە لە دایک بوو. ئەو پێشتر ناوی "ئینشاتا تیوما" بوو کە مانای "چاوی روون" دەدات.لە خوێندنگایەکی پروتستانەکان زمانی ئینگلیزی خوێندو لە "نیوجرسی" درێژەی بە خوێندن دا. دوای خوێندنەکەی گەڕاوە بۆ ناوچەی "ئۆماها"و لە قوتابخانەیەکی حکومەت دا دەرسی دەوتەوە.

بەدوایی ئەوەدا بەخێرایی خەباتی بۆ یەکسانی خەڵك دەست پێکرد. بزوتنەوەی عەشیرەی "پونکا"ی دامەزراند. ئەوان زەویەکانیان داگیر کرابوو کە لە ژێر کاریگەری ئەو کارەدا زۆربەیان مرد بوون."سوسێت"لەگەڵ سەرۆکی "پونکا" سەفەرێکیان کردو ئەوانیان بۆ بەرەنگاری هان داو لەسەر ئەو کردەوە زۆردارانەیە وتاریان پێشکەش کرد.ئەم وتاران بووە هۆی تێپەر بوونی ئەو بارودۆخە لە ساڵی ١٨٨٧دا.

ساڵی ١٨٨١ "سوسێت" لەگەڵ "توماس هـ. تیبلێس" ژیانی





هاوبەشی پێك هێنا. "توماس" پێشتر وتاری "پونکا"ی بڵاو کردبوەوە کە داکۆکی لە مافەکانی ئەمریکاییە خۆجێییەکان دەکرد. ئەو لە رۆژنامەی "ئۆماها هێراڵد" وەك سەرنووسەر کاری دەکرد. پاشان "سوسێت"و "توماس لە "ئۆهاما" نیشتەجێ بوون "سوسێت" بەسەرهاتی وێنەیی لە کولتوری خۆجێییەکان دەنووسی و هەروەها کتێبێکی بە ناوی "جووتکردنی خوارەوە: چیرۆکی سەرۆکێکی هێند"ی نووسی. ئەو ئەم کتێبەی بەو نازناوەوە بڵاو کردەوە.

"سوسێت" رۆژی ١٩٠٣/٥/٢٦ لە نزیك "سانکروفت"ی "نیبرسکا" کۆچی دوایی کرد.

# Maya Lin
# مایا لین



"مایالین" لە بنەماڵەیەکی بە رەگەزە چینی رۆژی ٥ی ئوکتوبری ساڵی ١٩٥٩ لە ناوچەیەکی "ئۆهایۆ"ی ئەمریکا لە دایك بوو. "مایا" چووە زانکۆی "یالە"و ساڵی ١٩٨١ بڕوانامەی بە کالریۆسی لە بیناسازیو پەیکەرتاشی وەرگرت. لە ساڵەکانی سەرەتای زانکۆیدا لە کێبەرکێیەك بۆ داڕشتنی "یادەوەریی کۆنە سەربازی ڤیتنام" بەشداری کردو پەیکەرەکەی ئەو پەسەند کراو کێبەرکێکەی بردەوە.

پەیکەرەکەی بە بەردی "گرانیت"ی رەش رازا بوەوە ناوی زیاتر لە ٥٨هەزار کەسی لەسەر نووسرابوو کە لە "ڤیتنام " گیانیان لە دەست دابوو یان بێ سەروشوێن کرا بوون. ئەو یادەوەرییە لە ساڵی ١٩٨٢ رۆژی کۆنە سەرباز پێشکەش کراو ئێستا لە "واشنتون دی سی" دانراوە."مایا" ماوەیەك چووە





زانکۆی "هارڤارد" لە "ماسا چووست" پاشان ئەوێی بەجێهێشت لە ساڵی ١٩٨٣ لە "بۆستۆن" کاری بیناسازی کرد. سەرەنجام ساڵی ١٩٨٦ بڕوانامەی ماجێستری لە زانکۆی "یاڵە" وەرگرت.

ساڵی ١٩٨٨ پەیکەرێکی یادەوەری بۆ بزووتنەوەی مافی مەدەنی بۆ ناوەندی یاسای هەژارانی باشوور داڕشت، ئەو پەیکەرە پێکهاتبوو لە دیوارێکی خوار بە گرانیتی رەش رازابووەوەو وتەیەکی "ماتر لوتر کینگ" و رێکەوتو رووداوە گرینگەکانی مێژوویی بزوتنەوەی مافی مەدەنی تیا نووسرا بوو. هەروەها ناوی ٤٠ کەس کە لەو بزوتنەوەیەدا فیداکارییان کردبوو دانرابوو. لە بەرانبەر ئەو بینای یادەوەرییەدا رووبارێکی ئاو دانرابوو کە بەردەوام ئاوی پێدا دەرۆیشت. ئەم یادەوەرییە لە مانگی ١٠ی ١٩٨٩ لە "مونتوگومریی ئالاباما" پێشکەش کرا.

گەڵاڵە بیناسازییەکانی دیکەی مایا بریتین لە: باخچەیەکی گشتی لە چارلۆتی کارولینای باکوور بە ناوی "تۆپۆ" پەیکەرێك کە پێشکەش کرا بە هەر دوو بەشی ژنانو پیاوانی زانکۆی یاڵە. کۆ کراوەیەك لە وردە بەردەکان بە کێشی ٤٣ تەن لە ئۆهایۆ ناوەندی ویکسنێر بۆ هونەر دانراوە.

فیلمێك بە ناوی "مایا لێن: دیمەنێکی روونی بەهێز" لە ساڵی ١٩٩٥ درووستکراو خەڵاتی باشترین دکیومێنتی ئۆسکاری وەرگرت.

# Juliette Gordon Low
## جولیتی گوردۆن لۆ



"جولیتی ماگیل کینزی گوردۆن لۆ" رۆژی ١٨٩٠/١٠/٣١ لە "ساڤانا"ی "جورجیا" لە دایك بووە. هاورێکانی "دێیزنی" ناویان دەبرد واتە گوڵی "مراوی". ئەو چووە قوتابخانە تایبەتیەکان کە زۆر لە شوێنی ژیانییەوە دوور بوون. هەر بەو هۆیەوە کاتێکی زۆی دوور لە بنەماڵە بەسەر برد. یەکێك لە قوتابخانەکان لە "ڤیرجینیا" بوو کە بەرێوەبەرانی نەوەکانی توماس" جیفرسۆن" بوون. یەکێکی دیکەیان قوتابخانەی فەرەنسییەکان لە شاری "نیویورك" بوو.

خاڵێکی جێگەی سەرنج لە ژیانی "جولیتی" دا ئەو کاتەیە کە سەردانی ئینگلیزی کرد. لە تەمەنی ٢٥ ساڵیو کاتی گەڕانەوە بەو ئەزموونەی کە لە رێکخراوێکی "کوڕە پیشەنگەکان"دا دیبوو. بزوتنەوەی "کچە پیشەنگەکان"ی دامەزراند تا ساڵی ١٩١٦ پێویستییەکانی بزوتنەوەکەی لەدەست دا بوو بەڵام دواتر





شاندی نەتەوەیی بۆ یارمەتی ئەوان دامەزراند کە ئەو شاندە ئێستا لە بەرێوەبردنی کچە پیشەنگەکان لە ئەمریکا دەوری کاریگەری هەیە.

"جولیتی" ئەو ڕستانەی خوارەوەی وەرگێراوەتە سەر ئینگلیزی کە هەموو ئەو کچانەی رێگەیان پیٚ دەدرێت ببنە ئەندامی پێشەنگ دەیزانن‌و لەبەر دەیخوێننەوە:

"بەشەرەفم سوێند دەخۆم تێدەکۆشم خزمەت بە خواو وڵاتم بکەم، هەموو کات یارمەتی خەڵك بکەم‌و لەسەر یاسای کچانی پێشەنگ بمێنمەوە."

"جولیتی " ساڵی ١٩٢٧ کۆچی دوایی کرد بەڵام یادی هەر زیندووە، شوێنی لە دایك بوونی "ساڤانا"ی "جورجیا" بووەتە جێگەی رووداوێکی مێژوویی نەتەوەیی. هەروەها لە ساڵی ١٩٢٩ بۆ رێز گرتن لە ئەرك‌و ماندووبوونەکانی "جولیتی"بنیاتێك دامەزرا.

# Anne Sullivan Macy
## ئان سۆلیڤان مەکی



"سولیڤان" رۆژی ١٨٦٦/٤/١٤ لە "فیدینگ هیل"ی "ماسا چووست" لە دایك بوو. ناوی راستەقینەی ئەو "جووانا" بوو بەڵام دواتر بە "ئان" یان "ئانی" بانگیان دەرکرد. کاتێك تەمەنی گەیشتە ٨ ساڵ دایکی کۆچی دوایی کرد دوو ساڵ دواتر ژیانی باوکیشی کۆتایی پێ هات. سەرەرای ئەو نەهامەتیانە دوای ماوەیەکی کورت تووشی نەخۆشیەك هاتو بینایی لە دەست دا. لە ساڵی ١٨٨٠ چووە ئەنیستیتۆی "پێرکتیس" بۆ کوێران، لەوێ نەشتەرگەری لە سەر کراو یەکێك لە چاوەکانی چاك بووەوە. ساڵی ١٨٨٦ خوێندنی تەواو کرد.

لە مانگی مارسی ١٨٨٧ ئان بۆ راهێنانی "هێلێن کلێر" چووە "تاسکومبیا"ی "ئالاباما". ئەو بە نووسین لە نێو دەستی "هێلێن" دا ئەوی فێری نووسینی ئەلفو بێو ناوی شتەکان





کرد( پێشترو لەبەشی هێلێن کلێر باسی کراوە) ساڵی ١٨٨٦ بەیەکەوە چوونە ئەنیستیتۆی "پێرکنیس" پاشان خوێندنگای "رایت هۆمەسین"ی نیویورك‌و دواتریش خوێندنگەی "کامبریج" بۆ کچان‌و ژنانی گەنج‌و کولیژی "رادکلیف". "هێلێن" ساڵی ١٩٠٤ خوێندنی لە "رادکلیف" تەواو کرد پێکەوە چوونە "رینتهام"ی "ماسا چووست" لە ماڵێکی خێرخوازی درێژەیان بە ژیان دا.

ساڵی ١٩٠٥"ئان" لەگەڵ مامۆستایەك بە ناوی "جان ئا. مەکی" کە لە نووسینی ژیاننامەکەی هێلێنی یارمەتیدا ژیانی هاوبەشیان پێك هێنا، بەڵام "جان"و "ئان" تەمەنێکی زۆریان بە خۆشی تێپەر نەکردو ساڵی ١٩١٣لێك جیا بوونەوە. دواتر ئان لەگەڵ "هێلێن " یەکیان گرتەوە، بەداخەوە لەسەر هەموو ئەو چالاکییانەی "ئان" لە بە توانا بوونی خۆی دەری دەخست جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٣٥ رووناکی لێی دوورکەوتەوە، چاوەکانی بە تەواوی لەدەست دا. ئەو لە ٢٠ی ئوکتوبری ئەو ساڵە کۆچی دوایی کرد.

# "Wilma Mankiller"

## ویلما مننکیلێر



"ویلما" دەڵێت: "ئێمە خێڵێکین وزەی ژیانەوەمان پێبەخشراوە.

دوای هەر گۆرانکارییەکی گەورە ئێمە دەتوانین وەك کەسانێك کە دەیانەوێ کۆمەڵگایەك‌و حکومەتێك بنیات بنێنەوە، کۆ دەبینەوە."چیرۆکییەکان" چ بەشێوەی تاك چ بەشێوەی گشتی ئامادەیی تەوایان هەیە بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ نەهامەتییەکان‌و هەنگاونان بۆ پێشەوە. ئەو توانایيەی ئێمە لە کولتوورەکەمانەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەکاتی نزم بوونەوەمان دا ئێمەی لە یادەوەریەکان دا پاراستووە . ئەم کولتووری "چیرۆکییە" نهێنی پارێزێکی باشە."

"ویلما پیرل" ساڵی ١٩٤٥ لە "ئۆکا هۆما" لە خێڵی "چیرۆکیی" لە دایك بوو. ئەو زۆربەی کاتەکانی سەردەمی





منداڵی لە "کالیفرنیا" تێپەر کرد. "ویلما" پاش ١١ ساڵ ژیانی ژن‌و مێردایەتی سەرەنجام جیا بووەوە. ئەو بۆ بەرنامە پەروەردەییەکانی خێلی "رووباری پیت" کاری دەکرد، بەڵام کاتێك گەڕاوە "ئۆکاهۆما" گۆرانکارییەکان دەستیان پێکرد.

ساڵی ١٩٧٩ بەدڵێکی شادەوە چووە زانکۆی "ئارکنزاس" بەڵام ساڵی ١٩٨٠ ناخۆشییەکان دەستیان پێکرد. "ویلما" گیرۆدەی جۆرە نەخۆشییەکی دەمارو ماسوولکە بوو کە پێیان دەوت بێهێزی ماسوولکە.

بەڵام ئەو کۆڵی نەداو رێگای بەو نەخۆشییە نەدا لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی پاشگەزی کاتەوە. ساڵی ١٩٨٦ بە هۆی ئەو نەخۆشییەوە تووشی ئازاری گورچیلە بوو بە ناچار لە نەشتەرگەریەك دا "دۆن"ی برای گورچیلەیەکی پێ بەخشی.

ئەو دواتر نازناوی ژنی هێندی ئەمریکایی ساڵی پێبەخشراو لەگەڵ هاورێیەکی کۆنی خۆی بە ناوی "چارلی سوەپ" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. "چارلی" لە هاوسەری پێشووی کورێکی بوو کە ویلما چاوەدێری ئەویشی بە ئەستۆ گرت.

ساڵی ١٩٨٧ "ویلما" وەك یەکەمین ژن بووە سەرۆکی نەتەوەیی "چیرۆکیی"، هەروەها بووە ژنی ساڵی گۆڤاری میس(ژنان) بەدوای ئەوەدا چەند ساڵێك لەسەریەك چەند خەڵاتێکی بەدەست هێنا کە بریتین لە: ساڵی ١٩٨٨ خەڵاتی رێبەری "جان گاردنر"، ساڵی ١٩٨٩ خەڵاتی سەرچاوەی تەندروستی هێندی کۆمەڵەی تەندروستی گشتی وڵاتە

یەکگرتووەکان، ساڵی ١٩٩٩ خەڵاتی ئاژانسی "هێنری ج.بێنێت"، ساڵی ١٩٩٣ ژیاننامەکەی کە بە ناوی "سەرۆکێك و خەڵکەکەی" نووسیبوی چاپ کرا.





# Barbara Mc Clintock

## باربارا مک کلینتۆک



"باربارا" ١٩٠٢/٥/١٦ لە "هارتفورد" لە دایك بوو. ئەو یادەوەری خۆشی لە زۆربەی کاتەکانی سەردەمی منداڵی هەیە، چونکە لەگەڵ پورو مامیدا دەژیاو بە هۆی هێندێك کێشەوە دایکی نەیتوانی لای خۆی رایبگرێ. ساڵی ١٩٠٨ لەگەڵ بنەماڵەکەی کۆچی کرد بۆ "برۆکلین"ی نیویورك و لەوێ دەستی کرد بە ژەنینی پیانۆو یاری خلیسکێنەی سەر سەهۆڵ.

ساڵی ١٩٢٣ بڕوانامەی بە کالریوسی لە ئاداب بەدەست هێنا ئەو دواتر ماجێسترو دوکتورایشی وەرگرت. "باربارا" ماوەیەکی زۆر لە ژیانی بە پێناسەکردنی کروموزۆمەکانی دانەوێڵەوە تێپەر کرد. ساڵی ١٩٣١ شۆرای لێکۆڵینەوەی نەتەوەیی، خەرجی دووساڵی پێدا. ئەو بۆ زانکۆی "کونێڵ" ، زانکۆی "میسووری"و ئەنستیتوی تێکنۆلۆژیای "کالیفرنیا" کاری لێکۆڵینەوەی دەکرد. ساڵی ١٩٣١ "باربارا" بووە ئەندامی شاندی

مامۆستایانی زانکۆی"میسووری" ساڵی ١٩٤١ بە هۆی ژن بوونی جیاوازی بەرانبەر کرا بە مەبەستی دەربڕینی ڕەخنە دەستی لە کار لە زانکۆ کێشاوە. ساڵی ١٩٤٤ بووە سەرۆکی "کۆمەڵەی ژنیتیکی ئەمریکا"هەروەها وەك سێهەمین ژن لە لایەن ئاکادیمی زانستی نەتەوەییەوە خەلات کرا.

ساڵی ١٩٥١ "باربارا" بووە یەکێك لە گەورەترین دۆزەرەوان. ئەو ڕوونی کردەوە کە حاڵەتی ژێن لە کرۆمۆزۆمەکان دا ڕاوەستاو نییە بەڵکو دەجوولێت یان لە ناکاو هەڵدەسووڕێت. ئەم کارەی بووە هۆی بەدەست هێنانی چەندین خەلات: ساڵی ١٩٦٧ خەڵاتی ژنێنتیکی "کێمبر"لە لایەن ئاکادیمی زانستی نەتەوەییەوە، ساڵی ١٩٧٠ لەلایەن سەرۆك کۆمار "ریچارد نیکسۆن"ەوە میداڵیای نەتەوەیی پێ بەخشرا، ساڵی ١٩٨١ میداڵیای لێکوڵینەوەی "ئالبێرت لەیکێرس باسیك" بەرزترین خەلات بۆ کارە بەسوودە زانستییەکانی پێ بەخشرا.

ساڵی ١٩٨٣ "باربارا" وەك یەکەمین ژن خەڵاتی نۆبێلی لە پزیشکی: فیزیولۆژیدا وەرگرت. ئەو نۆ ساڵ دواتر لە ٢ی سپتامبەری ١٩٩٢ کۆچی دوایی کرد.





# Catherine de Medici

## کاترین دیٚ مێدیسی



" کاترین دیٚ مێدیسی " ڕۆژی ١٥١٩/٤/١٣ لە فلۆرانسی ئیتالیا لەدایك بوو، هەر چەند ئەو کچی پیاوماقوڵێكو شازادەیەك بوو، بەڵام لەناکاو هەتیو کەوت. ئەو لە "ڕۆم"و "فلۆرانس" لای ڕاهیبەکان خوێندی.

ساڵی ١٥٣٣ ژیانی "کاترین" گۆڕا. ئەو لەگەڵ "هێنری" ژیانی هاوبەشی پێکهێنا کە دواتر لە مانگی ٤ی ١٥٤٧دا بووبە شای فەرەنسەو بە "هێنری دووهەم" ناسرا. کاترینا ١٠ منداڵی بوو کە حەوت لەوان (چوار کوڕو سێ کچ) مانەوەو ئەوانەی دیکە بە منداڵی مردن. ساڵی ١٥٥٢ لە نەبوونی "هێنری" کە بۆ بە دەستهێنانی ئەزموونی لە بواری ڕۆڵی وڵاتەوە چوو بوو بۆ مێتز، "کاترین" ئەرکی جێگریی ئەوی بە ئەستۆ گرت.

ساڵی ١٥٥٩ هاوسەرەکەی "کاترین" کۆچی دوایی کردو کوڕەکەی "فرانسیسی دووهەم" جێگەی گرتەوە. "کاترین" بۆ هاوکاری کوڕەکەی لە بەرانبەر ئەو کەسانەدا ڕاوەستا کە

دژایەتیان دەکرد. کاریگەری "کاترین" لە پلان گێڕییەکانی "ئامبرویز"دا دەرکەوت. ئەو یاسای "ئامبرویز"و پاشان "رومارانتین"ی دەرکرد. ئەو جیاوازی نێوان ئاژاوەو بێئیمانی پیشان دابوو، ئیمانداریو سادقبوونی لێك جیا کردبوەوە. هەر چەند ئەو بە تەواوی کێشەی پلانگێری چارەسەر نەکرد. بەڵام ئەو کارانە لە بەرانبەر شادا دەکران، بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بوونەوە. رۆژی ٥/١٢/١٥٦٠دا کوڕەکەی "فرانسیسی دووهەم" کۆچی دوایی کرد. لە جێگای ئەو کورێکی دیکەی "چارلێزی نۆهەم"دانا. پاشان کاترین "ئانتۆنی دێ بۆر بۆن"ی وەك سەرۆکی سوپا دەست نیشان کرد.

نێوان ساڵەکانی ١٥٦٠ هەتا ١٥٧٠ بە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی مەدەنی بۆ "کاترین" سەردەمێکی دژوار بوون. ساڵی ١٥٦١ لە هەوڵی پێکهێنانی رێبەری دوو بەرەی دژ بە یەکتردا بوو، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. ئەو وتووێژەکانی "پویزی" رێکخست کە لەوێدا بە نیاز بوو بە کەڵك وەرگرتن لە هێز ئاشتی لە نێوانیان دا سەقامگیر بکات. بەڵام ئەو رێگایە بێبەهرە بوو. ساڵی ١٥٥٢ بڕیارێکی دەرکرد کە یاسای پێکەوە ژیانی "کالڤینیست"ی لە کۆمەڵگادا تێدا روون کردبوەوە. ئەم گەلاڵەیە نەك هەر نەیتوانی پێش بە شەڕ بگرێ، بەڵکوو کێشەیەکی دیکەیش سەری هەڵدا. ساڵی ١٥٦٣ بە هۆی فرمانی "ئامبرویز" توانی یەکەمین شەڕی مەدەنی رابگرێ. ساڵی ١٥٦٨





بە هۆی گەلاڵەی ئاشتی "لانك جامپیا" دووهەمین شەڕیشی کۆتایی پێهێنا. رێکەوتنامەکانی "سفت جیرماین" کۆتایی هێنەری سێهەمین شەڕی مەدەنی بوو. بەڵام "کاترین" لەم رێکەوتنەدا هیچ دەورێکی نەگێرا.

رۆژەکانی ٢٣و ٢٤ی ئاگۆستی ١٥٧٢ لە شەقامی "باردلۆمو"ی پاریس رەشەکوژییەکی گەورە روویدا کە بە دوو هۆ لەم کردەوەیەدا "کاترین" تاوانبار ناسرا. یەکەم بە هۆی بیرۆکەیەوە بوو کە ئەو بە سەرۆکی فەرەنسە دەناسرا. کەواتە لە بەرانبەر ئەوەی کە لە فەرەنسە روویدا بەرپرسیارە، دووهەم وا مەزەندە دەکرا ئەو بۆ روودانی ئەو کوشتارە رێگەی خۆشی کردبێ، هەر چەند ئەو کردەوەیە پەسەند نەکرد.

ساڵی ١٥٧٤ کوڕەکەی "کاترین" (چالیزی نۆهەم) کۆچی دوایی کرد، "کاترین" تا کاتی گەرانەوەی "هێنری سێهەم" لە "پۆڵەندا" جێگەی ئەوی گرتەوە. ئەو لە پاشماوەی ژیانیدا گەورەترین سەرکەوتنی بە دەست هێنا: کاترین بۆ ماوەیەکی درێژ فەرەنسەی بۆ "هێنری چوارەم" کە دواتر بووە شا لە بەرانبەر "باربۆنس"ەکان دا پاراست.

"کاترین" لە ٥ی مانگی یەکەمی ١٥٨٩ لە فەرەنسە کۆچی دوایی کرد. ئەو زۆر کاری ئەنجام دا، بۆ وێنە داڕشتنو دروستکردنی قەڵاکان لە کاتە بێکارییەکانیدا.

# Lise Meitner
## لایس مەیتنێر



"ئالبێرت ئەنەشتەین" سەبارەت بە "لایس" دەڵێت. "ئەو مادام کوری ئەڵمانیایە."

" لایس مەیتنێر" رۆژی ١٨٧٨/١٠/٧ لە "ڤییەن" پێتەختی "نەمسا" (ئۆتریش) چاوی بە دونیا هەڵێنا. ئەو یەکێك لە هەشت منداڵی بنەماڵەکەی بوو. هەر لە منداڵییەوە هۆگری حیساب و فیزیا بوو. کاتێك تەمەنی گەیشتە ٢٣ ساڵ چووە زانکۆی ڤییەن، ساڵی ١٩٠٦ بە بڕوانامەی دوکتورای فیزیا زانکۆی تەواو کرد. "لایس" لە ساڵی ١٩٠٧دا چوو بۆ "برلێن"، لەوێ بووە یاریدەدەری کیمیایی "ویلهیلم ئوستوالد". لەوێ ئەلف و بێی تیشکدانەوەی تاقی کردەوەو لە تاقیکاریەکانیدا گەشەیدا بە شێوەی گەڕانەوەکان.

ساڵی ١٩١٤ لویس لەگەڵ هاوکارێکیدا بە ناوی "ئوتۆهان" کاری دەکرد. کاتێك "ئوتۆ"یان بۆ شەڕی جیهانی یەکەم نارد، "لویس" دەستی کرد بە نووسینی وتار بۆ زانست نامەی "بروکهاوس"، بەڵام ئەو ناچار بوو کۆتایی بەو کارە بێنێ، چونکە سەرنووسەرەکە زانی ئەو ژنەو نابێ نووسینەکانی چاپ





کرێن. ساڵی ١٩١٥ "لویس" بووە پسپۆری تیشك لە بەرەکانی شەڕدا، بەڵام زۆر زوو دڵتەنگی نیشتمان بوو کە ساڵی ١٩١٦ گەڕاوە بۆ "برلێن".

کاتێك گەڕاوە بۆ "برلێن" دەستی کرد بە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی پێکهاتەی "خشتەی دەورەیی" یان "خشتەی مەندەلیف" کە لە نێوان "تۆریوم"و "ئۆرانیۆم" دایە. "هان" بۆ ماوەیەك لە ساڵی ١٩١٨دا گەڕاوە کە دوای ماوەیەکی درێژ چاوەڕوانی بەیەکەوە پێکهاتەی نێوان تۆریوم و ئورانیۆم واتە "پروتاکتینیوم"یان دۆزیەوە. ساڵی ١٩٢١ لویس وەك یەکەمین ژن لە بەشی فیزیای زانکۆی برلێن بوو بە مامۆستا. ئەو خەڵاتەکانی "لێی بنیز"و "لێی بێن"ی وەرگرت و هەروەها بۆماوەی ١٠ ساڵ بە دوای یەکدا پاڵێوراوی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل بوو.

ساڵی ١٩٣٣ "هیتلێر" دەسەڵاتی لە ئەڵمانیا بەدەستەوە گرت و لویس کە یەهوودی بوو ترسی لە دەست دانی ژیان و کارەکەی لێ نیشت. بەڵام کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکانی نەهێنا چوونکە پێی وابوو کەس و کاری لە نەمسا پشتیوانی لێ دەکەن.

ساڵی ١٩٣٤ "لویس" و "هان" لێکۆڵینەوەیان لە سەر پێکهاتەی "ئورانیۆم" دەست پێکرد. لە ١٢ی مارسی ١٩٣٨دا "هیتلێر" هێرشی کرد بۆ نەمساو "لویس" مەترسی هەست پێکرد. "هان"و هاورێکانی پلانیان بۆ هەڵاتنی "لویس" دارشت. ئەو

توانی هەڵێت، بەڵام بە هۆی نامەوە پێوەندییەکانی لەگەڵ "هان" درێژە پێدا. بە هەر حاڵدا ئەو نەیتوانی ناوی لە راگەیاندنەکاندا بڵاو کاتەوە، چونکە کەسێکی هەڵاتو بوو، کەواتە "هان" هەموو شانازییەکانی کارە هاوبەشەکانیانی وەرگرت.

"هان"و "لایس" بە هۆی بۆمبارانی ناوەکی بە "نیترۆن"، پێکەوە "فیشیۆن"یان دۆزیەو کەجیاکەرەوەی ناوەکیی ئەتۆمە. لە ساڵی ١٩٤٦ "هان" بۆ دۆزینەوەی "فیشیۆن" بە تەنیا خەڵاتی نۆبێڵی پێشکەش کرا. ئەو لە وتاری وەرگرتنی خەڵاتەکەیدا رۆڵی "لویسی" لە دۆزینەوەکەدا بەرز نرخاندو ستایشی کرد. هەروەها هەموو ئەو پارەی وەك خەڵات وەری گرت، پێشکەشی "لویس"ی کرد.

"لویس" لە ساڵی ١٩٦٨دا کۆچی دوایی کرد. ساڵی ١٩٩٢ بۆ رێزدانان لەو پێکهاتەی ١٠٩ ناوی "مێیترنیۆم"ی لە سەر دانرا.





# Rigoberta Menchu Tum

## ریگۆبێرتا مێنچۆ تام



"ریگۆبێرتا مێنچۆ تام" ساڵی ١٩٥٩ لە باکووری خۆرئاوای "گواتمالا" لە بنەماڵەیەکی "کویك مایان"ی دا لە دایك بوو. کاتێك منداڵ بوو دوو کەس لە بنەماڵەکەی و هاورێکانی بە هۆی بارودۆخی خراپ و هەژارییەوە گیانیان لە دەست دا. بە هۆی ئەم کەمو کۆریانەوە "ریگۆبێرتا" هەرگیز نەیتوانی بە شێوەی فەرمی دەرس بخوێنێت. کاتێك تەمەنی گەیشتە ٨ ساڵی، لەگەڵ بنەماڵەکەی وەك کرێکاری کێلگە لە سەر زەویەکان کاریان دەکرد. پاشان چووە شاری "گواتمالا"و لەوێ بوو بە "کلفەت".

دوای ماوەیەکی کورت "ریگۆبێرتا" بە دژی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن سوپاوە هەڵویستی گرت. ئەم کردەوەیەی ژیانی خستە مەترسی و ساڵی ١٩٨١ لە ترسی دەسەڵاتدارانی "گواتمالا" بۆ خۆ حەشاردان چوو بۆ میکزیك. دایکی و باوکی و برایەکەی کوژران، بەڵام ئەو توانی هەڵێ. ئەو وێرای دەربڕینی

هیواداری بۆ پێکهاتنی ئالوگۆر، کردەوە توندوتیژەییەکانی دژ بە خەڵکە خۆجێییەکان دەخستە روو. ساڵی ١٩٨٣ "رێگۆبێرتا" کتێبێکی نووسی کە دواتر لە ژێر ناوی " من، رێگۆبێرتا مێنچۆ" بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێرا. ئەم کتێبە ناوبانگێی زۆری پێ بەخشی و ئەوی لای خەڵکی دانیشتووە خۆجێییەکان کردە رەمزی خۆراگری لە بەرانبەر دڕندەییدا.

ساڵی ١٩٩٢ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێڵی پێ بەخشراو رێگای پێ درا بگەڕێتەوە بۆ "گواتمالا" و بۆ باشترکردنی بارودۆخی هاونیشمانانی و خەڵکی دیکە دەستی بە کار کرد. ساڵی ١٩٩٨ کتێبێکی بە ناوی "لانیەتا دێ لۆس مایۆس" کە دواتر وەرگێرایە سەر زمانی ئینگلیزی، واتە "تێپەڕکردنی سنوورەکان" بڵاوکردەوە.





# Maria Montessori

## ماریا منتێسۆری




"ماریا منتێسۆری" ساڵی ١٨٧٠ لە ئانکۆنای ئیتاڵیا لە دایك بوو. ئەو یەکەمین ژنە لەو وڵاتەدا کە بووە فیزیازان و لە زانکۆی رۆم دەرسی خوێند. ئەو لە دەروونناسی و نەخۆشی منداڵان بووە پسپۆڕو لە خوێندنگای پزیشکی زانکۆی رۆم وانەی دەوتەوە.

ماریا لەگەڵ منداڵان کاری دەست پێکرد. ئەو بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی لە ئورووپا، یارمەتی بە جووڵانەوەی ژنان ئەداو وەك چالاکێك لە گۆڕینی یاسای کاری منداڵان کاری کرد. ئەم کارانە بووە هۆی بەرزبوونەوەی رێزو ناساندنی لە ئورووپا. ساڵی ١٩٠١ "ماریا" بووە بەرێوەبەری خوێندنگایەکی نوێی سەر بە زانکۆی رۆم بۆ ئفلیجەکان. ئەو شەپۆلێکی گۆڕانکاری نوێی بۆ ئەو منداڵانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە داهێنا. سەرەتا شێوازێکی زانستی بۆ پەروەردەکردنی ئەو منداڵانە لە جین ئیتاردو ئیدوارد سێوین دەست پێکرد.

ماریا بە هەڵسەنگاندنی ویستی منداڵە نەخۆشە دەروونییەکانو بە باشترین مێتۆد کە سەرنجی ئەوانی ڕادەکێشا پەروەردەی دەکردن. ئەم یاسای خوێندنە، ڕێگەی بە تازە پێگەیشتووە کەم ئەندامەکان ئەدا تا پۆلی شەش لە قوتابخانە گشتییەکانی ئیتالیا بخوێنن، بەڵام لەوە زیاتر بە هۆی بارودۆخیانەوە وەرنەدەگیران.

ساڵی ١٩٠٧ "ماریا" بۆ ئەو منداڵانەی لە خوێندنگا گشتییەکان تەمەنیان زۆر کەم بوو، ناوەندەکانی چاودێری ڕۆژانەی دامەزراند. ئەم ناوەندانە دواتر بە "خانووی منداڵان" ناو دەبران. ئەزموونەکەی زۆر ئاڵۆز بوو، بەڵام ئەو چەند منداڵێکی گەورەتری بۆ یارمەتی بە وان ڕاگرتو هەر لەو شێوازەی کە بۆ منداڵە نەخۆشە دەروونییەکانی کەڵکی وەردەگرت، بۆ ئەوانیش لە کەلوپەلی خلاوێنەر کەڵکی وەرگرت. لە ئاکامدا منداڵەکان خۆیان دەخلاواندو بەو شتانە یاریان دەرکردو هەموو ڕۆژێك لێهاتوویی زیاتریان لە خۆیان دەردەخست. بەرە بەرە گۆرانیان بەسەردا هات. هەڵسوکەوتیان لە دڕندەیی و بێعاریەوە بەرەو تێگەیشتوویی، گوێڕایەڵی و کارکەر بوون دەڕۆیشت. "ماریا" ئەوانی فێری خوێندنو نووسین دەکرد. چونکە ئەو کارە بۆ ئەو منداڵانەی چوار، پێنج ساڵ لەوان گەورەتر بوونو پۆلی سێیان سەرەوەتر بوون بووە کێشەیەك. ئەو جۆرە کورسییەکی دروست کرد کە منداڵەکان زیاتر بتوانن لەگەڵ





یەك لە پێوەندی دابن.

ئەم شێوازە پەروەردەییە بە "مێتۆدی مونیسۆری" ناوبانگی دەرکرد. دواتر پەرەی سەندو بە شێوەیەکی بەربلاو کەڵکی لێ وەردەگیرا. خوێندنگاکان لە ئورووپاو باکووری ئەمریکا کەڵکیان لێ وەردەگرت.

"ماریا" لە ساڵی ١٩٥٢ کۆچی دوایی کرد. ئەو پێشەوایەکی گەورەی پەروەردەی منداڵانی گیرۆدەی نەخۆشییە دەروونییەکان بوو.

# Mother Theresa

## دایکە تێرێزا




"دایکە تێرێزا" دەڵێت: "جێگەی داخە منداڵێك لە هەژاریدا بمرێ، لە هەمان حاڵدا لەوانەیە ئێوە بەو شێوەی ئارەزووتانە بژین".

"ئانگێس گونکسا بۆجاکسیو" ساڵی ١٩١٠ لە "سکوپچی" کە ئێستا پێتەختی "ماسادونیا" (مەقدوونیە)یە لە دایك بوو. لە تەمەنی ١٨ ساڵی بووە ئەندامی ئەنجوومەنێکی ئیرلەندی بە ناوی "خۆشکەکانی ژنانی لۆرێتۆ". ئەو لە "دۆبلین"ی ئیرلەندو دارجیلینگ"ی هێند دەرسی خوێند.

ساڵی ١٩٣٧ بەڵێنیدا ببێتە راهیبە. بەڵێنەکانی مانەوە لە هەژاری، داوین پاکی، گوێرایەڵی و خزمەتکردن بە نەداران بوو. ئەو بڕیاری دا کە نازناوی "تێرێزا" بۆ خۆی دابنێ کە بە "سەنیت تێریزای لیسیسۆکس" ناو دەبرا. "دایکە تێریزا" لە قوتابخانەیەکی دواناوەندی لە "کەڵکەتە"ی هێند وەك بەڕێوەبەر





کاری دەرکرد. بەڵام دیتنی نەخۆش و مردووەکان لە سەر شەقامەکان بۆچوونی ئەوەی لەو کارەی کە ئەنجامی ئەدا گۆری. ساڵی ١٩٤٨ ڕێگەی پێ درا ئۆفیسێك بۆ یارمەتی بە نەخۆشەکان بکاتەوە. ساڵی ١٩٥٠ بە هاوکاری یارمەتی دەرەکانی، گرووپێکی خێرخوازیان دامەزراند کە "دایکە تێریزا" بووە سەرۆکیان.

ساڵی ١٩٥٢ لە "کەڵکەتە" خانوویەکی بە ناوی "دڵی خاوێن" بۆ ئەو کەسانەی لە حاڵی مەرگ دابوون، کردەوە. ساڵی ١٩٧٩ بۆ کارو خزمەتەکانی خەڵاتی ئاشتیی نوبێلی وەرگرت. سالی ١٩٩٠ باری تەندرووستی "دایکە تێریزە" بەرەو خراپی ڕۆیشت و ئەوی لە چالاکییەکانی دابڕی. هەروەها کتێبێك لە ژێر ناوی "دایکە تێریزە: لە وشەکانی مندا". کە وتەو پەیامەکانی ئەوی تێدا کۆ کرابووە، چاپ کرا. ساڵێك دواتر ئەو "خووشکە نێرماڵا"ی بە سەرۆکی داهاتووی گرووپە خێرخوازیەکە هەڵبژارد. "دایکە تێریزە" ڕۆژی ١٩٩٧/٩/٥ کۆچی دوایکرد.

# Baroness Murasaki Shikibu
## بارۆنیس موراساکی شیکیبۆ



"بارۆنیس مۆراساکی" سەبارەت بە ژیانی سروشتیی خۆی لە بارەگای شادا دەڵێت: "... لە مێژوویی وڵاتەکەماندا کاتێك هەبوو کە وەها مەزەندە دەکرا وزەکان لە گەڕان بە دوایی جوانترین مێتۆدەکانی رازاندنەوە تێپەر کرابن."

"موراسکی شیکیبۆ" لە دەوری ٩٧٨ ساڵ دوایی زایین لە "کیوتۆ"ی ژاپۆن چاوی بە دونیا هەڵێنا. ناوی راستەقینەی نازانرێ. بەڵام پێدەچێ ناوی ئەو لە ناوی پاڵەوانی رۆمانەکەی وەرگیرابێت. سەبارەت بەو زۆر شت نازانرێ ئەوەندە نەبێ لە دەفتەرێکی رۆژانەدا لە ساڵی ١٠٠٧ هەتا ١٠١٠ هێندێك شتی نووسیوە کە تەنیا سەرچاوەی زانینی ژیاننامەی ئەوە. ئەو لای باوکی خوێندویەتیو فێری زمانی چینی بووە. کاتێك تەمەنی لە نزیکی ٢٠ ساڵیدا بووە، ناچار بووە لە ناوچەکەی خۆیان لەگەڵ خزمێکی ژیانی هاوبەش پێك بێنێ. ئەو لەگەڵ هاوسەرەکەی لە





ساڵی ٩٩٩دا کچێکیان بوو. دواتر لە ساڵی ١٠٠١دا هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردووە.دوای ئەم کارەساتە دەچێتە بارەگای شا. هەر ئەو کارەی بوو کە هانیدا بۆ نووسینی ئەو کتێبەیی کە ئەمڕۆ ئەوی پێوە دەناسرێ. "جینجی مونوگاتاری" واتە "بەسەرهاتی جینیجی". لەم کتێبەدا راستییەکان چینی سەرەوەی کۆمەڵگا دەخاتە روو کە تێدا چیرۆکی شازادەیەك بە ناوی "جینجی" دێنێتەوە بەرباس کە ژیانێکی زۆر ئالۆزاوی هەیە. ئەو پەرتووکە لە نێوان ساڵەکانی ١٠٠١ هەتا ١٠١٠دا نووسراوەو ساڵی ١٠١١ چاپ کراوە. ئەو کتێبە لایەنگری زۆر بووەو لە ژاپۆن بە دەنگی بەرز خوێندراوەتەوە، تەنانەت ئێستاش دوای تێپەربوونی چەندین سەدە بە دوای نووسینەکەیدا کاریگەری بە سەر ئەدەبیاتی ژاپۆندا هەیە. زۆر لە نووسینەکان لە سەر بنەمای لاسایی کردنەوەی ئەم کتێبە داڕێژراون. هەر چەند زۆر شت لە سەر ژیانی موراساکی نازانرێ. بەڵام زانیاری لە سەر مەرگی ئەو زۆر روونە. ئەو ساڵی ١٠١٤ لە "کیوتۆ"ە ژاپۆن کۆچی دوایی کرد. ساڵی ١٩٣٥ کتێبەکەی لە لایەن "واڵی" نووسەرەوە وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی ساڵی ١٩٨٧ فیلمێکی لە سەر دروستکرا کە وەك "شاکارێکی کولتووری" یادی لێ کرا. "موراساکی شیکیبۆ" ناسراوترین نووسەری سەردەمی "هیان"ی ژاپۆنەو پێ دەچێت یەکەمین رۆمان نووسی مۆدێرنی جیهانیش بێت.

# Florence Nightingale
## فلۆرانس ناتینگاڵ



"فلۆرانس ناتینگاڵ" ١٢ى مەى ١٨٢٠ لە شارى "فلۆرانس"ى ئیتالیا لە دایك بوو. ناوەكەى ئەو لە شوێنى لە دایك بوونەكەى وەرگیراوە. بەڵام ئەو بەشێكى زۆر لە سەردەمى منداڵى لە "لەندەن"، "دیربى شایر"و "هامپ شایر" بە سەر برد. ئەو نەچووە قوتابخانە. بەڵام باوكى دەرسى پێ دەوتەوە، پەروەردەكردنى ئەو لە لایەن باوكیەوە بە رادەیەك بەهێز بوو كە لە حیساب، مێژووو فەلسەفە شارەزایى تەواوى بەدەست هێناو فێرى زمانەكانى یۆنانى، فەرەنسى، ئیتالیایى، لاتین و ئەڵمانى بوو.

رۆژى ٧ى فێوریەى ١٨٣٧ "فلۆرانس" دەنگى خوداى بیست كە پێى وت راسپاردەیەكت پێ دەدرێت. هەر چەند "فلۆرانس" نەیدەزانى راسپاردەكە چیە. لە ساڵى ١٨٤٦ كاتێك هاورێیەكى كتێبێكى بە ناوى "كتێبى ساڵى ئەنیستیتۆى پرۆتێستانەكان"





بۆ نارد لە ناوەرۆكى ڕاسپاردەكە گەییشت. ئەو زانستەكانى بوون بە پەرەستارى لەم كتێبەوە بە دەست هێنا. ئەو ئەركى بەڕێوەبەرى ئەنیستیتۆى چاوەدێرى لە ژنانى نەخۆشى پێ ئەسپێردرا، هەر چەند "فلۆرانس" خوازیارى زیاتر لەوە بوو.

لە مانگى ٣ى ساڵى ١٨٥٤دا شەڕى "كریمیە" دەستى پێكرد. "فلۆرانس"و گرووپێكى دیكە لە ژنان لە ٢١ى ١٠ى ١٨٥٤ بۆ كارى چاوەدێرى لە نەخۆشەكان ماڵەوەیان بەجێهێشت رۆژى ١٨٥٤/١١/٥ گەییشتە نەخۆشخانەى "باراك" لە "سكاتارى" لەوێ كەلوپەلى پێویست زۆر ناتەواو بوو. بەڵام "فلۆرانس" توانى دابینیان بكات. ئەو زۆر شتى بۆ ئەو نەخۆشخانەیە دابین كرد كە وەك نموونە دەتوانین ئاماژە بكەین بە: دەواى خاوێن كردنەوەى چڵك و جلى شۆراو بۆ نەخۆشەكان. ئەو بۆ خۆى چاوەدێرى لە هەموو نەخۆشەكان دەكردو لە دواى سەعات ٨ى شەو رێگاى بە هیچ ژنێكى دیكە نائەدا لە بەشەكاندا بمێنێتەوە. ئەو نەخۆشەكانى بە ئارامى ویزیت دەكردو بە چرایەكەوە بە ناو هۆڵەكەدا دەگەڕا. هەر بەو هۆیەوە بوو كە سەربازەكان نازناوى "ژنى چرا بەدەست"یان لێ نا. مانگى ٣ى ١٨٥٥ "فلۆرانس" چوو بۆ بەرەى شەڕ لە "كریمیە". بەڵام تووشى نەخۆشى و گیرۆدەى "یاوى كریمیە" بوو. بۆیە پێیان وت كە لە نەخۆشخانەى "باراك" بمێنێتەوە. لە مانگى مارسى ١٨٥٦ وەك بەڕێوەبەرى بینایى چاوەدێرى لە ژنانى نەخۆشخانە نیزامییەكان

ناسرا. دوای چاکبوونەوەی هەموو نەخۆشەکانی، "فلۆرانس" گەراوە بۆ ئینگلیزو لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٨٥٦ لەگەڵ "شا ژنە ڤیکتۆریا" قسەو راوێژی کرد. لەم چاوپێکەوتنەدا لە لایەن " شا ژنە ڤیکتۆریا"وە رێگەی پێدرا کومیسیۆنێکی سەڵتەنەتی بکاتەوە. ئەم کومیسیۆنە کە بە کومیسیۆنی سەڵتەنەتی تەندرووستی سپا دەناسرێت، لە ساڵی ١٨٥٧ دامەزراو لە هەمان کاتدا وەك خوێندنگایەکی پزیشکی سپا رۆڵی گێرا. کومیسیۆنێکی سەڵتەنەتی دیکە لە ساڵی ١٨٥٩ دامەزرا. ئەم کومیسیۆنە راهێنەری وەزارەتی تەندرووستی لە ساڵی ١٨٦٨دا بوو.

ساڵی ١٨٦٠ "فلۆرانس" خوێندنگای "نایتینگاڵ"ی بۆ راهێنانی پەرەستارەکان لە نەخۆشخانەی شەقامی تۆماس دامەزراند. ئەمە یەکەمین داهێنان لە جۆری خۆیدا بوو. کە "فلۆرانس" لە ماڵداریدا ریفۆرمی پێکهێناو بۆ خۆی مەشق و راهێنانی بە مامان و پەرەستارەکان دەکرد. لەو کاتەدا باری تەندرووستییەکەی بەرەو خراپی دەرۆیشت. ساڵی ١٩٠١ بە تەواوی چاوەکانی لە دەست دا. "فلۆرانس" رۆژی ١٩١٠/٨/١٣ لە لەندەنی پێتەختی ئینگلیز کۆچی دوایی کرد. ماوەیەك پێش مەرگی لێیان پرسی بوو ئایا دەتەوێ لە کەنیسەی "وێست مینستیر" بنێژرێی، ئەو لە وڵامدا وتبووی نا.





# Georgiya O’keeffe

# جیوگیا ئۆکیف




جیوگیا دەڵێت: "لە مێشکم دا هێندێك شت هەن کە وەك ئەوانە نین کەسێك فێری کردبێتم ... بیرو باوەڕەکان ئەوەندە لێم نزیکن، ئەو رێگەی من لە سەری دەرۆم، ئەوەندە سروشتی و بیرمەندانەیە کە هیچ شتێك ناتوانێ پاشگەزم بکاتەوە."

جیوگیا رۆژی ١٨٨٧/١١/١٥ لە "وسیکۆنسین" لە دایك بوو. ئەو بە هۆی هۆگری بۆ هونەر زۆر شتی لە ئەستێرەکان دەزانی. ساڵی ١٩٠٣ لەگەڵ بنەماڵەکەی بۆ "ڤیرجینیا" کۆچیان کرد. ئەو بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە "وسیکۆنسین"و "ڤیرجینیا" وانەی هونەری دەخوێند. "جوگیا" لە ساڵی ١٩٠٥دا کۆتایی بە خوێندن لە قوتابخانەی دوا ناوەندی هێناو چووە ئەنستیتۆی هونەر لە "شیکاگۆ". ئەو لەو شارە لەگەڵ پووریدا ژیانی بەسەر دەبرد، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت گیرۆدەی "یاوی تیفوید" بوو هەر بۆیە بڕیاری گۆرینی خوێندنگاکەیدا. پاشان چووە یەکێتی

قوتابیانی هونەر لە شاری "نیوێۆرک". ساڵی ١٩٠٧ دەستی بە کار کرد. ساڵی ١٩٠٨ کۆتایی هێنا و گەڕاوە "شیکاگۆ" کە لەوێ بووە وێنەکێشی بازرگانی.

ساڵی ١٩٠٩ گەڕاوە بۆ "ڤێرجینیا"و چووە کۆلیژێکی دیکەوە. بەڵام جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩١٢ بەو هۆیەی داوای لێکرابوو لە خوێندنگایەکی "تێکزاز" ببێتە بەرێوەبەری بەشی وێنەکێشان، ئەو کارەی وەرگرت و کۆلیژی بەجێ هێشت. ئەو هەتا ساڵی ١٩١٤ لەو شوێنە ماوە، پاشان چووە کۆلیژی مامۆستایانی "کولومبیا" لە نیوێۆرک. پاشان کۆلیژی بەجێ هێشت لە کۆلیژی "کارۆلینای باشوور" بووە مامۆستا. بە دوای ئەوەدا بوو کە دەستی کرد بە کێشانەوەی ئەو شتەی هەستی پێکرد، نەك ئەوەی فێری ببوو.

هاورێیەکی لە ساڵی ١٩١٦دا وێنەکانی "جیوگیا"ی نارد بۆ پیاوێك بە ناوی "ئافرێگ ستێگلیتز"، ئەویش ١٠ دانە لەو وێنانەی لە گالێری (وێنەگا)کەی دانا. ئەو ساڵە "جیوگیا"لە کۆلیژی ئەیالەتی "تێگزازی خۆرئاوا" وانەی دەوتەوە. پاشان کێشانەوەی ئاورەنگەکانی "دۆڵی تێگزاز"ی دەست پێکرد. لە مانگی چواری ١٩١٧دا یەکەمین پێشانگای خۆی کردەوە، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت تووشی نەخۆشی هات و بە ناچاری دەستی لە فێرکردن هەڵگرت. ساڵی ١٩١٨ "جیوگیا" گەڕایەوە بۆ نیوێۆرک لەگەڵ "ستایگلیتز" پیوەندی گرت، هەر لەو کاتەدا





"ستایگلیتز" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. لە ماوەی پێوەندیان لەگەڵ یەکتر یارمەتییەکی زۆری "جیوگیا"ی‌دا لە کاری وێنەکێشان و گرێ بەستی بۆ پیشاندان و فرۆشتنی وێنەکان رێك دەخست. ساڵی ١٩٢٤ "ستایگلیتز" لە هاوسەرەکەی جیا بوەوەو لە مانگی دوازدەی ئەو ساڵەدا لەگەڵ جیوگیا" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. ئەو هەر ئەو ساڵە دەستی کرد بە کێشانەوەی کوڵەکان هەتا زستانی نیوێۆرك باڵی بەسەردا کێشا.

لە ساڵی ١٩٢٥ هەتا ١٩٣٧ "ستایگلیتز"و "جیوگیا" لە هوتێلی "شێلتۆن" لە نیوێۆرك دەژیان. بەڵام "جیوگیا" زۆربەی کاتەکانی بۆ ئیلهام وەرگرتنی وێنەکانی بە سەفەرکردن تێپەر دەکرد. بۆ یەکەم جار لە مانگی ٥ی ١٩٢٩ سەفەر کردنی لە "تاەس"ەوە لە میکزیکۆی نوێ دەست پێکرد. "جیوگیا" ئەوێی بە "شوێنە زۆر دوورەکە" ناوبردو ستایشی کرد. لەوێ وێنەی زۆری کێشاوە. "کەنیسەی رانچۆس دێ تاوس"ی بە ئاسمانێکی لێڵ و شینەوە لە بەك گراندێکی رەش دا کێشاوە کە هەتا ئەو کاتە کەس ئەو کارەی نەکردبوو. ئەو هەروەها ئەفسونی ئەو خاچانە بوو کە لەم بەرو لەو بەری شەقام‌ونێو کەنیسەکان دا دانرابوون و هەروەها ئێسکی گیانلەبەرە مردووەکان لە دەشت دا سەرنجی راکێشا. "ستایگلێتز"ی هاوسەری لە ١٩٤٥/٧/١٣ کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی لە کەناری چەمی "جۆرج" بە خاك سپێرا. لەو کاتەوە "جیوگیا" ناچار بوو بەرپرسایەتی کارە

هونەرییەکانی بۆ خۆی بە ئەستۆ بگرێ. چونکە پێش مەرگی "ستایگلیتز" هەموو کات ئەو چاوەدێری لە کارەکانی دەکرد. ساڵی ١٩٦٢ ئەو بووە ئەندامی ئاکادیمی هونەرو ئەدەبیاتی ئەمریکاو لە ساڵی ١٩٧٠ بۆ مۆزەخانەی "وایتنی" بانگهێشت کرا.

ساڵی ١٩٧١ چاوەکانی کز بوون‌و لە ساڵی ١٩٧٢دا بە ناچاری دەستی لە وێنەکێشان هەڵگرت. لەو کاتەدا بە یارمەتی هاورێیەکی نوێی بە ناوی "هاملیتۆن" دەستی بە گۆزەکەری (درووست کردنی گۆزە) کرد. "جیوگیا" رۆژی ١٩٨٦/٣/٦ لە "سانتافێ" کۆچی دوایی کرد. ئەو گرانکارییەکی زۆری لە هونەری مۆدێرن دا پێك هێنا.





# Vijaya Lakshimi Pandit
# ڤیجایا لاکشیمی پاندیت



"ڤیجایا لاکشیمی پاندیت" رۆژی ١٩٠٠/٨/٨ لە "ئالاباما"ی هێند چاوی بە دونیا هەڵێنا. ئەو کچی رێبەرێکی نەتەوەیی‌و خۆشکی یەکەمین سەرۆك وەزیری هێندی سەربەخۆ بوو. ناوی راستەقینەی "ڤیجایا"، "سوارۆپ کۆماری نەهرۆ" بوو. لە ساڵی ١٩٢١ کە خوێندنی لە دەرەوە تەواو کردبوو، لەگەڵ "ڕانجیت سیتارام پاندیت" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. وەك ئەو نەریتەی کە باو بوو، لە دوای پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی، ناوەکەی بە "ڤیجایا لاکشیمی پاندیت" گۆڕی. دوای زەماوەندەکەی بووە پشتیوانی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی هێندو بە هۆی ئەو باوەڕو چالاکییانەوەی سێ جار گیرا. ئەو چووە ئیدارەی شارەوانی "ئالایاما"و پاشان ئەنجوومەنی یاسادانانی پارێزگای یەکگرتوو.

لە ساڵی ١٩٤٦ هەتا ١٩٤٨ دواتریش لە ساڵی ١٩٥٢ هەتا ١٩٥٣ "ڤیجایا" بووە نوێنەری هێند لە نەتەوە یەکگرتووەکان. پاشان وەك سەفیر بەو شێوەیە کاری کرد: ساڵی ١٩٤٧ هەتا

١٩٤٩ سەفیری هێند لە موسکۆ. ساڵی ١٩٤٩ هەتا ١٩٥١ سەفیری هێند لە واشنتۆن و میکزیك. ئەو وەك یەکەمین ژن لە ساڵی ١٩٥٣دا بووە سەرۆکی ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان. پاشان بووە سەفیر لە لەندەن و کۆمیسیونێر لە "دابلین" لە ساڵی ١٩٤٥ هەتا ١٩٦١.

"ڤیجایا" لە ساڵی ١٩٦٢ هەتا ١٩٦٤ بووە فەرمانڕەوای ئەیاڵەتی "ماهاراشتارا" لە ساڵی ١٩٦٤ هەتا ١٩٦٨بە ئەندام پارلمان وەرگیرا. ساڵی ١٩٧٧ لە "پارتی کۆنگرە" هاتە دەرێ و بە "پارتی کۆنگرە بۆ دێمۆکراسی"یەوە پێوەندی گرت. ساڵی ١٩٧٨ بە نوێنەری هێند لە کومیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دەست نیشان کرا. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩دا کتێبێکی بە ناوی "مەبەستی دڵخۆشی: بەسەرهاتێکی تایبەتی" نووسی.

"ڤیجایا" رۆژی ١٩٩٠/١٢/١ لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.



سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا

# Emmeline Pankhurst

## ئێمێلین پانکۆرست



"ئیمێلین پانکۆرست" رۆژی ١٨٥٨/٧/١٤ لە "مەنچێستێر"ی ئینگلیز لەدایك بوو. ساڵی ١٨٧٩ لەگەڵ پارێزەرێك بە ناوی "ریچترد مارسدێن پانکۆرست" کە بۆ یەکەمین جار گەلاڵەی مافی دەنگدان بۆ ژنان و یاسای دارایی ژنانی خێزانداری داهێنابوو، ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. ساڵی ١٨٨٩ "ئێمێلین" یەکێتی مافی هەڵبژاردنی ژنانی دامەزراند کە لە ساڵی ١٨٩٤ توانی مافی دەنگدان بۆ ژنان مسۆگەر بگات. هەڵبەت ئەو مافی دەنگدانە بۆ هەڵبژاردنە ناوچەییەکان دەبوو، نەك هەڵبژاردنەکانی پەرلمان. پاشان لە ساڵی ١٩٠٣ "یەکێتی کۆمەڵایەتی، سیاسی ژنان"ی دامەزراند. لە سێزدەی ١٠ی ١٩٠٥ کچەکەی "کریسابێڵ" لەگەڵ "ئانی کێنی" بە هۆی هێرشی بۆ پۆلیس و خۆ بواردن لە تاوان دانەوەی دوای داخوازی بۆ مافی دەنگدان بۆ ژنان لە کۆبوونەوەیەکی پارتی ئازادیخواز گیران.

ساڵی ١٩٠٦ ئێلێمین چوو بۆ لەندەن، بەڵام لەوێشەوە ڕێبەری چالاکییەکانی یەکێتی کۆمەڵایەتی، سیاسی ژنانی دەکردو بە دژی پاڵێوراوانی پارتی دەسەڵاتداری ئازادیخواز پرۆپاگەندەی بڵاو دەکردەوە. ئەو سێ جار لە ساڵەکانی ١٩٠٨، ١٩٠٩و ١٩١٠ گیرا. ئێمێلین شەڕی لە بەرانبەر حکوومەتدا ڕاگرت. ئەو حکوومەتەی دوای بەرگری کردن لە مافی دەنگدان بۆ ژنان هەرەسی هێنا. لە ساڵی ١٩١٢دا "یەکێتی کۆمەڵایەتی، سیاسی ژنان" جارێکی دیکە پێداگری لە داخوازییەکانی بۆ گەرەنتیکردنی مافی دەنگدان بە شێوەی سەرانسەری دەستی پێکردەوە. ئێمێلین و هاورێکانی کەوتنە بەندیخانەوە.بەڵام لە ساڵی ١٩١٣ بە هۆی مانگرتن لە خواردن و کردەوەیەك کە بە "کردەوەی مشك و پشیلە" ناوبرا، لە بەند رزگار بوو.

لە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەم کە لە ساڵی ١٩١٤دا دەستی پێکرد، ئێمێلین و هاورێکانی بە هۆی سەرهەڵدانی شەڕەوە پرۆپاگەندەیان بۆ مافی دەنگدان ڕاگرت. لەو ماوەیەدا ئەو ژیاننامەی خۆی لە ژێر ناوی "چیرۆکەکەم" نووسی و هەروەها بۆ وڵاتانی رووسیە، کەنەداو وڵاتە یەکگرتووەکان سەفەری کردو لە سەر مافی دەنگدان بۆ ژنان وتاری پێشکەش کرد. دوای شەڕ بۆ ماوەیەك لە وڵاتانی کانەدا، ئەمریکا، بێرمۆدا ژیانی بە سەر برد. بەڵام لە ساڵی ١٩١٢ گەڕاوە بریتانیا، لەوێ وەك پاڵێوراوی پارتی پارێزگاران هەڵبژێرا. لەو کاتەدا باری





تەندرووستی بەرەو خراپی ڕۆیشت و نەیتوانی ئەو ئەرکە بەرێوە بەرێ.

دوو حەوتوویەك پێش مەرگی ئێمێلین یاسایەك پەسند کرا کە تێدا مافی دەنگدانی یەکسانی بۆ ژنان و پیاو مسۆگەر کردبوو. ئەم گەلاڵەیە بە "یاسای نوێنەرایەتی خەڵك لە ١٩٢٨" دەناسرێت. ئێمێلین ڕۆژی ١٩٢٨/٤/١٦ لە لەندەن کۆچی دوایی کرد.

# Rosa Parks
## ڕۆزا پارکس



"ڕۆزا پارکس" دەڵێت: "لە ڕابردوودا ئێمە هیچ مافێکی مەدەنیمان نەبوو. زیندوومانەوە لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژی دواتر بە لامانەوە گرنگ بوو. لە بیرمە کاتێك منداڵ بووم‌و شەو دەمەویست بخەوم، گوێم لە سزادانی کەسێك دەبوو، ترسی لێ دەنیشت کە ماڵەکە بە سەرماندا ئاور بدەن."

"ڕۆزا لوتیر مەك کولی" ڕۆژی ١٩١٣/٢/١٤ لە "توسکویجی"ی "ئالاَباما" لەدایك بوو. لە تەمەنی دوو ساڵیدا بۆ تێپەرکردنی ژیان لەگەڵ دایە گەورەی چووە "پین لیڤل". لە تەمەنی ١١ ساڵیدا لە قوتابخانەیەکی تایبەتی بە ناوی خوێندنگای سەنعەتی "مونتگومری" بۆ کچان بەشداریکرد. پاشان چووە کولیژی مامۆستایانی هەرێمی "ئالاَباما" لەگەڵ "ڕایموند پارکس" ژیانی





هاوبەشی پێك هێنا. ئەوان لە "مونتگومر"ی "ئالاَباما" نیشتەجێ بوون‌و بوونە ئەندامی ئەنجوومەنی نەتەوەیی بۆ گەشەپێدانی خەڵکانی ڕەنگی (NAACP).

ڕۆژی ١٩٥٥/١٢/١ پاش ئەوەی "ڕۆزا" لە ناو پاسێك دا ئامادە نەبوو، لە سەر کورسییەکی هەستێت بۆ ئەوەی پیاوێکی سپی پێست لەجێکەیدا دانیشێ، ژیانی بە تەواوی گۆڕا. بە هۆی شێواندنی ئارامی "مونتگومری"یەوە گیراو سزا درا. ئەم کردەوەیە دەستپێکی بزووتنەوەی مافی مەدەنی مۆدێرن بوو. بە هاوکاری "مارتین لوتر کینگ" بۆ ماوەی ٣٨٢ ڕۆژ کۆمپانی پاسەکانی شاریان بایکۆت کرد. ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی دادگای بەرزی وڵات ئەو یاسایەی کە "ڕۆزا"ی پێ سزا درا لا بەرێ. ئەوان لە بەرانبەر جیاوازی ڕەگەزی لە نێو ئامرازەکانی هاتووچۆی گشتیدا هەڵوێستیان گرت. "ڕۆزا" دواتر خەڵاتی ئاشتی دژی توندو تیژی "مارتین لۆتێر کینگ"ی وەرگرت.

ساڵی ١٩٥٧ "ڕۆزا" لەگەڵ مێردەکەی چوون بۆ "دیترۆیتی میشیگان". لەوێ بووە ئەندامی نوێنەرانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ستافی "جان کونێرس"دا. بۆ ڕێزلێنان لە چالاکییەکانی ئەو، شووڕای ڕێبەری مەسیحییەکانی باشوور "خەڵاتی ئازادی ڕۆزا پارکس"یان داهێنا. کاتێك هاوسەرەکەی "ڕۆزا" کۆچی دوایی کرد، ئەو ئەنستیتۆی "ڕایمۆندو ڕۆزا پارکس" بۆ گەشەپێدانی دەروونی دامەزراند. کاری ئەو ئەنستیتیۆیە بە ئەستۆ گرتنی خەرجی هەنگاونان بۆ ئازادی، پرۆگرامی هاوین واتە سەفەر

کردن بۆ دێهاتەکان‌و ئاگادار بوون لە بزووتنەوەی مافی مەدەنی بۆ منداڵان بوو. تێبینی: "ئەم ژنە بەرێزە چەند مانگێك پێش وەرگێرانی ئەم کتێبە کۆچی دوایی کرد". وەرگێر





# Eva Peron
## ئێڤا پێرۆن

"ماریا ئێڤا پێرۆن" ساڵی ١٩١٩ لە ئەرژەنتین لەدایك بوو. کاتێك تەمەنی گەیشتە حەوت ساڵ، باوکی کۆچی دوایی کرد. ئەو لەگەڵ دایکی‌و خۆشکەکانی ماوە. بۆیە ناچار بوو بۆ تێپەرکردنی ژیانیان خەریکی چێشت لێنان بۆ بنەماڵە دەوڵەمەندەکان بێت. لە ساڵی ١٩٣٣ کاتێك لە شانۆگەری "پێویستی خوێندکار" بەشداریکرد، بریاری دا ببێتە ئەکتەر. پاشان چوو بۆ "بوینۆس ئایرس" هەتا کارێکی شانۆگەری بدۆزێتەوە، کە بە دەست خستنی ئەو کارە زۆر زەحمەت بوو. لە سەرەتا وەك مۆدیلێك کاری دەکردو لە چەند دیمەنێك دا بۆ ماوەیەکی کورت دەرکەوت. بەڵام بەو کارە کەمەوە بە قورسی دەیتوانی خۆی بژیەنێ. کاتێك کاری بۆ خاوەنی گۆڤاری "سینتۆنیا" دەکرد، تێ گەیشت کە ئەو بە رادەیەکی تەواو خۆراك، پارەو کاری هەیە. هەروەها زانی کە خۆشەویستێکی هەیە. هەر لەو کاتەدا ئەو وەك میوانداری رادیۆی ئارژانتین، رادیۆی "بیلگرانۆ"و وێسگەیەکی رادیۆی سێهەم کاری دەکرد.

لە لایەن "کولونێل ئانیباڵ ئیمبێرت" لە میواندارییەك دا

داوای لێکرا میوانداری بکات. ئەو رووداوە هەتا کۆتایی تەمەنی باری ژیانی گۆڕی. لەو میوانییەدا چاوی کەوت بە "کولونێل جوەن دۆمینگ پیرۆن" کە دواتر بووە سکرتێری گرووپی ئیدارە یەکگرتووەکان، بوونە ئەویندداری یەکتر. "جوەن" دواتر بوو بە جێگری وەزیری شەڕو بەرپرسی دایەرەی کارو ئاسایش. رۆژی ١٩٤٤/٢/٢٤ "جوەن" ئامادە نەبوو دەست لە کار بکێشێتەوە. لە جێی ئەو سەرۆك کۆماری ئەرژانتین بە ناچاری دەستی لە کار کێشاوە. دوای ماوەیەك "جوەن"بووە جێگری سەرۆك کۆماری نوێ.

بە هەوڵی "ئێڤا" بوو کە "پێرۆن" هاتە سەر ئەو باوەڕەی یارمەتی کرێکاران بکات. هەروەها باوەڕی پێ هێنا رێگا بدات خۆیو هاورێکەی دایکی لە بەرێوەبەرایەتی پۆستو تێلگراف کار بکەن. وا پێ دەچێ "ئێڤا" کاریگەرییەکی زۆری لە سەر "جوەن" بووبێت. هەر بۆیە هەموو کات لە سەر کارەکان پرسیاری لە "ئێڤا" دەکردو ڕای لێ وەرگرت. پاشان جارێکی دیکە داوا لە "جوەن" کراوە دەست لە کار بکێشێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان سەبارەت بە "ئێڤا" دەستی لە کار کێشاوە. کاتێك گەڕاوە ماڵی، "ئێڤا" هاورێکانی کۆ کردبووەوە. هەتا پشتیوانی خۆیان لەو دەربڕن. پاشان ناچاری کرد لە بەرانبەر ئەو خەڵکەدا لە دەرەوە راوەستابون، قسە بکات. "جوەن" لەو کاتەدا نەگیرا، بەڵام دواتر خستیانە بەندیخانەوە. پاشان "ئێڤا" توانی رزگاری





بکات، خەڵك لە سەر شەقامەکان هاواریان دەکرد" پێرۆن ببێتە سەرۆك کۆمار". رۆژی نۆی دوازدەی ئەو ساڵە، لە ڕێورەسمێکدا، ئاهەنگی بووك گواستتنەوەی "جوەن"و "ئیڤا" بەرێوە چوو. پاشان "جوەن" لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری بەشداریکردو لە لایەن هەژارانەوە پشتیوانی دەکرا. لە ٢٨ی مارس دا بە سەرۆك کۆمار هەڵبژێرا. "ئێڤا" بووە خاتوونی یەکەمی وڵات. ئەو لە لایەن هەموو ئەرژەنتینییەکانەوە بە شێوەی نافەرمی بە زاراوەیەکی خۆشەویستانە بە "ئێڤیتا" بانگ دەکرا. ئەویش بەو پەری هێزو توانایەوە یارمەتی هەژارانی وڵاتەکەی ئەدا. ئەو لقی ژنانی "پارتی پیرۆنسیا"ی دامەزراندو پشتیوانی خۆی لە مافی ژنان دەربڕی. پاشان "بنیاتی ئێڤا پێرۆن"ی دامەزراند کە ئەرکەکانی یارمەتی بە خەڵك بۆ بە دەست هێنانی پارە، خانوو، جلو بەرگ بوو. زۆربەی یارمەتییەکان ئەو هەژارانی دەگرتەوە، بەو کەسانەی کە پێی دەوتن "لوی دێسکامیسادۆس" واتە "بێ کراسەکان" بۆ بەرێوەبردنی ئەو کارە هەتیوخانەیەکی بۆ منداڵان کردەوە. "ئێڤا" سەفەرێکی کرد بۆ ئورووپا کە لە ئیسپانیا بە باشی پێشوازی لێکرا. بەڵام لە فەرەنسە، بریتانیاو ئیتالیا بە گەرمی وەرنەگیرا. لەوانەیە٠ ئەو لە گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی"ئەرژەنتین" زۆر دڵخۆش بووبێت.

لە ساڵی ١٩٥١دا "ئێڤا" بڕیاریدا داخوازی وەرگرتنی جێگری سەرۆك کۆماری بکات."دێسکامیسا دۆس"ە کان پشتگیرییان

لێکرد، بەڵام سپا دژی وەستا چونکە ئەوان پێیان وابوو نابێ ژن ببێتە جێگری سەرۆك کۆمار، کەواتە "ئێڤا" نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ. بەداخەوە ئەو بە تەمەنێکی کەمەوە لە ٢٦ی حەوتی ١٩٥٢دا کوچی دوایی کرد.





# Christine de Pizan
# کریستین دێ پیزان



"کریستین دێ پیزان" ساڵی ١٣٦٤ لە "ڤێنیز "ی ئیتالیا لە دایك بوو. کاتێك تەمەنی ٥ ساڵ بوو لەگەڵ باوکی و بنەماڵەکەی چوونە بارەگای "چارلز شای پێنجەم"ی فەرەنسە. "کریستین" لەوێ پەروەردەیەکی باشی وەرگرت وێرای زمانی ئیتالیایی کە زمانی دایك بوو زمانی فەرەنسی فێر بوو هەروەها لاتینیشی بە باشی دەزانی. ساڵی ١٣٨٠ لەگەڵ سکرتێرێکی بارەگا بە ناوی "ئێتین دو کاسێل" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. هەر لەو ساڵەدا شا مردو شایەکی نوێ جێگاکەی گرتەوە کە هەموو بنەماڵەکەی "کریستین" بۆ وێنە هاوسەرەکەی دەرکرد. ماوەیەکی کورت دوای ئەو روداوە "کریستین" لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا ناچار بوو چاوەدێری لە دایكو خوشکەزاو دوو منداڵەکەی خۆی بکات.

"کریستین" دەستی کرد بە نووسینی شیعرو چیرۆك هەتا بە داهاتەکەی ژیانی بنەماڵەکەی بەرێوەبەرێ. پاشان تێگەیشت ئەو کارە بەڕادەیەکی پێویست وەك سەرچاوەیەکی داهات بەکەڵکە.

یەکەمین شیعری ئەو زۆر درێژ بوو. ئەو شیعرە لە ژێر ناوی "گۆرانەکانی بەخت" نووسرا بوو کە هەڵگری نموونەی ژیانی خۆیو کەسانی دیکەیش بوو. ئەو شێوازە لە سەردەمی"کریستین"دا زۆر دەگمەن بوو چونکە وتنەوە، یان نوسینی ژیاننامە زۆر باو نەبوو. هەروەها کۆکراوەی ۹۹ بەسەرهاتی لە ژێر ناوی "نامەکانی ئۆتیە، ڕێگای خوێندنی درێژو کتێبی بەڵگەکانی خاوەن شکۆ، شای تێگەیشتوو، چالزی پێنجەم"ی نووسی کە لە لایەن "فیلیپ بۆڵد" پیاو ماقووڵی "بۆرگاندی"و برای "چالز شا"وە داوای لێکرا بوو.

ساڵی ۱٤۰٥ ژیاننامەی خۆی لە ژێر ناوی "تێروانینی کریستین" نووسی. هەر ئەو ساڵە کتێبی "شاری ژنەکان"ی نووسی، هەتا ئەو دەنگە ڕەخنەگرانەی کە بێحورمەتییان پێ کردبوو، کپ کات. لە ساڵی ۱٤۰٦ جارێکی دیکە بۆ ئارام کردنەوەی ئەو ڕەخنانە کتێبی "خەزێنەی شاری ژنەکان"ی نووسی. ڕووداوێك کە زۆر کاری تێکرد، کوژرانی "لوسیی ئۆرلینس" بوو کە بە دوای دا شەڕی مەدەنی سەری هەڵدا. هەر دوو ڕووداوەکە زۆریان ترساند. ساڵی ۱٤۱۰ جارێکی دیکە دەستی داوە قەڵەمو "تازیە بارانی شەڕی مەدەنی"و "سەرکەوتنەکانی سپاو گیانفیدای" نووسی. کە ئەوەی دووهەمیان دواتر وەرگێراوتە سەر زمانی ئینگلیزی.

ساڵی ۱٤۱۸ دەستی لە نووسین هەڵگرتو چووە دێرێکەوە.





(ئەو شوێنەی ڕاهیبەکان تێیدا دەژین) دواین شیعری ناسراوی لەوێ لە ساڵی ۱٤۲۹دا لە ژێر ناوی "سروود بۆ جوانی ئەرك" نووسی. ئەم شیعرە بۆ ڕێزگرتن لە "جوانی ئەرك" (هەر لەم کتێبەدا ژیاننامەی ئەویش نووسراوە) دانراوە.

"کریستین" ساڵێك دواتر لە ساڵی ۱٤۳۰دا کۆچی دوایی کرد.

# Pocahontas
# پۆکاهونتاس



"پۆکاهونتاس" مانگی ٣ی ساڵی ١٥٩٥ لە گوندی "گلوستێر"ی "ڤێرجینیا" لەدایك بوو. ناوی راستەقینەی ئەو "ماتواکا" بوو کە باوکی سەرۆك "پۆهاتان" لە ناوی ئەمریکاییە خوجێییەکانەوە بۆی هەڵبژاردبوو. ئەویان لە خۆشەویستیدا بە پۆکاهانتاس بانگ دەکرد. واتە "کچە دڵخوازەکەم" یان "دڵخۆشکەرەکەم". ساڵی ١٩٠٧ کۆچبەرەکان هاتنە ناوچەی "چێزا پیك بای" لە ناو ئەوان دا پیاوێك بە ناوی "جان سمیت" کە رێبەری نیزامییەکانی "جامیس تاون" بوو لە لایەن خەڵکی ئەوێوە گیرا. "پۆکاهونتاس" تەنیا کەسێك بوو ئەوی لە مەرگ رزگار کرد. ئەو کاتەی "جان"یان دەبرد، بە دارکاری بیکوژن. "پۆکاهونتاس" خۆی خستە بەردەمیان، بەڵام هەوڵی ئەو هەر بەوە کۆتایی پێ نەهات. دوای رزگارکردنی، لەگەڵ خەڵکەکە قسەی کرد، هەتا "جان" بگەرێننەوە بۆ "جامیس تاون"، باوکی





(سەرۆك پۆهاتان)، پێشوازی لە داواکارییەکی کرد.

لە دوای ئەو رووداوەوە "پۆکاهانتاس" بە بەردەوامی سەردانی "جامس تاون"ی دەکرد. زۆر جار خۆراکی بۆ کۆچبەرە هەژارەکان دەبرد. ئەوە یەکەمین کاری دۆستانەی ئەو بۆ پاراستنی ئاشتی لە نێوان ئەمریکاییە خۆجێیەکان و کوچبەرەکاندا بوو. ساڵی ١٩٠٩ "جان سمیت" گەراوە بۆ ئینگلیزو هاورێیەتی نێوان کوچبەرو ئەمریکاییە خۆجێییەکان بەرەو ئالۆزی دەرۆیشت. ماوەیەك "پۆکاهانتاس" رفێندرا. لەو ماوەیەدا لەگەڵ کەسێك دا بە ناوی "جان رولف" بوونە ئەوینداری یەکتر دوای ماوەیەکی کورت بە وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆك "پۆهاتان"و فەرمانڕەوای "ڤێرجینیا"، "بەرێز تۆماس داڵ"، ژیانی هاوبەشیان پێك هێنا. لە ساڵی ١٦١٦ لەگەڵ "جان رۆلف" سەفەرێکیان کرد بۆ ئینگلیزو لەو وڵاتەدا پۆکاهانتاس ستایش دەکراو تەنانەت لەگەڵ "جەیمس شای یەکەم" چاوپێکەوتنی کرد. بەڵام ئەو کاتەی بەنیاز بوو بگەرێتەوە بۆ ئەمریکا گیرۆدەی پەتا بوو، لە ئاکامدا ساڵی ١٩١٧ لە "گراڤیسێندی کێنت":ی ئینگلیز کۆچی دوایی کرد.

# Queen Anne
## شاژنە ئان



"ئان" ڕۆژی ١٦٦٥/٢/٦ لە "لەندەن" پێتەختی ئینگلیز چاوی بە دونیا هەڵێنا. ئەو کچی "جەیمس شای دووهەم"ی ئینگلیز بوو. ساڵی ١٦٧٢ باوکی بووە کاتۆلیک"، بەڵام "ئان" هەر وەك "پرۆتستانیك" ماوە، ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ کوری شای دانیمارك "جۆرج" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا.

ساڵی ١٦٨٨ باوکی بە هۆی شۆرشە ئارامەکەی دژ بە کاتۆلیکە رۆمانییەکان لە سەر کار لابرا. بۆیە بەم شۆرشە دەوترێ ئارام، چونکە هیچ خوێنێکی تێدا نەرێژرا. "مەری" خۆشکی "ئان"و هاوسەرەکەی "ویلیام" جێگای باوکیان گرتەوە. ساڵی ١٧٠٢ "ویلیام" کۆچی دوایی کردو "ئان" بووە شا ژنی ئینگلیز.





یەکەمین کاری شا ژنە "ئان" ریسوا کردنی "جان چرچیل"، پیاوماقوولی "ماربۆرۆ" دەستی پێ کرد. هەروەها دانانی ژنراڵی دەریایی ئەرتەش، سەرکەوتنەکانی "ماربۆرۆ" لە ساڵی ١٧٠١ هەتا ١٧١٤ لە شەڕی بۆ داگیر کردنی ئیسپانیا بەرانبەر فەرانسە کە بووە هۆی ئەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکان بە "شەڕی شا ژنە ئان" بناسرێت. لە بواری سیاسیش دا ئەو لایەنگری لە پارتی پارێزگاران دەکرد کە بەرانبەر بە حیزبی ویگ بوون. بەڵام لە سەرەتادا ئەندامانی پارتی پارێزگاری لە کار دوور دەخستەوە. لە ساڵی ١٧١٠ لە دوور خستنەوەی ئەوان لە کار دەستی هەڵگرت. بەڵام پڕبایەخترین کاری ئەو لە ماوەی دەسەڵاتداریدا پێکهێنانی ئاشتی لە نێوان ئینگلیزو ئیسکاتلەند بوو کە ئەوانی یەکگرتوو کرد. "ئان" لە یەکی هەشتی ١٧١٤ لە لەندەن کۆچی دوایی کرد. ئەو بە هۆی هەڵسوکەوتو کاریگەرییەکی لە جلو بەرگ، بیناسازی، کەلو پەلی ناوماڵ، هونەرو شتی دیکە لە سەردەمی خۆیدا بەناوبانگ بوو.

# Queen Elizabeth I
# شاژنە ئیلیزابێتی یەکەم



شاژنی ئیلیزابێتی یەکەم دەڵێت: "کە من بە جەستە لاوازو بێهێزم، بەڵام دڵو دەروونی شایەکم هەیە، ئەویش شای ئینگلیزە".

"ئیلیزابێت" رۆژی ١٥٣٣/٩/٧ لە ئینگلیز لەدایك بوو. ئەو کچی "هێنری شای حەوتەم" بوو. دایکە ئەو "ئانبۆلین" ژنی دووهەمی "هێنری‌شا" بوو. کاتێك تەمەنی گەیشتە ٣ساڵ باوکی تۆمەتی داوێن پیسیو خەیانەتی دا پاڵ دایکیو سەریان پەراند. هەر بەم هۆیەوە "ئیلیزابێت"یان بە زۆڵ ناو دەبردو لە ریزی وەرگرتنی تاجو تەختی شاییدا خستنە دوایین کەسەوە. زڕخۆشکی "مەری" کە لە ژنی یەکەمی شا بوو، هەتا کاتێك "ئیدوارد"ی زڕبرای لە ساڵی ١٥٣٧ لەدایك بوو. یەکەمین کەسی ئەو ریزبەندییە بوو، کەواتە "ئیلیزابێت" لە ریزی سێهەم دابوو. باوکی زۆر دڵسۆزانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کرد. ژنی شەشەمی باوکی، "کاترین پار" ئەوی فێری وتاردان ،





مێژوو، ئایین ناسی (لە پرۆتستان) فەلسەفەی عەقڵانیو زمانەکانی یۆنانی، لاتینی، فەرانسی، ئینگلیزیو ئیتالی کرد.

ساڵی ١٥٤٧ باوکی "ئیلیزابێت" کۆچی دوایی کردو "ئێدوارد"ی برای جێگای گرتەوە. "کاترین پار" لەگەڵ پیاوێك "تۆماس سیمۆر" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. ساڵی ١٩٤٩ کاترین کۆچی دوایی کردو سیمۆریش بە تۆمەتی ئەوەی بە نیاز بووە بۆ گەیشتن بە تەختی شایی لەگەڵ "ئیلیزابێت" ژیانی هاوبەش پێك بێنێ، سەریان پەڕاند. لەو کاتەدا ژیانی "ئیلیزابێت" تووشی مەترسی بوو. بەڵام ئەو کوڵی نەداو بەلایەوە گرنگ نەبوو.

ساڵی ١٥٥٣ "ئێدوارد" مردو "مەری" جێگای گرتەوە. ئەو کە هێندێك جار بە "مەری" خوێناوی ناو دەبرا، بە پێچەوانەی "ئیلیزابێت" کاتۆلیك بوو. مەری دەستی کرد بە کوشتنی پرۆتستانەکان بۆ ئەوەی کاتۆلیزم بگەێنێتەوە بۆ ئینگلیز. جارێکی دیکە ژیانی "ئیلیزابێت" تووشی مەترسی هات. بەو هۆیەی ئەو پڕۆتستان بوو، لە قەڵای لەندەن بەستراوەو هێندەی نەمابوو، بکوژرێ.

رۆژی ١٥٥٨/١١/١٧ "مەری" مردو "ئیلیزابێت" بووە شای ئینگلیز. "شاژنە ئیلیزابێت" خوازبێنیکەری زۆری بوو، بەڵام لەگەڵ هیچیان ژیانی هاوبەشی پێك نەهێنا. ساڵی ١٥٥٩ ئەو داوایەی پەسەند نەکرد کە ببێتە سەرۆکی کەنیسە. ئەو کۆتایی

به کێشەی نێوان کاتۆلیك‌و پرۆتستانەکان هێنا. ئەو کەسێك بوو کە بە کچیەتی‌و داوێن پاکی ماوە. "ئیلیزابێت" لە ماوەی دەسەڵاتداریدا زۆر کاری باشی بۆ وڵاتەکەی کرد. ئەو بە هاوکاری "جان کابۆت"، "ویلیام هاوکینس"و "فرانسیس دراك" ئینگلیزی بەربڵاو کردەوە. ڕێژەی راوێژکارانی کەم کردەوە، هۆکارەکانی لاوازبوونی نرخی دراوی سڕیەوە. یاسایەکی پەسەند کرد کە هەموو ئەو پیاوانەی هێزی جەستەییان هەیە لە سەر زەوی کار بکەن، لەگەڵ وڵاتانی فەرەنسەو ئیسکاتلەند بۆ نەهێشتنەوەی دژایەتی پێکهات.

"ئیلیزابێت" رۆژی ١٦٠٣/٣/٢٤ لە ئینگلیز کۆچی دوایی کرد. دواتر بە بەشی دووهەمی سەدەی شازدەیان دەوت، "سەردەمی ئیلیزابێت". ئەو سەردەمە لەگەڵ سەردەمی ژیانی ئەدیبان‌و هونەرمەندانی جوانکاری وەك: "ویلیام شکسپیر"، "کریستۆفێر مارلۆ"، "بێن جوهانسۆن"، "ئیدمۆند سپێنسێر"و چەندی دیکە هاوکات بوو.





# Queen Isabella

## شاژنە ئیزابێلا



"ئیزابێلا" رۆژی ١٤٥١/٤/٢٢ لە "مادرێکاڵ دێ لاس ئاڵماس تۆرس"ی "کاسڵ" لەدایك بوو. ئەو تەمەنی سێ ساڵ بوو کە براکەی "هێنری چوارەم" بوو بە شا. کاتێك "ئیزابێلا" تەمەنی گەیشتە سێزدە ساڵ براکەی بۆ ئەوەی بتوانێ چاوەدێری لێ بکات، بردییە بارەگاکەی خۆی. رۆژە ١٤٦٨/٩/١٩ بە پێی گرێبەستی "توروس دێ گویساندۆ"، "ئیزابێلا" بووە میراتگری شا. وێڕای ئەوەی کەسانێکی زۆر خوازبێنییان لێ کردبوو "هێنری" داوای لێکرد لەگەڵ "ئالفونسۆ" شای پورتۆگاڵ ژیانی هاوبەش پێك بێنێ. بەڵام ئەو بێ ئیزنی شا لە مانگی ١٠ی ١٤٦٩دا لەگەڵ "فێردیناند"ی "ئارگۆن" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. هەر بەو هۆیەوە گرێبەستەکەی تێك دراوەو ئەو وەك میراتگر پەسەند نەکرا.

ساڵی ١٤٧٤ "هێنری شا" کۆچی دوایی کرد. بۆ گرتنەوەی جێگەکەی ئەو دوو کەس ململانێیان دەکرد: "ئیزابێلا"و "جوانی" خۆشکی کە ئاکامەکەی بە قازانجی "ئیزابێلا"شکاوە. بەڵام چوار ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی بە شەڕی مەدەنی لەگەڵ لایەنگرانی "جوان" تێپەر کرد. رۆژی ١٤٧٩/٢/٢٤ سپای "ئیزابێلا" توانی شکستیان پێ بێنێت‌و هەر ئەو ساڵە سەرۆکی "ئارگۆن" کۆچی دوایی کردو "فێردیناند" بووە شای "ئارگۆن" بە هاوبەشی "فێردیناند"و "ئیزابێلا"، "ئارگۆن"و "کاسڵ" بوونە یەکێتییەك.

بە هاوکاری هەردووکیان لە بەرانبەر گرانادا‌و ئیسپانیادا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا‌و وەك وڵاتێکی راستەقینە دەرکەوتن "ئیزابێلا" وێرای راپەڕاندنی ئەرکی شایی، بەڕێوەبەری سپاکەی "کالاتراڤا"ی "سانتیاگۆ"ی بە ئەستۆ گرت. پاش ماوەیەك پیاوێکی گەنج دوای ئەوە لە لایەن شا کەم دەسەڵاتەکانی دیکەوە داواکانی جێبەجێ نەکرابوون، داوای پێویستییەکانی خۆی بۆ سەفەرێکی دەریایی لە وان کرد. "ئیزابێلا"و "فێرناندۆ" پێویستییەکانی ئەویان دابین کردو ئەم جیهانە نوێیە لای ئیسپانیاییەکان ئاشکرا بوو. بە پێچەوانەی ناسیۆنالیستەکانی دیکە "ئیزابێلا" ئامادە بوو مافی ئەمریکاییە خۆجێییەکان بپارێزێت. کاتێك "کولومب" چەند کەسێکی لەوانی وەك کۆیلە هێناوە، "ئیزابێلا" ئازادی کردن.





"ئیزابێلا" بۆ پێکهێنانی رێفۆرم لە ئیسپانیا رۆڵێکی گرینگی گێڕا. بەشێك لە ریفۆرمەکانی کەنیسەکانی گرتەوە. کە گرینگییەکی بەرچاوی ئەوە بە بارودۆخی "کلاریسە هەژارەکان" (بەو راهیبانە دەوترا کە پێیان وابوو دەبێ لە هەژارییەکی قوورس دا بژین). ئەو پالاوتنی خۆی وەك کاردینالی پاپ‌و وەرگیرانی وەك ئەسقەفی "سیڤیل" رەت کردەوە. ئەو هەروەها چەندین قوتابخانەی بۆ هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵ دروست کرد.

"ئیزابێلا" ٢٦ی یازدەی ١٥٠٤ لە "مەدینا دێل کامپۆ"ی ئیسپانیا دوای پێکهێنانی زۆر گۆرانکاری بەکەڵك لە کۆمەڵگای ئیسپانیا کۆچی دوایی کرد.

# Queen Victoria
# شاژنە ڤیکتوریا



"ڤیکتوریا" رۆژی ١٨١٩/٥/٢٤ لە ئینگلیز لەدایك بوو. کاتێك تەمەنی تەنیا ١٨ مانگ بوو، باوکی کۆچی دوایی کرد. دوای مەرگی "ویلیامی چوارەم" ئەو کاتەی تەمەنی گەیشتە ١٨ساڵ، بووە شای ئینگلیز. لە ماوەی دەسەڵاتداری ئەودا باری کۆمەڵایەتی و ئابۆری ئینگلیز گەشەی کرد، ئەو ماوەیە بە سەردەمی "ڤیکتوریا" دەناسرێت. "ڤیکتوریا" رێگای دەست تێوەرنەدان لە کارو باری وڵاتی گرتە بەر. یەکەمین گەڵاڵەی ئەو کە لە ساڵی ١٨٣٢ پەسەند کرد، ریفۆرمێکی لە یاسای دەسەڵاتدا بۆ ئەنجوومەنی لۆردەکان و شاندی بەڕێوەبەری لە پارلمان پێك هێنا.

ساڵی ١٨٤٠ لەگەڵ خالۆزا ئەڵمانییەکەی "پرینس ئاڵبێرت" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. ساڵی ١٨٥١ پێکەوە پێشانگای





"کریستاڵ پلاس" (شوێنی بلوورەکان)یان کردەوە، هەر چەند شانازی ئەم کارە زیاتر بە "ئالبێرت" بڕا. پاشان بۆ دروست کردنی مۆزەخانەی سەنعەتی و کولتووری لە "کێنسینگتۆن" هەنگاویان نا. ساڵی ١٨٦١ "ئالبێرت" بە هۆی نەخۆشی "تیفۆئید" کۆچی دوایی کرد. "ڤیکتوریا" بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ پاش مەرگی ئەو، بە تازیەباری ماوە، کە لەو ماوەیەدا زۆر نەدوێن و بێدەنگ بوو. لە ساڵی ١٨٧٨ ئەویان بە ناوی شاژنی هێندیش ناو دەبرد. هەر چەند هەتا دوایی وەرگرتنی یووبیلی زێرین ساڵی ١٨٨٧ لە رێورەسمی ٥٠ ساڵی دەسەڵاتداری دا تەنیا جارێك دەرکەوتبوو. لە ماوەی دەسەڵاتداری ئەو دا پانتایی خاکی ئینگلیز بووە دوو ئەوەندە. هەروەها جگە لە سێ رووداوی زۆر بچووك، هیچ شەڕێك تێیدا رووی نەدا. هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئورووپاییەکان نەبوو. پارتەکانی ئازادیخوازو پارێزگارانی دامەزران. مافی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی بە پێی ریفۆرمە یاساییەکان لە ساڵەکانی ١٨٦٧و ١٨٨٤ بەربلاوتر کرا.

لە رۆژی ١٩٠١/١/٢٢ کۆتایی بە ژیانی "ڤیکتوریا" هات کە خاوەنی درێژترین تەمەنی دەسەڵاتدارییە. بەداخەوە بە مەرگی ئەو سەردەمی "ڤیکتوریا"ش تەواو بوو.

# Jeannette Rankin
## جینێتی رانکین



"جینێتی رانکین" رۆژی ١٨٨٠/٦/١١ لە نزیك میسولای "مونتانا" لەدایك بوو. ساڵی ١٩٠٢ خوێندنی لە زانکۆی "مونتانا" تەواو کرد. دوای ماوەیەکی کورت، چووە خوێندنگای مرۆڤدۆستی لە نیویۆرك. ساڵی ١٩٠٩ چووە "ستیلی" واشنتۆنو بڕیاری دا لە خزمەتگوزاریی‌یە کۆمەڵایەتییەکان دا کار بکات. پاشان لە ساڵی ١٩٠٩ هەتا ١٩١٤ لە شارەکانی "واشنتۆن"، "کالیفرنیا"و "مونتانا" پرۆپاگەندەی بۆ مافی دەنگدان بۆ ژنان بڵاو دەکردەوە. ساڵی ١٩١٤ بووە سکرتێری ئەنجوومەنی یاسادانەری نەتەوەی مافی دەنگدانی ژنانی ئەمریکا.

ساڵی ١٩١٦ "جینێتی" وەك یەکەمین ژن بە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبژێرا. ئەو یاسایەکی پێشکەش کرد کە تێیدا بۆ ژنان مافی هاووڵاتی سەربەخۆو راهێنانە تەندرووستییەکان لە ماوەی منداڵبوون، کاتی ساوایی





منداڵەکانیان دەستەبەر کرابوو، بەڵام داواکارییەکەی پەسند نەکرا. پاشان لە ساڵی ١٩١٧ بە دژی راگەیاندنی شەڕ لەگەڵ ئەڵمان دەنگی دا. ئەم کردەوەیەی بووە هۆی هاتنە خوارێی پێگەی‌و لە ساڵی ١٩١٨ کورسییەکەی لە پەرلەمان لە دەست دا.

ساڵی ١٩٤٠ جارێکی دیکە لە هەڵبژاردن دا توانی کورسییەك بۆ خۆی مسۆگەر بکات. کە ئەمجارەیان زیاتر بە هۆی دەرکردنی پلاتفۆرمی دژ بە شەڕ بوو. بەڵام جارێکی دیکە شکست رووی تێکرد. ئەم جارەیش بە هۆی دەنگدان بە دژی راگەیاندنی شەڕ لە بەرانبەر ژاپۆن" دوای زیان گەیشتن بە "پیرڵ هاربۆر" مێژوو بۆ ئەو دووپات بووە.(تەنیا کەسێك کە بە دژی راگەیاندنی شەڕ وەستا، ئەو بوو).ئەمجارە "جینێتی" وازی لە سیاسەت هێنا. ئەو لە چەندین رێکخرودا بووە ئەندام. بۆ وێنە: "یەکێتی بەکارهێنەرانی نەتەوەیی"، "یەکێتی نێونەتەوەیی ژنان بۆ ئاشتی‌و ئازادی". ساڵی ١٩٦٠ خانوویەکی کۆڕ گرتنی بۆ ژنانی "جۆرجیا" ساز کردو هەروەها لە هەوڵە دژ بە شەڕەکانی، شەڕی ویتنام بەشداری کرد. رۆژی ١٩٦٨/١/١٥ کاتێك لە تەمەنی ٨٧ساڵیدا بوو رێبەری زیاتر لە ٥٠٠٠ ژنی وەك "هێزی جینێتی رانکین" بە ئەستۆ گرت. کە بە دژی دوژمنەکانی "ئیندوچینا" لە پشت بینای پەرلەمان شەڕیان دەکرد.

"جینێتی" رۆژی ١٩٧٣/٥/١٨ لە "کارمێڵ"ی کالیفرنیا کۆچی دوایی کرد. ئەو چالاکێکی گەورەی دژ بە شەڕ بوو.

# Sally Ride
## سەلی راید



دوکتور " سەلی راید" دەڵێت: "داهاتووی ئێمە هەڵکەوتێکە لە منداڵەکانی ئەمڕۆو دۆزینەوە ئاسمانییەکانی سبەینێ".

" سەلی راید" رۆژی ١٩٥١/٥/٢٦ لە "ئەتسینۆ"ی کالیفرنیا لەدایك بوو. کاتێك تەمەنی گەیشتە دە ساڵی یاری تێنسی دەست پێکرد، هەستی کرد کە بە تەواوی هۆگری بووەو گەشەی تێدا کردووە. کاتێك گەورە بوو، چووە خوێندنگای کچانی "وێست لەیك" لە "لوس ئانجلیس"ی کالیفرنیا. ساڵی ١٩٦٨ چووە کولیژی "سوراتمور"، بەڵام بۆ بوون بە یاریکەری تنیس کولیژی بەجێ هێشت. ئەو دوای سێ مانگ تنیسی کارامەی بڕیاری دا جارێکی دیکە بچێتەوە کولیژ. ئەمجارە چووە زانستگەی "ستانفۆرد".

کاتێك تەمەنی گەیشتە ٢٧ ساڵ، بە کالریۆسی لە هونەرو





زانست وەرگرت. پاشان بڕوانامەی ماجێستێرو دواتریش دوکتورای وەرگرت. دوای ئەوەی گوێی لە داواکارییەکانی ناسا NASA بۆ گەشتیاری ئاسمانی بوو، داوای وەرگرتنی ئەو ئەرکەی کرد. ئەو لەگەڵ٢٨ پیاوو ٥ ژنی دیکە لە نێو ٨٠٠٠ پاڵێوراودا هەڵبژێردران. ساڵی ١٩٧٧ کاتێك کاری بۆ ناسا دەکرد، چووە دەورەیەکی راهاتنی گەشتیاریی ئاسمانی. پاشان ئەو وەك ئۆفیسێری پێوەندییەکانی گەشتێکی ئاسمانی کە دووهەمین و سێهەمین هەستانی "کولومبیا" لە مانگی یازدەی ١٩٨١و مانگی ٣ی ١٩٨٢ بوو، خزمەتی دەکرد.

ساڵی ١٩٨٣ وەك یەکەمین ژنە ئەمریکایی لە گەشتێکی ئاسمانی "چالنجێر"دا بەشدار بوو. ساڵێك دواتر جارێکی دیکە لەگەڵ "چالنجێر" سەفەری کرد. ساڵی ١٩٨٦ کاتێك نیازی وابوو لەگەڵ "چالنجێر"دا گەشت بکات، "چالنجێر" تەقیەوە "سەلی" نێردرایە ناوەندی سەرۆکایەتی ناسا لە واشنتۆن. لەوێ "ئۆفیسی دۆزینەوە"ی دامەزراندو راپۆرتێکی لە سەر بەرنامە ئاسمانییەکانی داهاتوو بە ناوی "رێبەری داهاتووی ئەمریکا لە ئاسمان دا" نووسی. "سەلی" لە ساڵی ١٩٨٧ دوای تێپەرکردنی زیاتر لە ٣٤٣ کاتژمێر لە ئاسماندا دەستی لە کاری "ناسا" کێشاوە. پاشان بووە لێکۆڵەرەوێکی زانست لە ناوەندی زانکۆی "ستانفۆرد" لە ئەمنییەتی نێونەتەوەیی و کونترۆڵی نیزامییەکان. ساڵی ١٩٨٩ بووە بەڕێوەبەری ئەنستیتیۆی ئاسمانی کالیفرنیا و

پروفیسۆری فیزیا لە زانکۆی "کالفرنیا"ی "سان دیاگۆ".

لە مانگی شەشی ١٩٩٩ بووە جێگری سەرۆك و ئەندامی شاندی بەڕێوەبەری ئاسمانی. هاوینی هەمان ساڵ بووە سەرۆك، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت دەستی لێ هەڵگرت. ئەو کتێبی زۆری بۆ منداڵان نووسیوە. هەروەها بیۆگرافی زۆر سەبارەت بە ژیانی ئەو نووسراوە. ئەو چەندین خەڵاتی وەرگرتووە. بۆ وێنە: میداڵیای گەشتی ئاسمانی نەتەوەیی، کە دوو جار وەری گرت. ئەو ئێستاش دەژی و خەریکی گۆرانکاری لە جیهانی ئەمڕۆمان دایە.





# Alexandra Romanov

## ئالێکساندر ڕۆمانۆڤ



"ئێلاین ڕێیز" سەبارەت بەو دەڵێت: "ئالێکساندرا پێش مەرگی بە کەسێکی خیلەسەر، ساردو بێدەنگ دەناسرا. بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵیدا دەژیان، گەرم، هاورێیانەو حورمەتگرو تەنانەت هێندێك جار کە ڕووبەرووی بێگانەکان دەبووەوە، شەرمێون بوو. من لەو باوەڕەدام ئەو ژنێکی تەواو بوو، بەڵام بە خراپی ڕەئی لە سەر ئەدرێ. ئەو دەبێ بۆ ئەو ئەمەك ناسییە بەرانبەر بە وڵاتو بنەماڵەکەی بوویەتی، بناسرێت."

ناوی ئەو بە تەواوی بریتییە لە: "ئالکس ڤیکتوریا هێلێنا لویس بیتریك ڤۆن هیس"، کە ڕۆژی ١٨٧٢/٦/٦ لە "دارمستات هێس"ی ئەڵمانیا لەدایك بوو. ئەو سەرەتای منداڵی لە "دارمستات"و "نیو پالاس" تێپەڕ کرد، بەڵام ماوەیەکی زۆر سەفەری بۆ وڵاتانی دەرەوە کرد، بە تایبەت بۆ بریتانیا. ئەو بۆ

دیتنی دایە گەورەی "شاژنە ڤیکتوریا"، بە زۆری سەردانی بریتانیایی دەکرد. بە هەوڵی دایە گەورەی ئەو لە بوارەکانی ئەدەبیات، جیۆگرافی، مۆسیقا، مێژوو، حیساب، ئایین و زمانەکان پەروەردە بوو. ساڵی ١٨٧٥ براکەی "فریتییە" بە هۆی نەخۆشی "هیمۆفیلیاوە" کۆچی دوایی کرد. سێ ساڵ دواتر دایکی و خۆشکی مردن. ئەو سەردەمە بۆ "ئالیکساندرا" کاتێکی تاڵ بوو.

ساڵی ١٨٨٤ لە ئاهەنگی گواستنەوەی خۆشکەکەی لە شەقامی "ستراسبۆرگی رووسیە" چاوی کەوت بە برازای زاوا. "تزارڤیچ نیکولاس رومانۆڤ" و "ئالێکساندرا"ئەویندارى یەك بوون. پێنج ساڵ دواتر لە ساڵی ١٨٨٩دا جارێکی دیکە یەکتریان بینیەوە. دوای ئەو دیدارە بەردەوام بە هۆی نامەوە لەگەڵ یەکتر لەپێوەندیدا بوون. ئەوان لە ١٨٩٤/٤/٢٠ دیاری کران و رۆژی ١٨٩٥/١١/٢٦ ژیانی هاوبەشیان پێك هێنا. ئەو پێوەندییەی ئەوان ئەویندارانە بوو تەنانەت رەزامەندی بنەماڵەکانیان وەرنەگرت. دوای ئەو پێك هاتنە بوو کە ناوی "ئالیکس" بووە "ئالێکساندرا فیودرۆڤنا رومانوڤ".

لەو کاتەوە "نیکۆلاس"و "ئالێکساندرا" لە روسیە رۆڵیان دەگێرا." "ئالێکساندرا" ئاڵوگۆری زۆری پێك هێنا. ئەو بە بەردەوامی بۆ گەشە پێدانی بارودۆخی چینی هەژار کاری دەکرد. چەندین خوێندنگای کچان و هەتیووخانەی بۆ هەژاران





دروست کرد، قوتابخانەیەکی بۆ راهێنانی پەرەستارو خزمەتکارەکان دانا، چەندین قوتابخانەو نەخۆشخانەیدیکەی دروست کرد یارمەتی خاچی سوورو هەموو رێکخراوە خێرخوازەکانی دیکەیدا. هەرچەند هەموو کەس بەرۆڵ گێرانی "رومانۆڤ" دڵخۆش نەبوو. بولشویکەکان گروپێکی دژ بەوان بوون و لە هەوڵی لە نێو بردنی خێڵی "رومانۆڤ"دا بوون. سەرەنجام ١٩١٨/٧/١٦"نیکولاس"،"ئالێکساندرا"، پێنج منداڵەکەیان و چوار خزمەتکارەکەیان بە شێوەی نهێنی، بەخێرایی و بێرەحمانە لە لایەن بولشویکەکانەوە کوژران. پێش روودانی ئەو کارەساتە بنەماڵەکە پێیان وابوو ئەوانە هاتوون وێنەیان لێ بگرن بەڵام ئەوان لای یەك کۆ بوونەوە بۆ ئەوەی تیرورێکی سەرکەوتوو سەربگرێ.

# Eleanor Roosevelt
## ئێلنۆر رۆزڤێلت



"ئیلینور رۆزڤیلت" رۆژی ١١/١٠/١٨٨٤ لە نیویورك لە دایك بوو. باوك‌و دایك‌و برایەکی پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە ١٠ساڵ کۆچی دواییان کرد. "ئێلینۆر"و برا زیندووەکەی لەلایەن خزمەکانیانەوە گەورە کران. کاتێك تەمەنی گەیشتە ١٥ ساڵ چووە قوتابخانەی کچانی شەوو رۆژی "ئالینسوود" لە لەندەن پێتەختی ئینگلیز. ساڵی ١٩٠٢ بە هۆی ئەوەی توانی بووی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگای بریتانیا رێك بخات ئەوێی زۆر بەلاوە خۆش بوو بەڵام ناچار بوو بگەرێتەوە نیویورك. پاشان لە یەکێك لە ناوچەکانی "مانهاتان" بووە مامۆستا.

رۆژی ١٧/٣/١٩٠٥ "ئێلینۆر" لەگەڵ ئامۆزایەکی بە ناوی "فرانکلین رۆزڤێلت" کەنیشتەجێی نیویورك بوو ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. ئەوان شەش منداڵیان بوو، بەڵام یەکێکیان هەر بە ساوایی مرد. "ئێلینۆر" ساڵی ١٩١١ بە ئەندامی "سەنا" هەڵبژێرا بەڵام لە ساڵی ١٩١٧ گەراوە بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان کاتێك شەڕ دەستی پێکرد سەردانی سەربازە زامدارەکانی دەکردو بووە ئەندامی چەك دارانی پاراستنی دەریاو سەربازێکی خاچی سوور. ساڵی ١٩٢١ بووە ئەندامی یەکێتی هاوپیمانی بازرگانی ژنان‌ورۆڵی ئەکتیڤی لە بەروپێش بردنی دیموکراسیدا گێرا. ئەو هەروەها بووە ئەندامی کومیتەی کاری یاسایی لە یەکیتی بۆ ژنانی دەنگدەر.

پاشان هاوسەرەکەی "ئێلینۆر" بووە سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان‌و ئەو بوو بە خاتوونی یەکەمی وڵات. "ئێلینۆر" بە بەردەوامی لەگەڵ هەواڵنێرانی ژن کونفرانسی رۆژنامەوانی دەگرت. ئەو بوو بە "چاوو گوێی" سەرۆك کۆمار هەموو رۆژێك ستوونێکی لە رۆژنامەدا بە ناوی "رۆژکەم" دەنووسی، یارمەتی باشکردنی ژیانی منداڵانی دەکرد، بۆ مسوگەر کردنی مافی بەرانبەر بۆکەمینەکان‌و ژنان هەوڵیدا. لە مافەکانی ئەفریقایی ئەمریکاییەکان پشتیوانی دەکردو یارمەتی پارتە سیاسیەکانی دا گیانێکی نوێ بە حکوومەت ببەخشن. ساڵی ١٩٤٥ "فرانکلین" مردو "ئێلینۆر" بە نوێنەر لە نەتەوە یەکگرتووەکان دا هەڵبژێردراو لە ساڵی ١٩٤٦ هەتا ١٩٥١ بووە سەرۆکی کومیسیۆنی مافی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨ یارمەتییەکی زۆری لە پێش نووسی، بەیاننامەی گشتی مافی مرۆڤ کرد. ساڵی ١٩٦١ لە لایەن سەرۆك کۆمار "جان کێنێدی"یەوە بە سەرۆکی کومیسیۆنی ژنان دانرا.

"ئێلینۆر" رۆژی ٧/١١/١٩٦٢ لە نیویورك بە هۆی نەخۆشی



سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا

"سیل" کۆچی دوایی کرد. ئەو لە "های پارک" ئەو شوێنەی هاوسەرەکەی ژیانی تیا کردبووو کتێبخانەکەیانی تێدا بوو بەخاک سپێردرا.





# Sakajawea
# ساکاجاویا(ساکاگاویا)



ئەگەر ناوی ئەو بە "ساکاجاویا" بخوێنینەوە واتە "بەلەمی هێرشبەر" بەڵام ئەگەر بە "ساکاگاویا" بێت بە مانی "ژنە باڵندە" کەیە. "ساکاجاویا" رۆلێکی گرنگی لە مێژوودا گێرا. ئەو ئاستی رێزو حورمەتی ژنانی ئەمریکاییە خۆجێییەکانی بردە سەرێ. ئەو ئەگەرە هەیە کە ئەو ساڵی ١٧٩٠ لە "ئیدا هۆی خۆرهەڵات" لە خێڵی "شۆشۆنی" ئەمریکاییە خۆجێییەکان لە دایک بوو بێت. کاتێک تەمەنی ١٠ ساڵ بوو لە لایەن خێڵی "هیداتسا"وە رفێندراو بردیان بۆ سنوورەکانی "داکوتا"ی باکوور. لەوێ بە بازرگانێکی قوماشی کانەدایی فەرەنسی بە ناوی "توسانیت چار بۆنیوو" فرۆشرا. پاش ماوەیەک ژیانی هاوبەشیان پێک هێناو "ساکاوجایا" بە خێرایی سکی پر بوو. دوای ماویەک "چاربونیو" لە لایەن شاندی

دۆزەرەوە کە "میریویدێرلویس"و "ویلیام کلارك" سەرپەرەستییان دەکرد، شاردراوە. پاشان داوای کرد "ساکاجاویا"و کورەکەی "جین باپتسیت" بێننە لای بە دوو هۆ بووو: یەکەم بۆ ئەوەی ئاسایش بۆ ئەو خەڵکەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکەن دەستەبەر بکات دووهەم پێویستییان بە وەرگێرو رێنیشاندەرێکی ئەمریکایی خۆجێی هەبوو.

کاتێك "چاربونیوو"، "کلارك"، "لویس"، "ساکاجاویا"و کورەکەی سەفەریان کرد سەبارەت بە "ساکاجاویا" لە رێگا ناخۆشەکانەوە تێدەپەرین. ئەرکی راگرتنی ئەسپ‌و خواردن‌و خۆراك‌و گەران بە دوای خواردنی دیکەدا کاتێك کە خۆراکیان روو لە کەمی دەبوو بە ئەستۆی ئەو بوو "کلارك" لەم سەفەرەدا هەموو شتێکی لەسەر ئەو نووسیوەو بەردەوام ستایشی کردووە. هەر کلارك بوو کە "جین باپتیستی"برد بۆ شەقامی "لویس" لە دەستی کەڵك ای‌وەرگرتنی "چاربونیوو"رزگاری کرد. "جین باپتیست" لەویٚ گەورە بوو، هەر "کلارك" بوو کە بۆ رێز گرتن لەو رووبارێکی ناونا "ساکاجاویا".

لێرە بەو لاوە بەسەرهاتی ئەو روون نییە. لە شوێنیك دا دەوتریٚ کە رۆژی ١٨١٢/١٢/٢٠ بە هۆی "پیاوێکی کوشەندەوە" "ساکاجاویا" کۆچی دوایی کردووە. بەراوردەکانی "کلارك" مەرگی ئەو پەسەند دەکات. بەڵام بۆچوونێکی دیکە هەیە کە دەڵێن: ژنێکی ئەمریکایی خۆجێی کە چەندین جار





ژیانی هاوبەشی پێك هێناوە و ژمارەیێکی زۆر منداڵی بووە لەگەڵ کورەکەی "جین باپتیست" یەك دەگرن ، ئەو ژنە بە "پۆرڤۆ" ناو دەبراو زۆر شتی سەبارەت بە سەفەر و گەڕان دەزانی، بە فەرەنسی قسەی دەکردو میدالیایەکی "جیف"ی کردبووە ملی، بە حورمەتەوە قسەی دەکردو "شوشون"ی‌یەکانی بە رێورەسمی سەمای خۆر دەناساند ئەو پشتگیری لە پێوستیییەکانی کشت‌و کاڵی "شوشون"ییەکان دەکرد. "یۆرڤۆ"رۆژی ١٨٨٤/٤/٩ کۆچی دوایی کردو لە "فورت واشاکی" بە خاك سپێردرا. مێژووناسان‌و زانایان لەو باوەرەدان ئەگەری ئەوە هەیە "یۆرڤۆ" هەمان "ساکاجاویا" بوو بێت. لەم دوایانەدا دۆلارێکی ئاسنی زێین بۆ بیرەوەری "ساکاجاویا" درووست کرا. بەرووەکەیەوە وێنەی "ساکاجاویا" کە "جین باپتیستی " لەگەڵ دایە دەبینریٚ‌و بە پشتەکەیەوە وێنەی هەڵۆیەك دانراوە کە رەمزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. ئەم کارە بۆ رێز گرتن لە "ساکاجاویا" بە هۆی گەشتەکانییەوە کە هەرگیز نەیتوانی بوو سەرکەوتوو بێت کرا.

# Margaret Sanger
# مارگارێت سەنجێر



"مارگارێت لویز هیگنیس" ڕۆژی ١٨٧٩/١١/١٤ وەك شەشەمین منداڵ لە نێوان ١١ خۆشك و برادا لە "کورنینگ"ی نیویورك لە دایك بوو. ساڵی ١٨٩٦ چووە کۆلێژی "کلاویراك"و ئەنیستیتوی ڕووباری "هودسان". چوار ساڵ دواتر بۆ بەرنامەی پەرەستاری نەخۆشخانەی "وایت پلاین" ناونووسی کرد. پاش دوو ساڵ لەگەڵ "ویلیام سەنجێر"یەکتریان ناسی و ژیانی هاوبەشیان پێك هێنا. ئەوان سەرەتا لە "هاستینگز"ی نیویورك نیشتەجێ بوون بەڵام ساڵی ١٩١٠ شاری نیویورك یان بۆ ژیان هەڵبژارد. لەوێ "مارگارێت" پێوەندی گرت بە کلوپی ئازادیخوازانەوەو کومیتەی نیویورکی پارتی سوسیالیستی ژنان، پاشان لەگەڵ مانگرتووەکان یەکی گرت کە لە مانگرتنەکانی ١٩١٢ی "لوریس"ی "ماساچووست"و ١٩١٣ی "پاتیرسبۆن"ی





نیوجێرسی بەشدار بوو.

لە ساڵی ١٩١٢ دەستی کرد بە نووسینی ستوونێکی ڕۆژانە سەبارەت بە سکس لە ڕۆژنامەدا کە لەژێر ناوی "ئەوەی کە هەموو کچان دەبێ بیزانن" بلاو دەبووەوە. ئەو لەسەر سنووردار کردنی بنەماڵەکان (واتە کەم منداڵی) باسی پێشکەش کردو لە بەرانبەر یاسای "کومستۆك" کە لە ساڵی ١٨٧٣ پەسند کرا بوو ڕاوەستا بەو باوەڕەی بەربەست کردنی منداڵ بوون سوود بەخشە. مانگی ٣ی ١٩١٤ کتێبی "شۆڕشی ژن"ی چاپ کرا بەڵام بەرگری لە بلاوبونەوەی کرا. ئەو بە پێشێلکەری یاسا ناوبرا، بەڵام لە مانگی ئۆکتۆبردا بە دانانی بەرتیل ڕزگاری بوو. پاشان نازناوی "دبێرتا واتسون"ی بۆ خۆی دانا چوو بۆ ئینگلیز لەوێ ١٠٠٠٠٠ بەرگی لە نامیلکەی "سنووردار کردنی بنەماڵە" بڵاو کردەوە کە نێوەڕۆکەکەی کۆمەڵێك زانیاری بوو لەسەر بە کار هێنانی ماددەی دژ بەسك پڕی.

ساڵی ١٩١٥ مارگارێت گەراوە بۆ وڵاتەیەکگرتووەکان لەگەڵ ململانێ بۆ چالاکییەکانی ڕووبەڕوو بوەوە. بەڵام لە ناکاو کچەکەی مردو دەستی لە ململانێ هەڵگرت. دوای ماوەیەکی کورت بۆ پروپاگەندەی بەربەست کردنی منداڵ بوون سەفەرێکی جیهانی ڕێکخست. لە ساڵی ١٩١٦ لە "بروکلین"ی نیویورك تیمارگەیەکی بۆ چاودێری لە "یەکەمین"منداڵبوون کردەوە. پاشان هێرشی کرایە سەر تیمارگەکە، داخراو خۆیشی گیرا.

بەڵام کۆڵی هەر نەدا. ساڵی ١٩٢١ یەکیتی چاوەدێری کردنی منداڵ بوونی ئەمریکایی دامەزراندو ساڵی ١٩٢٣ تیمارگەیەکی نوێی یاسایی بۆ چاوەدێر کردنی لە منداڵ بوون دامەزراند کە بە ناوی "مەکتەبی لێکۆڵینەوەی تیمارگەی چاوەدێری لە منداڵ بوون" دەناسرا. ساڵی ١٩٢٩ "مارگارێت" کومیتەیەکی نەتەوەیی لە ئەنجوومەنی فیدراڵ بۆ چاوەدێری کردن لە منداڵ بوون پێك هێنا. ساڵێك دواتر "ناوەندی زانیاری نیونەتەوەیی چاوەدێری لە منداڵ بوون"ی درووست کرد. ساڵی ١٩٣٦ یاسای "کومستوك"بە دوای دادگای وڵاتە یەکگرتووەکان هەڵوەشایەوە. ساڵی ١٩٣٩ "مارگارێت"، "یەکیتی چاودێری کردن لە منداڵ بوونی ئەمریکایەکان "ی لەگەڵ "مەکتەبی لێکۆڵینەوەی تیمارگەری چاوەدێری منداڵ کردن لە بوون" تێکەڵ کرد. کە دواتر بە "پلانەکانی بنەماڵەیی" ناسرا. ساڵی ١٩٥٢ "فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی چاوەدێری کردن لە منداڵ بوون"ی دامەزراندو خۆی هەتا ساڵی ١٩٥٩ سەرۆکی ئەو رێکخراوە بوو. دواتر لە ساڵی ١٩٦٢دا دادگای بەرز چاوەدێری کردن لە رێژەی منداڵ بوونی بۆ هاوسەرەکان بە سوود بەخش زانی. رۆژی ١٩٦٦/١١/٦ "مارگارێت" کۆچی دوایی کرد.





# Sappho

## ساپۆ



ساپۆ دەڵێت "من لەو باوەرەدام لە سەردەمێکی دیکەدا، کەسێك ئێمەی وەبیر بێتەوە".

سەبارەت بە ژیان و کاری "ساپۆ" زۆرشت نازانریً زیاتر بەو هۆیەی ئەو لە سەردەمی پێش زایین ژیاوە. ئەو ٦١٣ ساڵ پێش لە دایك بوونی مەسیح لە دوورگەی "لیسڤۆس"ی یونان چاوی بە دونیا هەڵێنا. لە تەمەنی ٦ ساڵیدا هەتیوو کەوت، "ساپۆ" ناوی کچەکەی لە دایکی" کلێیس"گرتەوە. ئەگەری ئەوە هەیە هاوسەرەکەی و باوکی کچەکەی "سێرکیلاس" بووبێت، کە لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. "ساپۆ" بە هۆی چالاکییە سیاسییەکانی بۆ "سیسیلی" دوور خرایەوە. بەڵام ئەو زیاتر بە هۆگری سکس دەناسرا. زیاتر بایەخی بە رەگەزەی مێو دەدا بەڵام لە راستیدا هۆگری بە پێوەندی سکس لەگەڵ هەردوو رەگەز هەبوو.

شتێکی دیکە کە "ساپۆ" زۆر پێوە دەناسرێ، شیعرەکانیەتی. ئەو شیعرەکانی بۆ هاورێکانی بە تایبەت ژنان بە زاراوای ئایولیك و لەسەر وەزنی جۆراوجۆر دەنووسی. ئەو هەروەها گۆرانی شیعری ئامادەو پێشکەش دەکرد کە پێی دەوترا "ئێپیدالمیوم" کە زیاتر باسی لە ژیانی هاوبەش دەکرد. بەڵام لە هەر حاڵەتێك دا "ساپۆ" گرنکترین بەشەکانی لە نووسین دا بۆ عێشق تەرخان دەکرد. لە سەدەی دووهەم و سێهەمی پێش زایین، "ئارسیتوفاس" و "ئاریستا چورس" کارەکانی "ساپۆ"یان لە نۆ کتێب داو بەپێی وەزن رێکخست. ئەم کارانە نەك هەر لەسەر شیعری رۆمانییەکان بەڵکو کاریگەری لەسەر هەموو ئەدیبان دانا. هەر چەند ٥٠٠ ساڵ پێش زایین نووسینەکان رێگەیان پێدرا بلاوبنەوە ئەو کاتە بوو کە کەسانی دیکە چاپی دەکردن. لە ساڵی ١٨٩٠ بەدواوە بوو کە ئەوەندەی پێویست بوو شیعرەکانی کۆ کرانەوە. ساڵی ١٩٢٥ یەکەمین کۆ کراوەی شیعری "ساپۆ" لەلایەن بلاوکراوەی زانکۆی "ئاکسفۆرد"ەوە چاپ کرا. زۆربەی کارەکانی لەت لەت و پارچەپارچە بوون."ساپۆ" ٥٧٥ ساڵ پێش زایین کۆچی دوایی کرد ئەو یەکەمین نووسەری ژن و کەسایەتییە، کە ئەدەبیاتی ژنانی بەرهەم هێنا. "پلاتۆ"، "ساپۆ" بە "خواوەندی دەهەم" ناو دەبات و ئێستایش بە "خواوەندی ئەویندارانی لێزبیەن" واتە ئەو کەسانەی هۆگری پێوەندی سکسی لەگەڵ هاو رەگەزەی خۆیان دەناسرێت.





# Rose Scheiderman

## رۆز شیندێرمان




"رۆز شیندێرمان" دەڵێت:" ژیانی پیاوان و ژنان ئاسان و داراییەکان بە بایەخە. بۆ وەرگرتنی هەر کارێك ئەوەندە داواکار هەن کە ئەگەر ١٤٠کەس لەوان بمرێت هێشتا هیچ نەگۆراوە".

"رۆز شیندێرمان" ساڵی ١٨٨٤ لە پۆلەندا لە دایك بوو. لە دەوری ساڵی ١٨٩٠دا بنەماڵەکەی چوونە وڵاتە یەکگرتووەکان و لە نیویورك نیشتەجێ بوون. رۆز لە تەمەنی ١٣ ساڵییەوە خەریکی دوورینی کڵاو بوو. دوای چەندین ساڵ کار لەو بەشەدا ساڵی ١٩٠٥ یەکیتییەکی لە بازاری جل وبەرگ و کڵاو پێك هێنا کە بۆ مانگرتن لەگەڵ ژنان یەکیان دەگرت.

ساڵی ١٩٠٧ "روز" بووە جێگری سەرۆکی لقی نیویورکی یەکیتی هاوپیمانی بازرگانی ژنان، لە ساڵی ١٩١٧ هەتا ١٩١٩ خەریکی دامەزراندنی لقەکانی ئەو یەکیتییە لە هەرێمەکانی خۆرهەڵات بوو. ساڵی ١٩١٨ بووە سەرۆکی لقی نیویورك، ساڵی

١٩٢٨ بووە سەرۆکی گشتی یەکیتی هاوپیمانی بازرگانی ژنانی نەتەوەیی.

لە ساڵی ١٩٣٧ هەتا ١٩٤٤ "رۆز" لە وەزارەتی کاری ئەیالەتی نیویورك كاری دەكرد، هەروەها لە درێژایی ساڵەکانی ٣٠دا هاوکاری لەگەڵ "فرانكلین" و "ئیلینۆر رۆز ڤێڵت" دەكردو ئەندامی فەرمی ئیدارەی گەشە پێدانی نەتەوەیی بوو. هەر بە هۆی ئەم دۆستایەتییەوە ئەو بووە یەكێك لە یاریدەرانی فیكری "فرانكلین".

"رۆز" لە ساڵی ١٩٧٢ كۆچی دوایی كرد. ئەو یارمەتیدەری پرۆپاگەندەی گەلاڵەی مافی دەنگدان بۆ ژنان بوو.





# Gloria Steinem

## گلۆریا ستینم



گلۆریا دەڵێت:"سەبارەت بە رابردووت چ سەیرو سەمەر بێتو چ ئاسایی نیگەران مەیە کەڵکی لێ وەرگرەو ژیانی لەسەر بنیات بنێ"[٧].

"گلۆریا ماری ستینم" ١٩٣٤/٣/٢٥ لە "تۆلیدۆ"ی "ئوهایۆ" لە دایك بوو. بەو هۆیەی بنەماڵەکەی بە زۆری لە سەفەردا بوون لە جێی خوێندن لە قوتابخانە لە لای دایکی دەیخوێند. لە ساڵی ١٩٤٤ دایكو باوکی لێك جیا بوونەوە ئەو لەگەڵ دایکی گەراوە چوو بۆ "تولیدۆ". لە تەمەنی دە ساڵیدا بە ناچاری ئەرکی چێشت لێنان، پاكو خاوێنی، کڕینی خۆراك لە بازارو چوونە قوتابخانەی کەوتە ئەستۆو وێرای ئەوەش ئاگاداری لە دایکی نەخۆشی دەکرد. "گلۆریا" فیلمی "هەتیوەکانی شێرلی تێمپل"ی بەلاوە سەرنج راکێش بوو، چونکە هەموو کات "شێرلی " باوك دایکانی بە ئاکامی باش دەگەیاند.

"گلۆریا" لە کاتی تێپەراندنی ساڵانی کۆتایی خوێندنی لە

دواناوەندی، لەسەر بانگهێشتی خۆشکی چووە "واشنتۆن دی سی"، لەوێ لە ساڵی ١٩٥٢ لە کۆلێژی "سمیت" وەرگیرا. ئەو لە بەشی یاسای نێودەوڵەتی دەیخوێندو لەسەر وڵاتی سوئیس لێکۆڵینەوەی دەکردو بۆ ڕۆژنامەی کولێژیش وتاری دەنووسی. لە سەرەتادا کاتێك زانی دایکی نەخۆشی وەك نەخۆشە پیاوەکان دەرمان ناکرێ، بووە "فێمێنیست ". لەو ساڵانەدا سەفەرێکی کرد بۆ وڵاتی هێندو لەوێ لەسەر فێمێنیستو مافی ژن قسەی کرد. کاتێك گەراوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بە هۆی ژن بوونی نەیتوانی کارێك بەدەست بێنێت.

سەرەنجام گلۆریا لە لایەن گۆڤاری "یارمەتی"یەوە وەك جێگری سەرنووسەر وەرگیرا. لە هەمان کاتدا وتاری بۆ گۆڤاری "ئیسکویر"و چەند گۆڤارێکی دیکە دەنووسی. ئەو بڕیاری‌دا بۆ دەرخستنی نهێنیو نووسینی وتارێك لەسەر جیاوازی دانانو ئازادی سکس بچێتە سیمای ژنە خزمەتکارێکی دەستە مۆی پیاوە مێبازەکان. ئەو وتارە لە مانگی ٦ی ١٩٦٣ بڵاو کراوە، بەڵام کاردانەوەی زۆری نەبوو.

پاشان "گلۆریا" بە نووسین کاری لەگەڵ بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دەکردو راپۆرتێکی لەسەر پرۆپاگەندەی سەرۆك کۆماریی بۆ "سەناتۆر جورج مەك گوڤێرن" نووسی. ئەم وتارە بووە رێخۆشکەرێك بۆ وەدەست هێنانی کار لە گۆڤاری نیویورك دا. ئەو لەو کارە بە نووسینی وتار لەسەر فێمنیزم کەڵکی





وەرگرتو بە دوادا چوونی لەسەر بزوتنەوەی "سارا"و "ئانگلینا گریمك"و "بزووتنەوەی ئازادی ژنانی بیتی فریدان" لە نووسینەکانیدا رەنگی ئەداوە.

"گلۆریا" لە مانگرتنی ژنانی نیویورك بۆ مافی بەرانبەری بەشداری کردو لەگەڵ "دروسی تپمەن" رێکخراوێکی بە ناوی "ئالیانسی چالاکی ژنان" دامەزراند، کە بەرنامەکانی پەروەردە کردنی ژنان بوو. ساڵی ١٩٧٢ گۆڤارێکیان بە ناوی "MS" بڵاو دەکردەوە هەر لەو ساڵەدا گۆڤاری "مەك کۆڵ" گلۆریای وەك ژنی ساڵ ناساند.

ئەو کارە جۆراوجۆرانەی دیکە کە "گلۆریا" کردوویەتی بریتین لە : وتووێژ لەسەر یاسایی کردنی لە باربردنی منداڵ، دامەزراندنی بنیاتی MSو بنیاتی ژنان کە هاوپیمانیەك بوو لە نێوان ژنانی یەکگرتووی کرێکارو ئەنجوومەنی سیاسی نەتەوەیی ژنان، چاپ کردنی ئەم بەرهەمانە:" کارە درندەکانەو بەرنگارییەکانی رۆژانەی ماریلین" لە ساڵی ١٩٨٣دا، "نورماچینو شۆرشەکانی نێوخۆ"، کتێبێك لەسەر "شانازی بەخۆ" لە ساڵی ١٩٩٢و "گۆرینی بەڵێنەکانی دواتر" لە ساڵی ١٩٩٤دا.

# Lucy Stone

## لوسی ستۆن



"لوسی ستۆن" ١٨١٨/٨/١٣ لە "بروکفیڵد"ی خۆرئاوای "ماساچوست" لە دایك بوو. ئەو یەکەمین ژن بوو چووە کولێژی "ئوبێرلین"لە "ئوهایۆ"و ساڵی ١٨٧٤ خوێندنی تەواو کرد. پاشان بووە یەکێك لە وتاردەرانی دژ بە کۆیلەیی لە "ماساچوست" ئەو لە پێوەندی لەگەڵ مافی ژنیش قسەی دەکرد.ساڵی ١٨٥٠ ئەو یەکەمین ئەنجوومەنی مافی ژنانی دامەزراند.

ساڵی ١٨٥٥ "لوسی" لەگەڵ یەکێك لە لایەنگرانی هەڵوەشاندنەوەی کویلەیی بە ناوی "هێنری بلاك وێل" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. "لوسی" بە پێچەوانەی نەریت نازناوی خۆی واتە "ستۆن"ی ڕاگرتو لە نازناوی مێردەکەی کەڵکی وەرنەگرت کە ئەویش نیشاندەری رەخنەی ئەو سەبارەت بە نایەکسانی ژنو پیاوە. "لوسی" پشتیوانی لە یەکیتی ئەمەك





ناسی نەتەوەیی ژنان دەکرد کە لە ماوەی شەڕی مەدەنیدا لە لایەن "سوزان ئانتونی"و "ئێلیزابێت کەدی ستانتون"ەوە بەرێوە دەچوو.

ساڵی ١٨٦١ "لوسی" بە سەرۆکی ئەنجوومەنی مافی دەنگدانی ژنانی "نیوجێرسی" هەڵبژێرا، ئەو رێکخراوەی کە خۆی یارمەتی درووست بوونی کرد بوو. هەر لەو ساڵەدا "لوسی" چوو بۆ "کانزاز"و "نیویورك" هەتا لەگەڵ ئەو ژنانەی پرۆپاگەندەیان بۆ گەلاڵەی دەنگدان بۆ ژنان دەکرد یەك بگرێت. ساڵی ١٨٦٨ "ئەنجوومەنی مافی دەنگدان بۆ ژنانی "نیوئینگلەند"ی رێکخست.

لە مانگی ١١ی ساڵی ١٨٦٩دا " ئەنجوومەنی مافی دەنگدان بۆ ژنانی ئەمریکا" دامەزراند. ئەم رێکخراوە یارمەتی بۆ گۆڤارێکی حەوتووانە بە ناوی "رۆژنامەی ژنان" کۆ دەکردەوە کە یەکەمین ژمارەی ساڵی ١٨٧٠ بڵاو بوەوە. ساڵی ١٨٧٢ "لوسی" بە هاوبەشی هاوسەرکەی بوونە سەرنووسەری گۆڤارەکە.

دوای ساڵی ١٨٩٠ "لوسی" هەتا کاتی مردنی بووە ئەندامی شاندی بەرێوەبەری ئەنجوومەنی نەتەوەیی مافی دەنگدان بۆ ژنانی ئەمریکا. رۆژی ١٨٩٣/١٠/١٨ لە "بۆستۆن "ی "ماساچوست" کۆچی دوایی کرد.

# Harriet Beecher Stowe

## هاریەت بیچێر ستوو



"هاریەت بیچێر ستوو" ١٨١١/٦/١٤ لە "لیچفایلد"ی "کانتیکێت" لە دایك بوو. بنەماڵەکەی خاوەنی سێزدە منداڵ بوون. باوکی ئاموژگاریکەرێکی "گالڤینسیت"ەکان بوو کە چاوەڕوانی بوو کورەکانیشی ببنە ئاموژگار. بە هۆی ئەو شێوازە پەروەردەیە کە بۆ ئەوانی گرتبووە بەر، دوو کوری خۆیان کوشت. لە "هاریەت"و خۆشکەکەی چاوەروانی دەکرا ببنە ژنە "گالڤینیست"ێکی باش. "کاترین"ی خوشکی خویندگایەکی ئایینی بەناوی "خوێندگای ئایینی ژنانی هارتفورد" دامەزراندو "هاریەت" دوای خوێندن هەتا ساڵی ١٨٣٢ لەوێ دەرسی دەوتەوە. ساڵی ١٨٣٢ باوکی"هاریەت" بووە سەرۆکی خوێندگای زانستی ئایینی "لەین" لە "سینسیاتی ئۆهایۆ" هەر بۆیە هەموو بنەماڵەکەیان کۆچیان کرد بۆ ئەوێ. "هاریەت"





چەندین هاورێی هەبوو کە تەنیا هاورێی راستەقینەی "ئێلیزا تایلێر" بوو. "ئێلیزا" لەگەڵ پیاوێك بە ناوی "کالڤین ستو" کە لە خویندنگای زانستی ئایینی "لەین" مامۆستا بوو، ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. نزیك بە ساڵی ١٨٥٣ ساڵێك دوای ئەوەی "هاریەت" دەستی کرد بە نووسین "ئێلیزا" مرد. "هاریەت" بە دوای مەرگی "ئێلیزا" دا دڵنەوایی "کالڤین"ی دەکردو ساڵی ١٨٣٦ بڕیاریان دا بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئەو ژیانی هاوبەش پێك بێنن.

ئەوان حەوت منداڵیان بوو. یەکەم جار دوو کچی دووانەی بوو کە ناویان لێنان "ئێلیزا"و "هاریەت"."کالڤین" لە ساڵدا ٦٠٠ دۆلاری وەردەگرت کە زۆر کەم بوو بۆ ئەوەی بتوانێ بنەماڵەکەی بەرێوەبەرێ. بۆیە هەر کات پێویستییان بە پارە بوایەت "هاریەت" دەستی دەکرد بە نووسین لەبەرانبەر هەر لاپەرەیەك نووسین دا ٢ دۆلاری وەردەگرت. ساڵی ١٣٨٣ "هاریەت" یەکەمین کتێبی خۆی بە ناوی "خونچەی گوڵەکان" چاپ کرد. پاشان لە ساڵی ١٨٥٠دا "کالڤین" لە کۆلێژی "بودۆین" لە "برانسویکی ماین" بوو بە مامۆستای ئاشکرا کردنو سروشتی ئایین. هەر لەو ساڵەدا یاسای کۆیلە هەڵاتووەکان پەسند کرا کە تێیدا ئەو کۆیلانەی لە باکوور گیرا بوون، ناچار دەکران بگەرێنەوە بۆ لای خاوەنەکانیان، ئەمە بووە ئیلهامێك بۆ "هاریەت" لە نووسینی "کەپری مامەتۆم".

ساڵی ١٨٥١ "کەپری مامەتۆم" بە شێوەی دەورەی لە گۆڤارێك بەناوی "سەردەمی نەتەوەیی" کە زیاتر روخساری رۆژنامەیەکی بوو، بڵاو بووەوەو لە "واشنتون"یش لە رۆژنامەیەکی لایەنگری رزگاری کۆیلەکان چاپ کرا. دوای ماوەیەکی کورت لە لایەن کەسێکەوە کە کاری چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی دەکرد، پێشنیارێك بۆ "هاریەت"هات کە ئەوانە بکاتە کتێب. هەروەها وتی ئەگەر خەرجی ئامادەکردنی ئەو کتێبە دابەش بکەن، هەرکامیان دەتوانن نیوەی قازانجەکەی وەرگرن. "هاریەت" نەیتوانی خەرجەکەی کە ٥٠٠ دۆلار بوو بدات، لە جێی ئەو بڵاوکەرەوە کە خەرجەکەیداو "هاریەت" تەنیا ١٠لە سەدی قازانجەکەی وەرگرت. ساڵی ١٨٥٢ "کەپری مامەتۆم" وەك کتێبێکی تەواو چاپ کرا. هەر رۆژی یەکەم ٣٠٠٠ دانەو لە حەوتووی یەکەم دا ١٠٠٠٠ دانەی لیٚ فرۆشرا .رێژەی فرۆشی ساڵی یەکەم گەیشتە سیٚ سەد هەزار دانە کە سەرجەم دەیکردە ١٠٠٠٠ دۆلار.

ساڵی ١٨٦٠ ئەو کتێبە بۆ سێهەمین جار لە بریتانیا، دوازدە جار لە ئالمانیا، پێنج جار لە فەرەنسەو ٢٣ جار لە وڵاتانی دیکە چاپ کرا. وێرای بایەخی ماڵی بۆ "هاریەت" بۆچوونی ئەویشی بەرانبەر بە کۆیلە بڵاو کردەوە. "کەپری مامەتۆم" هەتا ئەو کاتە یەکەمین کتێبی ئەمریکا بوو کە یەك ملوێن دانەی لیٚ فرۆشراو تەنانەت لە سەدەی نۆزدەدا لە هەموو کتێبێك فرۆشی زیاتر بوو.





ساڵی ١٨٥٣ کتێبێکی دیکەی بۆ هاورێیەتی لەگەڵ "کەپری مامەتۆم" بە ناوی "کلیلێك بۆ کەپری مامەتۆم" نووسی. ئەم دوو کتێبە بوونە هۆی ئەوەی زۆر پەیامیتوورەیی و بێزاری بەدەست بگات. ئەو نامەیەکی بەدەست گەیشت کە لە ناو نامەکەدا گوێچکەی کۆیلەیەکی تێدا بوو، هەروەها تێیدا هەڕەشە کرا بوو ئەگەر واز لە نووسین نەهێنیٚ و لەوە خراپتر لەگەڵ کۆیلەکان دەکەن. بەڵام "هاریەت" وازی نەهێناو چەند کتێبێکی لەسەر کۆیلەیی لە ناوەراستی ساڵەکانی ١٨٥٠ دا نووسی. لە ساڵی ١٨٥٩دا "هاریەت" گەراوە سەر نووسینی ئایینی. ئەو دوای ٨٥ ساڵ تەمەن ساڵی ١٨٩٦ لە "کانتیکێت" کۆچی دوایی کرد.

# Harriet Russell Strong
# هاریەت روزێڵ سترونگ




جاریکی دیکە بە ناچاری باس لە ژنێك دەکەم کە مێژوو زۆر شتی لەسەر دەرنەخستووەو زانیارییەکان سەبارەت بەو کەمن. لە راستی کەسێکی دیکە لە چەشنی ئەو (مەبەست کارەکەی ئەوە) لە ناو ئەم کتێبە دا نییە.

"هاریەت روزێڵ سترونگ" ساڵی ١٨٤٤ لە "ئوکلەند" لە دایك بوو. ئەو ئەندازیارو گەڵاڵە دارێژەری بیناسازی بوو. "هاریەت" چەندین سەدو شوێنی راوەستانی ئاوی درووست کرد. باوەر بە چاوەدێری کردن‌و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو، یەکێك لە تایبەتمەندەکانی ئەو بوو.

لە ماوەی شەڕ جیهانی یەکەم دا خۆراك رووی لە کەمی بوو. ئەو لە واشنتون پێشنیارێکی دا بۆ رووبەرو بوونەوە لەگەڵ کەمی خۆراك. لە پلانەکەیدا کەڵك وەرگرتن لە "کانیونی گەورە"





وەك سەرچاوەی ئاو بە لادانی رووباری "کولاردۆ"بۆ ناو ئەو کەوتبووە بەرباس. بەڵام لە لایەن کۆمیتەیەکی کونگرەوە گەڵاڵەکەی رەت کرایەوە. هۆکارەکەیشی تەنیا لە بەر ژن بوونی "هاریەت" بوو.

هەر بۆیە بە دوای ئەو رووداوەدا "هاریەت" پاشماوەی ژیانی بۆ خەبات لە پێناوی مافی ژن‌و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو تەرخان کرد. ئەو لە ساڵی ١٩٢٩ کۆچی دوایی کرد بەڵام بە پێی پێویست سەبارەت بەو زانیاری مێژوویی لەبەردەستدا نییە، جارێکی دیکەیش بە هۆی نەبوونی زانیاری تەواو لە سەر ئەم ژنە داوای لێبوردنم هەیە.

# Bertha Van Suttner

## بێرتا ڤان سوتنێر



"بێرتا ڤان سوتنێر" مانگی ٦ی ساڵی ١٨٤٣ لە "پراگی بوهیمیا"ی ئێمپراتۆری نەمسا لە دایك بوو. ساڵی ١٨٧٣ لە ماڵی "سوتنێر" کاری دەکرد، بووە دەستگیرانی ئەندازیارو رۆمان نووس "بارون ئارتور گونداك سار ڤان سوتنێر" پێوەندی بنەماڵەکانی لەگەڵ یەك ناجۆر بوو، هەر بۆیە "بێرتا" بووە سکرتێری ماڵی "ئالفرید نوبێل" لە پاریس‌و بە شێوە نهێنی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ ئارتۆر پێك هێنا.

ساڵی ١٨٨٩ "بێرتا" رۆمانی گەورەی خۆی لە ژێر ناوی "سپاکانتان هەڵوەشێننە" چاپ‌و بڵاو کردەوە. نێوەرۆکی ئەم رۆمانە بابەتێکی ئاشتیخوازانە بوو کە لەگەڵ هەموو جۆرە شەڕو دوژمنکاری‌یەك بەربەرەکانی ئەکردو باوەڕێك بوو کە داوای دەکرد کێشەکان نەمێنن‌و توندوتیژی جێگای خۆی بدات بە





ئەمنییەت‌و ئاشتی. ئەو رۆمانەی ئەو هەڵگرتنەوەی نموونەیەك بوو لە "کەپری مامەتۆم"ی "هاریەت بیچێر ستوو". "بێرتا" ساڵی ١٨٩١ رێکخراوێکی ئاشتیخوازی دامەزراند.

"بێرتا" هەتا ساڵی ١٨٩٦ ئەو کاتەی "ئالفرید نوبێل" کۆچی دوایی کرد، لە گەڵیدا لە پێوەندیدا بوو. دوایین چاوپێکەوتنیان لەگەڵ یەکتر لە مانگی هەشتی ساڵی ١٨٩٢، لە کونفرانسی ئاشتی شاری زۆریخ بوو، ئەو کونفرانسە لە لایەن "بێرتا"وە بەڕێوەچوو. ئەو بیرۆکەیە هەیە کە لەوانەیە کاریگەری "بێرتا" بوو بێت کە ئەو خەڵاتی ئاشتی نوبێلی دامەزراند. رەنگە ئەگەر ئەو نەبوایە "ئالفرید نوبێل" ئەو کارەی نەکردایە.

لە ساڵی ١٨٩٢ هەتا ١٨٩٩ "بێرتا" بووە سەرنووسەری رۆژنامەیەکی نێونەتەوەیی ئاشتیخوازانە کە ناوی باشترین رۆمانی خۆی واتە "سپاکانتان هەڵوەشێننەوە"ی لە سەر دانا بوو. ساڵی ١٩٠٥ خەڵاتی ئاشتی نوبێلی وەرگرت.

"بێرتا" ١٩١٤/٦/١٢ لە "ڤییەن" پێتەختی نەمسا کۆچی دوایی کرد. ساڵی ١٩١٩ "ئێلێن ك. س. کەی" کتێبێکی لە سەر ئەوو "فلورانس نایتینگڵ" نووسی.

# Emma Tenayuca
## ئێما تێنایوکا



"ئێما تینایوکا" ١٩١٦/١٢/١٢ لە "سەن ئانتونیو"ی "تێگزاز" لە دایك بوو. بەو هۆیەی بنەماڵەکەی خاوەنی ١١ منداڵ بوون. ئەو هەر لە سەردەمی منداڵییەوە بۆ ئەوەی قورساییەك لە سەر شانی بنەماڵەکەی کەم بێتەوە، لای دایە گەورەو باوەگەورە ی ژیانی بەسەر دەبرد. کاتێك تەمەنی گەیشتە ١٦ ساڵ، پێوەندی گرت بە بزووتنەوەی کرێکاران و هەموو شتێکی سەبارەت بە مانگرتنەکانی کۆمپانیای "جگەرەی فینك" زانی. ئێما ساڵی ١٩٣٤ خوێندنی لە دواناوەندی تەواو کردو بووە ئوپیراتۆری ئاسانسۆر (مەصعەد) ئەو کاتەی لە بزوتنەوەی کرێکاران دا بوو، جارێك بە هۆی ئەوەوە ڕێخۆشکەری مانگرتنەکانی کومپانیای "جگەرەیفینك"ی دەکرد، گیرا.

ساڵی ١٩٣٧ "ئێما" بووە سکرتێری گشتی ١٠ بەش لە ئالیانسی کرێکاران، پاشان لە مانگی یەکەمی ساڵی١٩٣٨ داوایان لێکرد ببێتە نوێنەری مانگرتووان لە کاری دارگوێزەکان





دا. "ئێما" ئەو بەرپرسایەتییەی وەرگرت. کێشەکە ئەوە بوو کە تۆزی گوێزەکان مەترسی نەخۆشی سیلی دەبردە. سەری ئەوان خانووی ڕێكوپێك بۆ پشوودان و کەل و پەلی خاوێن کردنەوەیان لە بەر دەستدا نەبوو هەروەها بە شێوەیەکی ناعادیلانە مووچەکەیان لێبڕا بوو.

ماوەیەك دواتر لە ١٩٣٩/٨/٢٥ لە کۆبوونەوەی پارتێکی بچووکی کۆمۆنیستی کە لە تەلاری شارەوانی بەڕێوە دەچوو قسەی کرد بەڵام لە ناکاو لە لایەن ئەو کەسانەوە کە بە توندی دژ بە کۆمونیستەکان بوون، قسەکانیان پێبڕی، لە کۆبوونەوەدا شەڕو پێکدادان دەستی پێکرد. هەر چەند "ئێما" توانی بە ساغی بچێتە دەرێ، بەڵام لە دوای ئەو رووداوە بەردەوام هەڕەشەی مەرگی لێدەکرا. بەدوای ئەو کارەساتەدا ناوی "ئێما" کەوتە ناو خشتەی رەشەوە بە ناچاری "سەن ئانتینۆ"ی بە جێهێشت. ئەو چووە شاری "سەن فرانسیسکۆ" پاشان لە ساڵی ١٩٥٢دا بڕوانامەی مامۆستایی وەرگرت. دوای ماوەیەك ڕێگای پێدرا بگەڕێتەوە "تێگزاز" و لە قوتابخانەی "هارلەندال" بووە مامۆستا. ساڵی ١٩٧٤ چووەوە زانکۆ بڕوانامەی ماجێستری لە پەروەردە دا وەرگرت. لە ساڵی ١٩٨٢ خانەنشین کرا.

"ئێما" لە ٢٣ ١٩٩٩/٧ کۆچی دوایی کرد. ئەو لە بەرز کردنەوەی مووچە لە هەموو شوێنەکانی کار وەك کارەکانی دیکەی سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

# Valentina Vladimirovan Nikolayeva Tereshkova

## ڤالێنتیا ڤلادیمیروڤنا نیکۆلایڤا تیریشکۆڤا



"ڤالێنتیا ڤلادیمیروڤنا .ن. ت." لە ١٩٣٧/٣/٦ لە "ماسلینیکۆڤو"ی روسیە لە دایك بوو. ساڵی ١٩٦١ داوای کرد لە بەرنامەیەکی گشتی ئاڵمانی بەشداری بکات. داواکەی ئەو بەو هۆیەی پاراشوت باز بوو وەرگیرا. ئەو پێشتر لە کارگەیەکی قوماش کاری دەکرد. لە ساڵی ١٩٦٢ هەتا ١٩٩٠ "ڤالێنتیا" بووە ئەندامی پارڵمانی یەکیتی سوسیالیستی سوڤییەت.

لە ١٩٦٣/٥/١٦ بووە یەکەمین ژن کە لە گەڵ "ڤوستوکی ٦" چووە ئاسمان. ئەو ٤٨ جارو بۆ ماوەی ٧١ جار بە خولگەی زەویدا سووراوە. رۆژی نۆزدەی شەش گەراوە بۆ زەوی. بەدوای ئەو ئەزموونەدا پرۆگرامەکەی بەجیٚ هێشت. رۆژی ١٩٦٣/١١/٣ "ڤالێنتیا" لەگەڵ یەکێك لە گەشتیارە ئاسمانییەکان بە





ناوی"ئاندریان نیکولایڤا" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. یەکەمین کچەکەیان "یالینا" ساڵی ١٩٦٤و لە ئاسمان کاتێك دایكو باوکی لە گەشتی ئاسمانیدا بوون، چاوی بە دونیا هەڵێنا. "ڤالێنتیا" دواتر لە هاوسەرەکەی جیا بوەوە. لە ساڵی ١٩٧٤ هەتا ١٩٩٠ "ڤالێنتیا" ئەندامی شاندی بەرزی بەرێوەبەری سوڤییەت بوو. ئەو شاندەی جێگەی تایبەتی لە بەرێوەبردنی حکوومەتی سوڤییەت دا هەبوو.

"ڤالێنتیا" بە پاڵەوانی یەکیتی سوڤییەت ناو برا. ئەو لە لایەن "لێنین"ەوە دوو جار پلەی پێدرا کە لەو سەردەمەی روسیەدا خەڵاتێکی گرنگ بوو.

# Margaret Thatcher
## مارگارێت تایچێر




"مارگارێت هیلدا روبێرتس" ساڵی ١٩٢٥ لە "گرانتام"ی ئینگلیز لە دایك بوو. ئەو بڕوانامەی کیمیای لە زانکۆی "ئاکسفۆرد" وەرگرت. لە ساڵی ١٩٧٤ هەتا ١٩٥١ ئەو وەك لێکۆڵەرەوەیێکی کیمیا کاری دەکرد. ساڵی ١٩٥١ لەگەڵ پیاوێك بە ناوی "دێنیس تایچێر" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. دوو ساڵ دواتر واتە لە ساڵی ١٩٥٣دا دوای تێپەرکردنی تاقیکاریەك بووە پارێزەری باج. ساڵی ١٩٥٩ لە لایەن پارتی پارێزگارانەوە بە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی هەڵبژێرا. ئەمە یەکەمین هەنگاوی ئەو لە سیاسەتدا بوو کە دواتر بووە بەشێکی گرنگ لە ژیانی. لە ساڵی ١٩٧٠ هەتا ١٩٧٤ بووە وەزیری زانستو پەروەردە لە کابینەی "ئیدوارد هیت". کاتێك ئەو پۆستەی وەرگرت، بڕیاریدا ئەو شیرەی لە قوتابخانەکان بە منداڵان





ئەدرێت، هەڵیگرنەوە کە ئەم کارەی رەخنەی زۆری ئاراستە کرد.

ساڵی ١٩٧٥ "مارگارێت" بووە رێبەری پارتی پارێزگاران. ساڵی ١٩٧٩ ئەو پارتە سەرکەوتنی بەدەست هێنا. هەر ئەو ساڵە "مارگارێت" وەك یەکەمین ژن لە ئینگلیز بە سەرۆك وەزیر هەڵبژێرا کە لە ساڵی ١٩٧٩ هەتا ١٩٩٠ ئەو ئەرکی بەرێوە ئەبرد. ئەو هەتا ئەو کاتە یەکەمین کەس بوو کە سێ جار بەدوای یەك دا ببێتە سەرۆك وەزیر. "مارگارێت" دەسەڵاتی حکوومەتی لە ئابووری ئینگلیزدا نزم کردەوەو درووست کردنی خانوو، پەروەردەو چاوەدێرییە تەندروستییەکان کردە کەرتی تایبەتی.

ساڵی ١٩٨٢ دورگەکانی "فاڵکلەند" کە ئەرژانتینو بریتانیا خاوەنی هاوبەشی ئەو دورگانەن، لە لایەن ئەرژانتین ەوە بە تەواوی داگیر کران. لە هەڵوێستێك دا "مارگارێت" بۆ وەرگرتنەوەی ئەوان هێزەکەی خۆی نارد توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ. مانگی ٥ی ١٩٨٣ جارێکی دیکە پارتی پارێزگاران لە هەڵبژاردندا سەرکەوتنی وەدەست هێنا. بەڵام مانگی ١٠ی ١٩٨٤ هێرشێکی تیرۆریستی کرایە سەر "مارگارێت". بەخۆشیەوە. لەو تەقینەوەیە کە لە هوتێلی گەورەی "برایتۆن" روویدا، رزگاری بوو، بەڵام لە مانگی نوامبری ١٩٩٠ دەستی لە کار کێشاوە.

# Alexandrine Pieternella Francoise Tinne
# ئالێکساندراین پتێیرنێلا فرانکویس تین

" ئالێکساندراین پتێیرنێلا فرانکویس تین" ١٨٣٥/١٠/١٧ لە هوڵەند لە دایك بوو. ئەو دۆزەرەوە و گەشتیاری باکووری ئەفریقا بوو. بەڵام لەو سەردەمەدا شتێکی سەیرو ناجۆر بوو کە ژنێکی گەشتیار بچێتە کیشوەرێکی دیکە. یەکێك لە ئامانجەکانی ئەو هەڵگرتنی وێنە لە "نیلی سپی" لە سوودان بوو. ساڵی ١٨٦١ یەکەمین سەفەری خۆی لەگەڵ پووریو دایکی بۆ "نیل" کرد. ئەو لەوێوە چوو بۆ "گۆندۆ گۆرۆ"ی سوودان کە بەنیاز بوو لەوێ چاوی بە گەشتیاری بریتانیای "جان هانینگ سپێیك" بکەوێت. هەر چەند "جان" هەرگیز نەهاتە ئەوێ، "ئالێکساندرین" بڕیاری دا بۆ خۆی لە سەر  سەرچاوەی "نیل" لێکۆڵینەوە بکات.

ئەو چوو بۆ لای خۆرئاواوە هەتا نزیکی رووباری "غەزەل"و رووباری "سوبات" رۆیشت. لە نزیکی گۆلی "چاد"، بەتایبەت سەرچاوەی "نیل" لێکۆڵینەوەی کرد. بەداخەوە لە ماوەی سەفەرەکەدا دایکیو پووریو چەند کەسێکی دیکە بە هۆی "تەبو یاوەوە" مردن.





ساڵی ١٨٦٣ " ئالێکساندراین" جارێکی دیکە سەفەری بۆ "نیل" رێکخست. ئەو چووە ناوچەیەك کە پێی دەوترا "ئازاند" لە نزیکی سەرچاوەی باکووری خۆرهەڵاتی رووباری نیل هەڵکەوتبوو. بەدوای ئەم گەشتەیدا هەتا ساڵی ١٨٦٧ لە "قاهیرە"ی پێتەختی میسر نیشتەجێ بوو. ساڵی ١٨٦٩ جارێکی دیکە بارگەوبنەی بۆ گشتی ئەفریقا بەستەوە. ئەو دەیەویست وەك یەکەم ژن سەفەرێك بۆ "دەشتی ساهارا" بکات. چاوەروانی کاروانێکی عەرەبی دەکرد کە لەگەڵیان بە کوێرە رێکاندا بڕوات، بەڵام بڕیاریدا لەگەڵ رێنیشاندەرێك بۆ دیتنی خێڵەکانی "توارگ"و "هۆگری ئەوان بە کۆچبەری بکەوێتەرێ. رۆژی ١٩٦٩/٨/١ لە نزیکی لیبیا رفێندراو لە دەشتی "لیبیا"و سەر رێگای "تریپولی" بۆ گۆلی" چاد" بەدەست رێبەرە "توراگی"یەکان کوژرا. ئەو دەیەویست چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکات بەڵام ئەوان کوشتیان.

# Sojourner Truth

## سوجور نێر تراس



"سور جونێر تراس" کە ناوی راستەقینەی خۆی "ئیزبێلا باوفری" بوو، لە گوندێکی سەر بە ئەیالەتی نیویورك چاوی بە دونیا هەڵێنا. باوكو دایکی کۆیلەو خاوەنی سێزدە منداڵیش بوون. ئەویش هەروەك باوكو دایکی بووە کۆیلە. کاتێك تەمەنی گەیشتە یازدە ساڵ فرۆشرا. سەرەتا هەر بە زمانی هوڵەندی دەیزانی قسە بکات، بەڵام بە خێرایی لە کۆمپانیای خاوەنە دڵرەقەکەی فێری ئینگلیزی بوو. خاوەنی سێهەمی ئەو"جان دا مونت"، " ئیزابێلا"ی بە زۆر لە کۆیلەیەکی دیکەی خۆی بە ناوی "توماس" مارە کرد کە دواتر بوونە خاوەنی ٥ منداڵ.

"دامونت" ساڵێك پێش رزگاری لە نیویورك لە ساڵی ١٨٢٨ " ئیزابێلا"ی ئازاد کرد. بەڵام "دامونت" قسەکەی خۆی خواردەوەو " ئیزابێلا" بە منداڵەکەیەوە هەڵات. دواتر بۆ ژیان کردن چووە نیویورك، لەوێ وەك خزمەتکارێکی ئیماندار لە





ماڵاندا کاری دەکرد. ساڵی ١٨٤٣ هەناردەیەکی رۆحی پێگەیشتو ناوی خۆی کردە" سور جونێر تراس". ئەو بۆ "کەنێتیکت"و "نیویورك" سەفەری کرد وەك رزگاریدەرێك لەسەر خوا قسەی دەکرد.

سەرەنجام لە "نورتامپتون "ی "ماساچووست" نیشتەجێ بوو. لەوێ پێوەندی کرد بە "ئەنجوومەنی نورتامپتون" بۆ پەروەردەو سەنعەتو لەگەڵ "ئولیور جیلبێرت"، "ویلیام لیود گارسیون"و "فریدریك دوگلاس" بۆ هەڵوەشاندنەوەی کوێلەیی تێدەکۆشان.

ساڵی ١٨٥٠ "سور جونێر" کتێبێکی بە ناوی "چیرۆکی سور جونێر تراس: کۆیلەیی باکوور" چاپ کرد. ساڵێك دواتر لە "ئاکرونی ئوهایو" لە کۆڕێکدا لە سەر مافی ژن قسەی کرد. دوای شەڕی مەدەنی " سور جونێر" یارمەتی کۆیلە تازە رزگار بووەکانی باشووری ئەکرد. ئەو داوایەکی بۆ کونگرە نارد کە تێیدا داخوازی هێندێك زەوی لە ناوچەی "خۆرئاوای نویێ" بۆ کۆنە کۆیلەکان کردبوو. بەڵام داواکەی پەسند نەکرا.

" سور جونێر تراس" مانگی ١١ی ١٨٨٣ لە "باتێل کریکی میشیگان" کۆچی دوایی کرد.

# Harriet Tubman
## هاریەت توبمەن



"یـان هـەڵ دێـن یـان دەمـرن" ئەمە دروشمی "هاریـەت توبمـەن" بـوو، کاتێـك کۆیلەیـەك بـۆ یـەك چرکە بیری لە هەڵاتن دەکردەوە.

"هاریــەت" لــە بنەماڵەیــەکی کۆیلە لە "پوك تاون"ی "مریلەند" لـە دایـك بـوو. ئـەو یـەکێك لـە ١١ منـــداڵی بنەماڵەکـــەی بـــوو.

"هاریەت" هەر لە تەمەنی ٥ ساڵییەوە هەستی بە ئازاری رۆحی دەکرد. لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا کاتێك لە هەوڵی پشتیوانی کردن لە کۆیلەیـەك لـە بەرانبـەر خاوەنەکەیـدا بـوو، سـەری شـکا. لـە سـەردەمی تـازە لاوییـدا لەگـەڵ براکـانی تێدەکۆشـان ترسـی کۆیلـەکان بـشکێنن. هەرچـەند ڕاسـپاردەی ئـەوان بـۆ هـەڵاتن کاریگەری نەبوو، چوونکە ئەوانیان دەگێراوە بۆ خاوەنەکانیان.

هاوینی ١٨٤٩ بە مەبەستی وەدەست هێنانی زانیاری لەسەر قەتاری ژێر زەوی تەنیا پێخەفەکەی خۆی فرۆشت، بـەڵام دوای





ماوەیـەکی کـورت هـەڵات. ئـەو هـیچ پلانێکـی بـۆ خـۆ شـاردنەوە نەبوو. بەڵام بەنیاز بوو بچێت بە دوای ئەکتەرێکی باکووردا. ئـەو چووە "فیلادلفیا"، بـەڵام بـە خێرایـی تێگەیـشت ئازادی بەتـەنیا خۆش نییە.

لە ساڵی ١٨٥٠ هەتا کاتێ دەستپێکردنی شەڕی مەدەنی  ئەو بـە هاوکـاری "تومـاس گارێـت"و چـەند کەسـێکی دیکـە یارمـەتی زیـاتر لـە ٣٠٠ کوێلـەی هـەڵاتووی کـرد. زۆربـەی ئـەوانی بـرد بـۆ شەقامی "کاترین"ی کانەدا کە لـەوێ ئەمنیـەتیان دەپـارێزرا. لـەو کاتەدا  بڕی ٤٠٠٠٠٠ دۆلاری خەڵاتی بۆ گرتنی دانرا بوو، بـەڵام هەرگیز نەگیرا. لە ماوەی شەڕی مەدەنیدا "هاریـەت" پـەرەستارو پێشرەو بوو هاورێکەی ئەو "توماس گارێت" ساڵی ١٨٧١ مرد. "هاریـەت" چـەندین سـاڵ دوای ئـەو لـە سـاڵی ١٩١٣دا کۆچـی دوایی کرد. ماوەی ژیانی ئەو بە روونی نازانرێ چوونکە کاتی لە دایك بـوونی نادیـارە زانیاریـەك لەسـەر تەمـەنی لەبـەر دەسـت دا نییە. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە لە نێوان ساڵی ١٨١٦ هـەتا ١٨٢٣ لـە دایـك بووبێـت. " هاریـەت توبمـەن"، "مووسـای خەڵکەکـەی خۆی بـوو" ئـەو شـایانی ئـەو ناوەیـە چونکـە چـەندین فیداکاریو قارەمانیەتی بۆ رزگار کردنو دابین کردنی ئاسایش بۆ کویلـەکان رەخساند.

# Tzu His
## تزو هسی


©1998 The Learning Company, Inc.

"تزو هسی" ١٨٣٥/١١/٢٩ لە "پیکەن"ی چین لە دایك بوو. ئەو بۆ ماوەی چەند ساڵێك بووە ئەویندارو هاوسەریی کاتی ئیمپراتۆر "هسیەن فێنگ". پاشان لە ساڵی ١٨٥٦ کورێکی لێی بوو کە ماوەیەکی کورت دوای لە دایك بوونی "تانگ چی"ئیمپراتور کۆچی دوایی کرد. لە دوای مەرگی ئەو کوڕەکەی بووە ئیمپراتوری بەڵام بە هۆی ئەوەی زۆر منداڵ بوو گروپێکیان لە بە تەمەنەکان پێك هێنا بۆ ئەوەی کاروباری حکوومەت بەڕێوە بەرن، بەڵام گرنگترین بڕیارەکان لە لایەن "تزو هسی"و دوو کەسی دیکەوە دەدران.

لەو ماوەیەدا "تزو هسی" رۆڵی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەگێڕا. حکوومەت گیانێکی نوێی وەبەر هاتەوە، شۆڕشی گەورەی "تایپینك" سەرکوت کرا، شۆرشی "نییەن" ڕاگیرا، فێر بوونی زمانە بیانییەکان هاتنە نێو پرۆگرامی خوێندنەوە، گومرك دانرا، چەك و تەقەمەنی، لە شێوازی رۆژئاوایی دروست کراو





یەکەمین ئۆفیسی دەرەوەی چین دامەزرا. ساڵی ١٨٧٣ کوڕەکەی "تزو هسی" گەورە بوو ئەو کات توانی بە تەواوی رۆڵی ئیمپراتورێك بگێڕێ. بەڵام خۆی هەروا خاوەنی دەسەڵات بوو. ئەو برازاکەی خۆی کە سێ ساڵ تەمەنی بوو بە میراتگر دانا و خۆیشی وەك جێگرێکی ئیمپراتور کاری دەکرد. ساڵی ١٨٨١ یەکێك لە هاوکارانی واتە جێگرێکی ئیمپراتور مردو دوای دوور خستنەوەی ئەوی دیکەیش خۆی بووە تەنیا جێگری شا.

ساڵی ١٨٨٩ "تزو هسی" دەستی لە کار کێشاوەو لە ماڵەکەی خۆی لە پێکینگی باکووری خۆرئاوا ژیانی ئاسایی دەست پێکرد. بەڵام لە ساڵی ١٨٩٨دا ئیمپراتور هێندێك پێشنیاری رادیکاڵی بۆ راگرتنی گەندەڵی لە چین هێنایە ئاراوە کە بە لای "تزو هسی"یەوە گونجا و نەبوون. هەر بۆیە ئەوی لە ماڵەکەی خۆی دەست بەسەر کردو بۆ خۆی وەك جێگری ئیمپراتوری جارێکی دیکە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت. ساڵی ١٩٠٠ شۆرشی "بۆکسێر" سەری هەڵدا کە "تزو"ی ناچار کرد پێکینگ بەجێ بێڵێت و هەر بە ناچاریش گرێ بەستی ئاشتی پەسند کرد. ساڵی ١٩٠٢ لە بیروکەکانی ساڵی ١٨٩٨ی پاشگەز بوەوە، بڕیاری‌دا کە بۆ سڕینەوەی گەندەڵی لە چین هەتا ئەو جێگای لە دەستی دێت هەوڵ بدات.

"تزو هسی" ١٩٠٢/١٢/١٥ لە پێکینگی چین رۆژێك دوای مردنی ئیمپراتور کۆچی دوایی کرد.

# Yoshiko Uchida
## یوشیکۆ ئوچیدا



بەداخەوە ئەم توانی زانیاری زۆر لەسەر "یوشیکو"بدۆزمەوە بەڵام هێندێك لە کتێبەکانیم وەدەست کەوت. کە ئەم زانیاریان لەوانە وەرگیراون. ئەو ساڵی ١٩٢٢ لە "ئالامێدا"ی "کالیفرنیا" لە دایك بوو کاتێك تەمەنی گەیشتە ١٢ ساڵ بە هۆی ئەوەی رەگەزی ژاپۆنی بوو، بۆ دیتنی ئەو وڵاتەو کولتووری نیشتمانی دایکی سەفەرێکی بۆ ئەوێ کرد. لە هەر حاڵدا جارێك چوون بۆ ئەوێ نەیتوانی هەستی ئەو بەرانبەر بە نیشتمانەکەی بگۆرێ. لە راستیدا ئەو تووشی ئاڵۆزیەك لە هەستی دا ببوو کە بە تەواوی خۆی بە هیچ کامیان، ژاپۆنی یان ئەمریکایی نەدەزانی. لە ماوەی شەری دووهەمی جیهانیدا ئەو کاتەی دواین ساڵی لە زانکۆی" بێرکلی" تێپەر دەکرد، ناردیانە کەمپێکی دەست بەسەری ژاپۆنی ئەمریکایەکان. لەوێ لە ژێر توونـدو تیژی و رەگەز پەرستیدا زۆری رەنج کێشا . ئەو



سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا

کردەوانە زیاتر بە هۆی هێرشی تەقینەوە بۆ سەر "پیرل هاربۆر" لە لایەن ژاپۆنییەکانەوە پێش دەست پێکردنی شەر لای ئەمریکایەکانەوە سەری هەڵدا بوو. وڵاتەیە کگرتووەکان بە ژیانی ئازادانەی بەرەگەز ژاپۆنییەکان لەناو شارەکانی ئەو وڵاتەدا نەیدەتوانی هەست بە ئاسایش بکات. ئەم ئەزموونە بووە هۆ کارێك کە "یوشیکۆ" ببێتە نووسەر سەبارەت بە ئەزموونی ژاپۆنی ئەمریکایەکان کتێب بۆ منداڵان بنووسێت.

ساڵی ١٩١٧ کتێبی "سەفەر بۆ توپاز"ی چاپ کرد، بۆیە ناوی سەفەر بۆ تۆپازی لێ نابوو، چوونکە باسی لە ئەزموونی بنەماڵەیەکی ژاپۆنیو کاریگەریەکی کەمپی دەست بەسەری "توپۆزی ئوتا" لە سەر ئەوان دەکرد. لەو رۆمانەدا باس لە کچێك بە ناوی یوکی دەکات کە بە ناچاری سەبارەت بەو کەسانەی "پیرل هاربۆر"یان تەقاندەوە مامەڵە لەگەڵ هەستی خۆی دەکات کە ئایا ئەو ئەمریکاییە یان ژاپۆنی. لە کۆتاییدا "یوکی" تێدەگات کە لە راستیدا هەم ئەمریکاییەو هەم ژاپۆنی.

ساڵی ١٩٨٢ "یوشیکۆ" کتێبێکی دیکەی بە ناوی "بزووتنەوەیەکی خەونەکان" بڵاوکردەوە. چیرۆکی ئەم کتێبە باس لە کچێك بە ناوی "رینکی" دەکات کە ناچارە لەگەڵ هەڵسووکەوتی رەگەزپەرەستی کە لە لایەن چەند پیاوی سپی پێستەوە بەرانبەر بە باوکی دەکرێت ژیان بەسەر بەرێت. بەڵام سەرەنجام باوکی رووبەرووی پیاوەکان دەبێتەوەو ئاکامەکەی بە

قازانجی خۆی‌و شکستی پیاوە سپی پێستەکان کۆتایی پێدێت. ئەم رۆمانە بە هۆی وروژاندنی کێشە هاوبەشەکان بەڕادەیەکی بەرز ستایش کرا.

کتێبی "دورخراوە لە نیشتمان" کە لە ساڵی ١٩٨٢ لە لایەن یوشکیۆوە بلاوکراوە، درێژەدەری ئەزموون‌و زانیارییەکان لە ماوەی ژیانی لە کەمپەکاندا بوو.

"یوشیکۆ" ساڵی ١٩٩٢ کۆچی دوای کرد.





## phyllis wheatley

## فیلیس ویتلی



یەکەمین شاعیری ئەفریقایی ئەمریکایی "فیلیس ویتلی" ساڵی ١٧٥٣ لە سێنێگاڵی ئەفریقا لە دایك بوو. کاتێك حەوت ساڵ تەمەنی بوو بە "جان"و "سوزنا ویتلی" فرۆشراو لە ئەفریقاوە بردیان بۆ "بۆستون"ی ماساچووست لە ئەمریکا. لە سەرەتادا بنەماڵەی "ویتلی"، "فیلیس" یان لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا فێری نوسین‌و خوێندنەوەی ئینگلیزی کرد. ئەو نووسراوەکانی لاتین، یۆنانی کۆن‌و کتێبە ئایینییەکانی دەخوێندەوە. "فیلیس" لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا یەکەمین شیعری خۆی نووسی.

ساڵی ١٧٧٠ لەسەر مەرگی "جورج وایت فیلد" بانگهێشتەکاری ئایینی مەسیح شیعرێکی نووسی. ئەم شیعرە جێگای ئەوی لە ناو هەست‌و ناخی خەڵکی "بۆستون"دا

کردەوە. ساڵی ١٧٧٣ کۆمەڵێك شیعر لەسەر بابەتی جۆراوجۆر لە پێوەندی لەگەڵ ئایین و ئێخلاق کە ژمارەیان ٣٩ شیعر بوو، بڵاوکردەوە. زۆربەی ئەو شیعرانە شینگێڕانەو بەشێوەی دوو خشتەیی داڕێژرا بوون. ئەوە یەکەمین کتێبە کە لە لایەن ئەفریقایی ئەمریکاییەکانەوە نووسراوە.

سەرنجام "فیلیس" ئازادی وەدەست هێنا و لە ساڵی ١٧٧٨ لەگەڵ پیاوێکی ئەفریقایی ئەمریکایی ئازادکراو ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. ئەو لە هەژاریدا مرد، بەڵام مەرگی کۆتایی هێنەری کاریگەری ئەو نەبوو، ساڵی ١٨٣٠ لایەنگرانی رزگاری لە کۆیلەیی لە شێعرەکانی ئەو وەك بەڵگە کەڵکیان وەردەگرت کە کوێلەکان دەبێ ئازاد بکرێن.





# Mary Wollstonecrart
## مەری وڵستۆنکرافت



"مەری" لە داواکارییەکدا بۆ مافی ژن دەڵێت "عەدالەت بۆ نیوەی کۆمەڵ"

" مەری وڵستۆنکرافت" ساڵی ١٧٥٠ لە دایك بوو. ئەو پشتگیریکارێکی گەورەی مافی ژنان بوو. ئەو هەر لە سەردەمی منداڵییەوە لەژێر کاریگەری هەڵسووکەوتی باوکی بەرانبەر بە دایکی و لایەنگری باوکی لە براکانی دەستی بە پشتگیری لە ژنان کرد. "مەری" بڕیاریدا نابێ لە داهاتوودا بە ئاسانی ئامادە بێت چێشت لێنێ، ماڵ خاوێن کاتەوەو چاوەدێری لە هاوسەرەکەی، ماڵەکەی و منداڵەکانی بکات. لە تەمەنی ١٩ساڵیدا "مەری"بووە هاودەمی ژنان و لە تەمەنی ٢١ ساڵی‌دا بڕیاریدا ژیانی هاوبەش پێك نەهێنێ، چونکە هاوسەرەکەی ئەبووە خاوەنی هەموو دارییەکەی و تەنانەت خۆشی. هەر بۆیە خۆشکەکەی لە پێك هێنانی ژیانێکی هابەشی پڕ مەترسی رزگار کرد. "مەری" بۆ ماوەی ٧ ساڵ وەك

چاوەدێریکاری منداڵان کاری کردو پلانی بۆ داهاتوو دارِشت.

کاتێك تەمەنی گەیشتە ٢٨ ساڵ رۆمانێکی بە ناوی "ماریا" نووسیکە بەشێك لە ژیاننامەی خۆی بو. پاشان چووە لەندەن و لەوێ بووە سەرنووسەرو نووسەرێکی لێهاتوو، کە گرینگییەکی زۆری بە ژنان ئەدا. ساڵی ١٧٨٩ شۆڕشی فەرانسە دەستی پێکردو ئەو رووداوە ئیلهامدەری هۆگری "مەری" بۆ سیاسەت بوو. ساڵی ١٧٩٠ وتارێکی لەژێر ناوی "پشتیوانیەك لە مافی پیاوان" نووسی کە تیشکی خستبوە سەر ئامانجە مرۆڤ دۆستانەکەی شۆڕشی فەرانسە. پاشان لە ساڵی ١٧٩٢ ئەو باسەی بە لێکۆڵینەوەیەك لەژێر ناوی "پشتیوانیەك لە مافی ژنان" درێژەدا.

هەستی مەری بەرانبەر بە پیاوان لە ساڵی ١٧٩٢دا گۆڕا ئەو لەگەڵ پیاوێکی خێزاندار بە ناوی "هێنری فوسێلی" ئەویندراری دەکرد. دوو ساڵ دواتر لەگەڵ پیاوێك بە ناوی "جیلبێرت ئیملای" پێوەندی گرت. بە وتەی جیلبێرت بۆیە ئەوی کرد بووە خێزانی خۆی کە لە مەترسی زیندان بوون و کوشتن رزگاری بکات، بەڵام هەرگیز ژیانی هاوبەشیان پێك نەهێنا. پاش ماوەیەك لە مانگی ٥ی ١٧٩٤دا کچێکی لێی بوو. دوای لە دایك بوونی "فانی" کە ناوی کچەکەیان بوو "جیلبێرت" بەجێیهێشتن. بە هۆی ئەو رووداوەوە مەری تووشی خەمۆکی بوو لە ئاکام دا دووجار هەوڵی خۆکوژیدا بەڵام بەخۆشیەوە سەرکەوتوو نەبوو.





ساڵی ١٧٩٦ "مەری" لەگەڵ کەسێکی دیکە پێوەندی گرت، ئەم پێوەندییەی لەگەڵ فیلەسووف و رۆمان نووس "ویلیام گودین" بوو. ئەوان لە مانگی مارسی ١٧٩٧ ژیانی هاوبەشیان پێك هێنا. رۆژی ١٧٩٧/٨/٣٠ بوونە خاوەنی منداڵێك بە ناوی "مەریشێلی" (نووسەری فرانکێنستەین). بەڵام لە کاتی منداڵ بون دا بە هۆی نەهاتنە دەرێی پەرۆلە ، پزیشك ناچار بوو نەشتەرگەری لە سەر بکات. بەداخەوە برینەکەی چڵکی کردو لە ١٧٩٧/١١/١٠ دا کۆچی دوایی کرد. دوای مەرگی "مەری"، "ویلیام" بۆ رێز گرتن لە ئەو کتێبی "یادەوەرییەکانی نووسەری پشتیوانی لە مافی ژنان"ی نووسی.

# Rosalyn Sussman Yalow
## رۆزالین سوزمەن یالۆ




"رورزالـــین ســـوزمەن یـــالۆ" ١٩٢١/٧/١٩ لــە شــاری نیویــورك لــەدایك بــوو. ئــەو چــووە كولیــژی "هــانتێر"و زانكــۆی "ئیئلینــویز"و ساڵی ١٩٤٥ بڕوانامـەی دوكتـورای لە فیزیا وەرگرت.

لـە سـاڵی ١٩٤٥ هـەتا ١٩٥٠ لـە كولیـژی "هـانتێر" وانـەی دەوتەوە.

ســـاڵی ١٩٤٧ بـــووە ئەنـــدامی ســـتافی نەخۆشـــخانەی "بـرونكس"و لـە خوێنـدنگای پزیـشكی "مونـت سـینایی" وەك پروفیـسۆری لێكۆڵینـەوە خزمـەتی دەكـرد. ئـەو ٣٠ سـاڵ دواتـر بـــەهۆی لێكۆڵینـــەوە سوودبەخـــشەكانی لـــە بەدواداچـــونە پزیشكییەكان دا خەڵاتی پزیشكی نۆبێڵی وەرگرت.

"روزالین"و هاوكارەكەی بەرپرسایەتی بەكار هێنـانی پێكهاتـە كیمیایی (I) یان وەك ماددەیەك بۆ دۆزینەوەی هۆكاری نەخۆشی "تیروییـد" بــە ئەســتۆ گــرت. ئــەوان لەســەر بڵاوكردنــەوەی





"پروتوئین" لە ناو لەشی مرۆڤ دا لێكۆڵێنەوەیان كرد. هـەروەها لەسـەر، مەعیـدە، هورمـونی پـاراتیرود، هۆرمـونی گەشـەكردنی مرۆڤ و "كورتیكوتروفین" زانیاریان وەدەست هێنا.